# هێندێک گوتار و شیعر



شێرکۆ هەژار

٢٠٢٤

**ناوەرۆک**


لەجیاتی کلّیشەکان با ئالّۆزیی ژیان ببینین .......................... ٥-٨

کۆماری کوردستان سەربەخۆ بوو و سەربەخۆ نەبوو .............. ٩-١٤

سەنعەتی سیاسەت و پێمەڕەی چارەنووسساز ........................... ١٥-١٨

شتێک لە فەرهەنگ ......................... ١٩-٢٢

یادی یازدەی ئەیلوولی١٩٦١پیرۆز بێت ......................... ٢٣-٢٤

خەباتی باشتر دەکرێت ؟ ئێ کە دەکرێت بۆچی نایکەن ؟ .............. ٢٥-٣٠

ئەخلاق لە نێوان زینات خانم و تاها حوسێن و ئەم دوو جار دکتۆرەدا ٣١-٣٩

ئینگلیس، کە میللەتانی خواردوون و خواردوونەتەوە .............. ٤٠-٤١

لە نێوان سویفت و جۆنسندا ......................... ٤٢-٤٣

راکردن لە کامپی ١٤ ......................... ٤٤-٤٩

وا چینی دەکەونە قسە ......................... ٥٠-٥٢

ئایەتی قورئانیش دەکرێت بۆ هەر مەبەستێک بەکاربهێنرێت ٥٣-٥٤

کتێبی بیرەوەری ......................... ٥٥-٥٨

بیرەوەرییەکانم - فاروق مەلامستەفا ......................... ٥٩-٦٠

بیرەوەریەکانم لە سالانیی١٩٤٣-١٩٧٧دا، زرار سلێمان بەگ دەرگەلّەیی ٦١-٦٢

ماستەر لەسەر هەژار ... ئای چ ماستەر ......................... ٦٣-٦٤

مرۆڤی بەجێ لە کاتی بەجێ لە شوێنی بەجێ یا :

مرۆڤی نابەجێ لە کاتی نابەجێ لە شوێنی نابەجێ......................... ٦٥

چەچان ئاغای بەڕێز و ژیر ......................... ٦٦-٦٧

فڕینی دوور، شیعر و گێڕانەوەی ناسری حیسامی .............. ٦٨-٧١
کە دەتبینم بەهارێک دێ بە جارێ - ناسری حیسامی .............. ٧٢
چۆن شاعیرێک شینی شاعیرێکی دی دەکات ......................... ٧٣-٧٩
رووحی نائارامی لۆرکا لە چی دەگەڕا ؟ ......................... ٨٠-٨٩
بەیتی سێ رووبار - فێدەریکۆ گارثییا لۆرکا ......................... ٩٠-٩٣
گۆرانیی سێڤییی ( ئەشبیلی ) - فێدەریکۆ گارثییا لۆرکا .............. ٩٤-٩٥
گۆرانیی سوار،١٨٦٠ - فێدەریکۆ گارثییا لۆرکا .............. ٩٦-٩٩
کۆرذۆڤا - فێدەریکۆ گارثییا لۆرکا ......................... ١٠٠-١٠١
شیعری ٢٠ : ئەمشەو دەتوانم خەمبارترین دێڕی شیعران بنووسم -
پاڤلۆ نێروودا ......................... ١٠٢-١٠٤
شکور خەیات (١٩٤٠-٢٠٢٣) ......................... ١٠٥
سۆفۆنیسبا ئانگویسسۆلا ......................... ١٠٦-١٠٧

١

مەڵبەنـدە جیاوازەکانی دنیا، بەگوێرەی هەلومەرجی جیاوازیان، رێگەی جیاوازی پەرەسـەندن دەبڕن . بە نموونە : ئەو رێگەیەی کە هۆڵەندا بۆ بوونە نەتەوە گرتی ( دەرەبەگێکی ئەڵمان بە فەرمانی ئیمپراتۆرێکیئیسپانیی لێ دامەزرا و بازرگانی لێ کۆبوونەوە... ئیدی و، دوای ئەوە چینەکانی کـۆمەڵگەی هـۆڵەندی بۆ دیموکراسیی سـەرمایەداری پێدا رۆیشتن، هیچی فـڕی بە سەر ئەو رێگەیەوە نیە کە خەڵکێک بە دەوری بنەماڵە و قەبیلەکانی خەلیجەوە دەبن بە نەتەوە و، بە بازرگانانێکی گەورە : ئەوەی کە دەیەوێت بـەندەرەکانی ئـەمریکا بە قۆنتەرات بۆ خۆی بگرێت، ئـەوەی دەیـەوێت لە مـەیدانێـک لە مەیدانەکانی تـری بـازاڕی سـەرمایەداریی دنیادا دەوڵەمەند ببێت و...ئیدی . هەمووی دەوڵەمەندە . ژنی خەلیجی پێویستی بەوە نیە بە تەپڵێکەوە وەدووی " ژانپۆل مارا "یەکی پـاریس بکەوێت، بە تەپڵێکەوە هاوار لە رژیمی پادشا بکات : برسـیمانە . نا، خانووی باش و خۆراکی باش و پۆشاکی باش و چەند شـۆفێری هیندیی باش و ملقەوی و زۆر شتی باش، ئیدی بۆچی وەکو کچێکی پـاریسی بە شـەقامەکاندا بسوورێتەوە و هاوار بکات : برسـیمانە ؟ نـە برسییەتی و نـە هیچ . " نـەوت، گاز"یش بۆ ئـەوان بە کـردار جێگەی فەتوای عولەمای ئەفازیلی جاران دەگرنەوە : ئـاڵای کوردسـتان بۆ میوانی کـوردیان هەڵدەکەن و، منەتیشیان بەوە نیە کە هەزاران عارەبزمانی یەمەن و سوودان ساڵانە لە برسان دەمرن . کات- شوێن- بەرژەوەندەکانی سەردەم بە دینی سەردەم ( نـەوت و گاز و... ئیدی، بە دۆلار و یورۆ و پارەی تر) چارەنووسـی ئەو قەومانە دیار دەکەن کە بۆیان دەلوێت و دەزانن چۆن بیخۆن .

٢

کـۆتاییەکانی سەدەی پازدە دالەنگانێکی گەورەی باری ئابووریی دنیای بە زیانی ئیمپراتۆریی عوسمانی بە گشتی دیت، بـەڵام لێدانی ئەمارەتەکانی کورد دواتر، کە دوامینیان بۆتان بوو، بۆ کورد هەر دالەنگان و زیان نەبوو، بگرە وەک بـڕینەوەی هەر دوو لاقی کورد بوو، کە چیتر

نـەتوانێت بـڕوات، نـەچێتە پێشەوە و، پەرەسەندنی چینایەتیی لە دەرەبەگییەوە بۆ گەشەکردنی چینی ناوەند و نەتەوایەتیی و نەتیجەکانی بەدووی ئەوەدا روو نـەدات .

کاتێک ئـەولیا چـەلەبی بە دوور و درێـژی باسـی گەشانەوەی " بتلیس" دەکات : خەستەخانە، تـەنانەت کلینیک بۆ بـاڵندەکان، کارگەی سـەعات، نـووسـین و کتێب و ئـەتڵەسی نـەخشەکان، چەند جۆر ئـەندازیاری، هـوتێل و گەشتوگوزار و زۆری دی . یا سـەرچاوەی تر چۆن باسی کارگەکانی چەکی دەوڵەتی بۆتان(بەدرخان) دەکەن . یا باسی وەستا و کرێکاران لە کاولۆکان (رەواندز) دەخوێنینەوە کە تـۆپ و تفەنگ و دەمانچەیان دروست کـردوون ... هـەموو تۆوی چینی نـاوەند و کـرێکاری کیانی نـەتـەوەیەکی نوێ دەبینین کە بە رێگەوە بوو، بـەڵام ئـەوە بە نـەمانی کیانە سیاسییەکە " سـڕایەوە" . بە " سـڕانەوە"ی کیانەکانی نیشتمانی کورد، کورد بە هەموو چینەکانییەوە گسکـدرا، مەگەر قەومێک بە بێ کیانی سیاسیی خـۆی چۆن دەمێنێتەوە و پەرە دەستێنێت ؟

ئـەوجا کاتێک نیو سـەدەیەک دوای ئـەوە، لە حاڵی کوردی لاقبڕدراوەی کەوتوو بە ئیفلیجـی لەناو جێگەدا دەنۆڕین دەبینین چۆن تووشی " ئالزهایمەر" بووە و بیـرەوەریی لە دەستداوە .

بە ئەو نیو سـەدەیە نـاوی خۆی و باوک و دایک و دەوڵەت و میر و هەموو شتی خۆی لەبیر-چووەتەوە : کاتێک " خـۆیبوون "ێک باسی کوردایەتی دەکات، ئەو هەمووە کوردە بە کافری دادەنێن! ئـاخر خەڵکینە مەگەر ئێوە دەوڵـەت و میر و گزیر و پـارە و کیانی خـۆتان نـەبوو ؟ ئەی مەگەر ئـەوە خـەون بوو ؟ چۆن لەبیرتان چووەوە ؟ نیو سەدە لە نێواندا تووشی ئالزها-یمەر و لەبیرچوونـەوەی کردن و، هەر نیو سەدەیە دیسان شـەپۆلێکی دی لەو ئالزهایمەرە لێی دەدات : عەشیرەتانێک لە دوای دووەم نیو سـەدەی دوای ئـەمارەتەکاندا، لە باسی کـۆمارێکی کوردستاندا هەر تەقەیسەریان دەهات، هەستی نەتەوایەتی نە دە سەریاندا هەبوو و نە دە هیچ کوێیاندا : عەشیرەت چاوەڕێدەکات چۆن شار تاڵانبکات، شارێک کە خەڵکەکەی دەسەڵاتی سەرڕووتەکانیان قەبووڵ نـەکردووە، بـەڵام دەسەڵاتی قازییەکیان بە پێوانەی دوور لە نەتەوا-یەتی و ئەو قسانە قەبووڵ کردووە .

ئـەویش بەسەر دەچێت، سێیەم نیوسـەدە دوای ئـەمارەتەکان، کورد دژی قـەومیەتە و یەکێتی

پرۆلیتاریای عیراق زەمین و ئێرانزەمین و تورکیا زەمین و سووریا زەمینی دەوێت، ئەدی کوردستانزەمین چی ؟ هیچ .

سێ جار نیو سەدەی " ئالزهایمەر"ی خۆ لەبیرچوونەوەی تووشبوون، تا بارزانییەک و عەشیرەتەکەی، بە شەقی عەشیرەت هاتنەوە مەیدان و گوتیان : دەی ئێستا ئەو سێ جار نیو سەدەیەی ئالزهایمەر لە بیری خۆتان ببەنەوە، چونکە ئەوەتا ئێمە میرتانین و هاتینەوە، لەو شوێنەی کە پچڕابوو گرێیدەدەینەوە و تەواوی بکەین و ئەوەی بە دڵی نیە با شەقێک دە خۆی هەڵبدات و لەم وڵاتە بڕوات، چونکە ئیتر میر هاتەوە، خۆشتان بێت و ترشتان بێت هەر ئەوەیە، نە پرۆلیتاریای عیراق زەمین و نە تەڕەماشزەمین!

## ٣

کلێشەی وڵاتانێکی زۆری ئەوروپا ( پەرەسەندنی ئەمارەت و پادشایی و بوونی بە دەوڵەتی نەتەوە)، یا داگیرکردن و دابەشکردنی وڵاتانی نوێ ( وڵاتانی ئەمریکا، ئوسترالیا ...)، یا دەوڵەت بە پاداش وەرگرتن لە دەوڵەتانی ئەوروپایی بەرانبەر خزمەت ( هاشمییەکانی عارەبستان – ئوردون و سووریا و عیراق ...)، یا کۆکردنەوەی قەومێکی پڕش و بڵاو لە لایەن سەرمایەدارانێکی رۆژئاواوە بە نەزمێکی رۆژئاوایی ( زایۆنیزم و ئیسرائیل) ... هیچ لەو کلێشانە لای کورد نەبوو .

کورد ئێستا لە چوارەم نیو سەدەی دوای نەمانی ئەمارەتەکانیدا، لە چوار کوردستانی جیاوازدا دەژیت(هۆڵەندا سەردەمێک بە رەسمی ناوی"کۆماری حەوت هۆڵەندا یەکگرتووەکان"بووە). لە یەکێک لەو چوار کوردستانە، لە ژێر ئاڵای بارزانییەکان، بناغەی ئەمارەتێکی کورد لە دارشتندایە، کە دنیا قەبوولییەتی . رژیمی ئەم ئەمارەتەی بارزانی، تاقە نیوە کیانێکی کورد لە دنیادا، رەقیبی نین . بەڵام دوژمنی زۆری کوردی هەن کە هەوڵدەدەن بە یارمەتیی بێگانە لەناویبەرن . بارزانییەکان، بە ئەزموونی زۆری نیزیکەیسەدەیەکیپادشاییان، چاک خۆیان گرتووە و هیچ وێناچێت دوژمنەکانیان پێیانبوێرن و بتوانن لەناویان بەرن .

چینیناوەندی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات کە تەئسیری رێفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور بەسەرییەوە کەم نەبوو، تا دێت پتر نیشتمانی و نەتەوەیی دەبێت و، ئیمپراتۆریی ئێران وێدەچێت رووی لە لەرزین و گۆڕانێک بێت کە کورد بە رابەریی ئەو چینەی و دەوری ژن تێدا بۆ پێشەوە بچێت .

ئاپۆپەرستەکانی باکووریش بنکەیەکیان لە رۆژئاوا هەیە و، بە جۆرێک لاساکردنەوەی فەرهەنگی سیاسیی کۆریای باکوور، بە یارمەتیی ئێران و عیراق، رووبەڕووی تورکیا دەبنەوە و دەیانەوێت هەموو پارچەکانی تری کوردستان بکەنە ئامرازی دنیای خۆیان بۆ هەر خەیاڵێک کە لە گەڵ کۆماری تورکیادا دە سەریاندا بێت ( کە هیچ روون نیە چیە) .

ئەوجا هەموو نیو سەدە چوارەمەکەی کوردی دوایئەمارەتەکان، تا ساڵی٢٠٥٠ لە جەوهەردا هەر بەمجۆرەی ئێستای رادەکێشێت و دە فەرهەنگی نیوەسەدەیی خۆیدا قەتیس دەمێنێتەوە، یا چ گۆڕانێک لە دەرەوەوە گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت، کۆمەڵگەی کورد خۆی لەوبەینەدا دەکرێت چ هێزی نوێی تێدا سەر هەڵبهێنن و چ تەئسیرێکیان بەسەر رێبازی مێژووی لەمەو-دوایدا هەبێت ؟

لە چلەکانی سەدەی رابردوودا چەند حیزب و رێکخراوی نەتەوەیی چینی ناوەندی عارەب هاتنە سەر شانۆ و دەقی نیو سەدەی پێشتری سیاسەتیان لە وڵاتەکانیاندا شکاند، بەڵام بەهۆی فەریکی و زێدە کاڵوکرچییان هیچ سەرکەوتوو نەبوون . ئایا کوردیش لەم نیوسەدەیەدا، یا نیوسەدەی پێنجەمی دوایئەمارەتەکانیدا چ هێزانێکینوێی تێدا دەبن ؟ تەئسیری"لە دەرەوەوە" هەرچی بن، خەباتکاری نەتەوەیی کورد خۆی دەبێت چ دەورێک ببینێت ؟
ئەوە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت .

# کۆماری کوردستان سەربەخۆ بوو و سەربەخۆ نەبوو!

١

ئێستا هەرێمی کوردستان سەربەخۆیە یا نیە ؟ بەشێکە لە عیراق ؟ ئەی چۆن پێشمەرگەی لە پردێ پێش بە لەشکری دەوڵەتیعیراق دەگرێت و تانکی دەشکێنێت ؟ سەربەخۆیی ناوێت ؟ ئەی چۆن ریفراندۆم دەکات ؟ مستەفا بارزانی دەیویست ببێت بە میری دەوڵەتی کورد ؟ ئەی چۆن لە بەغدا دەیگوت من سەربازی زەعیمم ( کەریم قاسم) ؟ لای مسوڵمانان مسوڵمانە و دەشچێتە ئیسرائیل و لەگەڵ کیسینجەر و کاربەدەستانی شای ئێران و مەلاکانی بەغداش کۆ دەبێتەوە ؟ قاسملو لە دکتۆرنامەکەیدا دەڵێت " جیابوونەوەی کوردستان لە دەوڵەتانی ئێستا جیابوونەوە نیە، یەکگرتنەوەیە، هەنگاوێکی یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردە "، ئەی هەمان قاسملو چۆن دەڵێت : "سەربەخۆیی چی لە ئێران ؟ ئێمە چ لەو شاخانە بکەین ؟ چۆن بێ ئێران بەو شاخ و داخانە دەژین ؟ "

بەڵێ دەکرێت کەسێک هەر یەک قسە بکات و نەیگۆڕێت، بەڵام بە یەک مەرج : هیچ فڕی بە سەر سیاسەتەوە نەبێت و، حەوت هەزار فەرسەخ لە دنیای کاری سیاسی دوور بێت... ئاگرە- سوورە لە خۆم دوورە! ئەستەغفیروڵڵا لە کاری سیاسی بکات و وا باشترە هەر بۆ تەرکی دنیا بچێتە ئەشکەوتێکیش، چونکە دنیای دەرەوەی ئەشکەوتەکە سیاسەتی تێدایە، سیاسەت کە نەک هەر دوو روویی و دوو قسەی جیاوازی هەمان مرۆڤانی تێدایە، بگرە هەزار روویی و هەزار قسەی دژی یەکتری هەمان یەک کەسی تێدایە! سیاسەت ئەوە بووە، ئەوەیە و تا - بڵێین- دوو ملیۆن ساڵی تریش، بەڵکو ئەوسا نەژادی مرۆڤ بگۆڕێت، هەر وا دەبێت .

ئەوەش بۆ شەڕەشەقی بێکاران ئێجگار زۆر خۆشە! چونکە لەو هەزار روویيەی سیاسەتی هەر نەفەرەدا هەر کام دەتوانێت بە کەیفی خۆی روویەک هەڵبژێرێت و شەق دە ئەوە هەڵبدات کە روویەکی دیکە هەڵدەبژێرێت : لە بارزانی پەڕینەوەی بۆ سۆڤیەت بە شەڕ لەگەڵ لەشکرا- نی سێ داگیرکەر و فڕۆکەی ئینگلیسیشدا هەڵبژێرێت، یا شەڕی پێرس، یا کە کە لە نیویۆرک باسی ئاڵای کوردستانی کرد کە لە ناو ئاڵاکانی سەر بارەگای یوو- ئێن نەبوو، یا باسی چوونی بۆ ئیسرائیل بکات و شەڕەشەق لەگەڵ ئەوەدا بکات کە شتێکیدی لەو هەزار رووەی عەتار-

خانەی سیاسەت هەڵدەبژێرێت، بارزانی چووە تاران و گوتی کارم تەواو بوو... تا زۆری تر . کە " شەڕ"ت بوێت فەرموو شەڕ بکە، بۆچی نایکەیت ؟ دەی هێندە لەسەر هیچ شەق دە یەکتر هەڵدەن تا ... کەی ؟ تا نەفخی صور!

٢

عاشقەکانی شەڕەشەق تا نەفخیصور کەیف کەیفی ئەوانە، شتێکیان بۆ شەڕەشەق دیتووەتەوە، کە سیاسەتمەدارێکیکورد لە باسی کۆماری کوردستاندا گوتوویە : کۆماری کوردستان دەولە- تێکی سەربەخۆ نەبووە!

ئێ ئەوجا ؟ شتێک کە نەماوە، هەرچی بووبێت، ئێستا چی لە چی دەگۆڕێت ؟

من "ئێستا" لە دەستکەوتی بەرژەوەندی"ئێستا"یخۆم دەگەڕێم : ئەگەر پێویست بکات دەکرێت سەعات حەوتی بەیانی بڵێم : کۆماری سەربەخۆ بوو، سەعات چواری عەسری هەمان رۆژ بڵێم سەربەخۆ نەبوو، سەربەخۆی چی و شتی چی ؟ دکتۆر شەرەفکەندی گوتەنی : بۆچی بە گومان خستنە سەر دڵسۆزیمان بۆ " میهن ایران" تەوهینمان پێ دەکەن ؟ ئەوە تەوهینە( لە هەمان کاتدا کە منیش - وەک ئەو- لای فەرەنسییەکان باسی مافە رەواکانی نەتەوایەتیی کورد، بە مافی سەربەخۆیی کوردستانەوە و هەڵوەشانی ئەم دەوڵەتەی " میهن ایران" دەکەم) . دوای نوێژی مەغریبی هەمان رۆژ، بین المغرب و العشاء، دەڵێم : ئەوەی راستی بێت نە سەربەخۆ بوو و نە ناسەربەخۆ بوو!، دەیکەم بە ئەو گاڵتەجارەی کە بۆ سیاسەت پێویست بێت، مەگەر من سیاسەت ناکەم ؟ بەڵام، هەمیشە یەک پێوانەم دە کاردا هەیە : بەرژەوەندی ئەو سەعاتەی کورد کە ئەو قسەیەی تێدا دەکەم لە چیدایە ؟ لە کامە قسەدایە لەوانە ؟

٣

کۆماری کوردستان چەندە " کۆماری کوردستان " بوو ؟ یا چەندە - وەک هەژار بە حەمەی عەزەدۆمی یەکەم هەڤاڵی خۆی گوت - : " کۆماری مهاباد " بوو ؟

ئەگەر هەژار هەر قەڵەمڕەوییشی رەچاو بگرتایە، دەبوو - بڵێین- بیگوتایە : کۆماری مهاباد و بۆکان و دێهاتیان، بەڵام نەک سەقز( کە سەرەکوەزیرانی کوردستان و وەزیرێک و سەدری

قازیی برای پێشەوا یارمەتیی مانەوەی حکومەتی تارانیان لەوێدەدا ( چـەکیان بۆ دەپـەڕاندەوە ... ئیدی، بە قسەی کاپیتان حەمەدی مەولوودی و هەژار، کە من گومانم لە راستگۆیی کاپیتان نیە) . بــەڵام، خۆ دەکرێت سەربەخۆیی تەنانەت لە مەنفاشدا رابگەیەندرێت :

شۆرشی" ئەلجەزائیر" سەرەتا حکومەت و ئاڵاکەی لە" تونس" بوو. کاتێک فەلەستینییەکانیش لە " ئەلجەزائیر" یەکەم دەوڵەتی خۆیان راگەیاند(١٩٨٨)، لە فەلەستین قـەڵەمڕەویی ئەوەندەی مهاباد و بۆکانیان بەدەست ئەو دەوڵەتەیانەوە نەبوو .

ئیسـپانی، کاتێک لەشکری مسوڵمانان هـەموو وڵاتەکەی گـرتن ( فەتحی ئیسلامی)، هێندێکیان رایانکرد و چوونە لای دێهاتییانیشاخ و داخی باکوور و لەوێ گوتیان: ئێرە هەموو ئیسپانیایە! ( ئێستاش لە خوێندنی خوێندگەکانی ئیسپانیادا هەر وایە، باسی فەتحی مسوڵمانانی تێدا نیە... نە بایان دیوە و نە باران!) . مسوڵمان تـەبیعی تێر گاڵتەیان پێ کردن و ناویان نان : علـوج و، بـە پێویستیان نەدیت بچن راویانبنێن، گوتیان ئەو بێقیمەتانە لە برسان و لە سـەرمای ئەو شاخـو- داخەدا لەناو دەچن . بـەڵام نـا، ئەو ئیسپانیا بچـووکە لە ئەو شاخانە هـاتەوە خوارەوە و بە چەند سـەدە شەڕ هـەموو وڵاتی گـرتەوە و مسـوڵمانەکانی چـەند سـەدەی ئـەو وڵاتەی ورد و درشت لەگەڵ جووەکاندا قـەڵاچۆکرد و، پـاپـا بۆ ئەو قەڵاچۆکردنانە بە پیرۆزی دانان . ئێ بەگوێـرەی ئەوە کـوردیش هەر لە مهاباد و بۆکانەوە دامەزرانی کـوردستانەکەی خۆی ( لە قـەوقـاسەوە تا خەلیج) دەستپێکرد . ئەوە لە روانگەی کوردی نـەتـەوەییەوە، بەگوێـرەی ئەو نەخشەیەش کە لـە پشت سـەری پێشـەوا قـازی محەمەدەوە بە دیـوارەوە بـوو . بـەڵام مـەگـەر دنیـا بـریتییە لـە روانگەی کوردی نەتەوەیی و نەخشەی سەر دیواری پشت پێشەواکەی ؟ ئـەندامێتیی یـوو- ئێن و ئیعتیرافی دەوڵـەتانی دنیا تا سـەفیریان (یا هەر هەیئەتێکی نوێنەری خۆیان) بنێرن و دەستگا نێو- نەتەوایەتییەکان(بانکی نێو- نەتەوایەتی و... ئیدی) نیە ؟ بە بێ ئەوانە چۆن دەبێتە دەوڵەتی سەربەخۆ ؟

٤

ئەوجا دوور لە سیاسەت، کە منیش - بڵێین- وەکو" هـەموو" سیاسەتمەدارانی وڵاتان هەر دەمم بۆ سـیاسـەت کردەوە دەست بکەم بە هـەڵڕشتنی درۆ و گاڵتەجاڕ : بـەرژەوەندمان نین و بیر لە

مـرۆڤایەتی دەکەینـەوە و لـە شـارستانییەت و... ئا لەو قسە قـۆڕ و هەلەق مەلەقانەی سیاسـەت، دوور لەوانە، هەر لای خۆمەوە و بۆخۆم چی لەو کۆمارەم تێدەگەم ؟

رووسەکان، پێنج ساڵێک دوای شۆڕشی بۆلشەفی، کەوتوونەتە قۆناغی" یەکێتی سۆڤیەت"، کە بە رادەی یـەکـەم بـەرهەمی بلیمەتیـی بیـری لێنین بوو، ئەوجا ستالین . نـەتـەوەکان حـەقیقەتن، نـاکرێت وەکو سـەردەمی قـەیسەر بە کۆیلەیی بژین، دەبێت کۆماری خۆیان هەبن، تـەنانەت بۆ کوردیش لەو چەند دێ و شارۆچکەیەی قەوقاس کیانی" کوردستانی سوور"ێکی تایبەتی خۆی هەبێت . پـازدە کـۆماری یـەکێتی سۆڤیەت، کە تێدا بە دەسـتوور مافی سـەربەخۆییان " لەسەر کاغەز" دابین کراوە، سەربەخۆ بوون ؟ ئیعتیرافی دەوڵەتان و بوونە ئـەندامیعوسبەی نەتەوە- کان و دوای ئەوە " یوو- ئێن"یان هـەبوو ؟ نـا، نـەبوو . بـۆچی ؟ چونکە سـەربەخۆ نـەبوون، هـەموو یەکێتی سۆڤیەت یـەک دەوڵەت بوو کە پایتەختەکەی لە مۆسکۆ بوو و، سـەفارەتەکان و ئیعتیرافەکان و ئـەندامێتییەکان و ئەو شتانەی دەوڵەتان هەر لە مۆسکۆ بوو و بەس . ئێ کە ئەو سۆڤێتییانە بچنە ئـازەربایجانی وڵاتێکی تر، مەگەر هـەر بڵێن با ئـەوەش کـۆمارێکی وەکو ئـەم ئـازەربایجانەی لای خۆمان بێت . کە دەچنە کوردستانی پەنا ئازەربایجانیش دەڵێن : با ئـەوەش بـەشێک بێت لە ئـازەربایجان؛ کاتێک پێشەوای نـەتـەوەیی کورد دەڵێت : نا، ئێرە کـوردستانە، یا کوردستان یان هیچ، ئازەربایجانی چی و شتی چی ؟ سـۆڤیەتی دەڵێن باشە، لە "ئێران"ێکی دیموکـراتدا با ئـازەربایجان و کـوردستان دوو کـۆماری وەکو ئەو کـۆمارانەی سـۆڤیەت بن و، نوێنەرانیشتان لە تارانی پایتەختی هەمووان هەبێت .

کـوردستان و دوو ئـازەربایجان و ئـوزبەکستان و ئـەرمەنستان و چـەند ستانی تـر، هـەموویان کۆمارن، کوردستانێک و یەک لە دوو ئازەربایجانەکە سەر بە تاران و ئەوەکانیتریش سەر بە مۆسکۆن . پێشەوا ئەوەندەی بۆی بکرێت بە لای زۆرتـرین دەسەڵاتی کوردی لەو چوارچێوە- یەدا دەبات، کە چوارچێوەی یەک دەوڵەتیئێران و دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان تێدا و، بـراکەی ( برای پێشەوا ) ئەوەندەی بۆی بکرێت بە لای زۆرتـرین دەنگی تـارانیدا دەبات . کاتێک کاپیتان حـەمەدی مـەولوودی بێڕێـزی بە کـاربەدەستانی چـەوسێنەری تـاران لە مهاباد دەکات، برای پێشەوا زۆر پیس سزای دەدات و ئەگەر رووس فریا نـەکەوتنایە، لەوانەبوو هەر

بیکوشتـایه، ئـەوجا هـەمان ئەو سـەدری قـازییەی برای پێشەوا بە کاپیتان حەمەدی مەولوودی دەڵێت : بە خەڵک بڵێ دەنگم بۆ بدەن کە ببم بە نوێنەری مهاباد لە پەرلەمانی مەرکەز( تاران). ئەوە پێیدەگوترێت سەربەخۆیی ؟ نـەخێر، سەربەخۆیی چی و شتی چی ؟ ئەدی پێیدەگوترێت نەبوونی کۆمار ؟ نـەخێر کـۆمار هـەیـە، بەڵام وەکو کۆمارەکانی سۆڤیەت، سەر بە مەرکەزی دەوڵەتە، دەکرا چەند کۆماریتریش لە پاڵ ئازەربایجان و کوردستان دابمەزرانایە، لە سۆڤیەت پازدە کۆمار بوون، ئێ با لە ئێرانیش شـەش یا حـەوت کۆمارێک هەبوونایە . ئەوە فەرهەنگی سیاسیی لێنین و ستالین بوو کە جێی ئیمپراتۆریی قەیسەری رووسیان پێگرتووەتەوە .

٥

قۆنـاغی نـاسیۆنالیزم هات و پێش خۆی نـەسخ کرد، ئـەوانەی کە پێشتر بناغـەیەکیان هـەبـوو (دەوڵەتی ئیمپراتۆری، پادشایی، ئـەمارەت) یا هەڵوەشان : عوسمانی و ئوتریش، ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیـرۆز کە نـاپلیۆن کـۆتایی پێ هێنا، چـەندین ئـەمارەتی ئـەڵمان و ئیتالی کە بـوون بە بـەشـانێک لە شتێکی نـوێ : دەوڵـەتـی نـەتـەوە؛ یا بـەشێک لە ئیمپراتۆری بە دروشمـی نـوێی نـاسیۆنالیزم دەوڵەتێکی بۆ ئەو بەشەی خۆی لەسەر حیسابی ژێردەستەیی ئەوانی دی سـاز دا : دەوڵەتی ئێران، کۆماری تورکیای مستەفا کەمال .

کورد، بە رووخانی ئەمارەتەکانی و بە چەند نەسلێک، بەتەواوی ئەو ئەمارەتانەی کیانی خۆی لە بیر چووبووەوە ( تووشی ئالزهایمەر ببوو)، ئێستا مەگەر هـەر بە هۆی کاردانـەوە لە ئاست فارس و تورک و عارەبدا ئەویش بکەوتایەتە سەر نەتەوایەتییکورد، بناغەکەی - کە ئەمارەت بوو- نەمابوو تا هەر شتێکی لەسەر بینا بکات . شێخـانێکی تـەریقەت ویستیان ببن بە خـاوەنی کیانی نـەتـەوەیی، بـەڵام نـەیانتوانی . ئێسـتا کە " عرووس" هـاتوون و بەشێکی کـوردستانیان داگیـرکردووە و دەسـەڵاتدارانی عـەشیرەتانی کـورد دەعـوەت دەکەن و دەڵێن : دەی گـەورەی کوردان چیتان دەوێت ؟ یەکێک دەڵێت : ئـەسپ، یەکێک دەڵێت : زین، یەکێک دەڵێت : شەکر، یـەکێک : پووڵ . چەند سەرڕووتێکی شارۆچکەکانیش، وەک : زەبیحی و فرۆهێر و هەژار و هێمن و قزڵجی و، چەند پرۆلیتارێک : حەمەدی مەولوودی و سـەعیدی حەمە قالە و ئیدی، کە

میللـەت بە هیچ جۆرێک فـەرمانڕەوایی ئـەوانەی قـەبووڵ نـەبوو، بـاش بوو شـانسیان‌هێنای و " قازی"یەکی بە شەخسیەت و گران و بەڕێزی خاوەن زەوی و زار و دێهاتیان - وەک بڵێیت- لە ئاسمانەوە بۆ باری، کە میللەت بە پێشەوای قـەبووڵ بکات . پێشەوا لەجیاتی زین و ئەسپ و شەکر و نازانمچی، داوای کیانێکی سیاسیی نەتەوایەتی بۆ کورد لە رووسان کرد .

هەژار، بە شیعر هێرشی کردە سەر ئەو ئاغا کوردانەی کە لە جیاتی بانگی کوردایەتی، داوای شەخسیی زۆر نزمی خۆیان بۆ رووسان( باقرۆف) بردبوو . ئیدی هەژار، دوای ئەو شیعرەی لە ترسی ئەو ئاغایانە، سەردەمێک هەر نەیوێراوە بە هێندێک شوێنی موکریاندا بڕوات .

هێندێک لەو وڵاتانەی کە بوون بە کۆماری‌سۆڤێەتی(ئوزبەکستان، تاجیکستان، قازاخستان ...) رەنـگە حـاڵیان هـەمان تـاس هـەمان حـەمامی کـورد بووبێت، بـەڵام رژیمی سۆڤێەتی بـوو بە خـوێندگەیەک بۆیان و بە کارگەیەک کە تێدا دروست ببن و مەشقـی بوونە نـەتـەوە بکەن ( تا ئـەگەر دواتر وەزعی دەوڵەتـیش بگـۆڕێت، مۆسکۆی مـەرکەزی هێز دەسـەڵاتی بە سـەریاندا نـەمێنێت، ئەوا ئەوان تازە ئیتر لە شوێنی خۆیان بوون بە دەوڵـەتی نەتەوەی تـەواو سـەربەخۆ، کە هەر واش بوو : ٦٩ ساڵ دواتر ئەوە رووی‌دا .

کۆماری کـوردستانیش کە پـایتەختی لە مهاباد بوو، هـەمان هـەلی بۆ هاتە پێش : میللەتێک کە نـازانێت نـاسیۆنالیزم سەری بە کـوێوەیە و قـوونی بە کوێوە، تـەنانەت رەوشتی عەشیرەتییشی خستووەتە ژێـر پێـی کارمەندی دەوڵەتی بێگانـەوە ( ئەو کارمەندە تـەماح دەکاتە ژنـی کـوردی بـەمێـرد، ژن و مێردی رووبـەڕووی دەبنەوە، عـەشیرەتی کـورد بۆ خاتری کارمەندەکە دەچن ژن و پیاوە کوردەکە دەکوژن! – بـڕوانە " کوردبوون"ی کاپیتان حەمەدی مەولوودی)، هـەل هاتە پێش تا ئا ئەو میللەتە دواکەوتووە لە سایەی قـازییەکی رۆشنـبیر و دڵسـۆز و قارەمانەوە و لە ژێر سێبەری دەسـەڵاتی رووسـان دروست ببێت . شتێک کە نیە، دروست ببێت : نـەتـەوە . بـەڵام ئیتر قـەدەر ئەو هەلەی زوو لێ ئەستاندەوە .

## ١

کورد لە چەند هەزار ساڵەوە هەبووە، تەبیعی هەبووە، خەڵکیتریش هەبوون، تەبیعیهەبوون. کورد و هەمووخەڵکی تریش لە سەر زەوی، لەوەتای داهێنانی ژیانی بە دەوڵەتیش، یەکەم دەوڵەتی سومەری کە پێدەزانین، درێژەی بە شەڕوشۆری خۆی داوە، چونکە مرۆڤ گیاندارێکی وەحشی بووە و هەیە و تا زۆری تریش - ئەگەر تا ئەبەد نەبێت- هەر وەحشی دەمێنێت .

مرۆڤ بە زۆر شەڕ سنووری قەڵەمڕەوییەکانی ژیانیان دیار کردوون، کێ بە قانوونەکانی وەحشیگەریی مرۆڤ شایانی ژیان بووە ماوە و، کێ شایانی نەبووە نەماوە و، بە هیچ جۆرێک مافی گلەیی نیە، یا دەتوانێت بە قانوونەکانی مرۆڤ لە جەنگەڵی تەبیعەتدا بژیت یا ناتوانێت . مرۆڤ لە چوارچێوەی عەقیدەی جیاوازدا و بە عەقڵی جیاواز، هەمیشە بە کۆمەڵێک وەهمەوە، ویستوویە ژیانی بەسەربەرێت .

بەڵام چوارچێوەکانی ژیان، وەک رووبار بوون، قەت نەوەستاون : پەیتا- پەیتا ناوی تر : سوباری- میتانی- میدیایی- هەخامەنشی- کاردوخی- رۆمانی- ئاتێنایی- کیچوا( لە ئامازۆن) و عەشیرەتانی کوکاما کوکامیریا(لە پێرو)، رووس... هەزاران و هەزاران ناوی وەخۆگرتوون . لە هەر سەردەمەدا، کۆمەڵێک تورەهات دە فەرهەنگی مرۆڤدا هەبوون، کە وەحشیگەریی مرۆڤ دیارە بە بێ تورەهات نابێت . یەکێک لە تورەهاتی سەرەتاکانی ئەم ناسیۆنالیزمەی ئێستای مرۆڤ لە دنیادا بریتی بووە لە : شانازی کردن بە رابردوو! ئێ من چیم لە رابردوو داوە ؟ من دەمەوێت ئێستا شوێنێکی بەرێزم بۆ ژیانێکی بەرێز لە نێوان مرۆڤەکانی دنیادا هەبێت، دەتوانم وەدەستیبهێنم یا ناتوانم ؟

سەیری ئەو کاوبۆیە قارەمانە دەکەم کە بەتەنیا بەسەر ئەسپێکەوە و دوو دەمانچە بە ئەملا و ئەولایەوە دەچێت نەتەوەیەک " دروستبکات "، کوکاما کوکامیریای پێرو و ئیمپراتۆریی ئینکای کۆلۆمبیا دەسڕێتەوە و، ئەوەی لێیان دەمێنێتەوە لەوەودوا دەبنە رەعیەتی ئیزابێل خانمی

پـادشای کاستیلیای ئیسـپانیای ئـەوروپا و فێردیناندی مێردی ... ئەوەش نـاوەستێت : کـارمەندە گەندەڵ و قاچاخچییە ئیسـپانییەکان بـەندەرەکان بەشدەکەن و ناویان دەنێن " نەتەوە "ی نوێ : چیلی – ڤێنزوێلا - ئێکوادۆر- پێـرو و بـۆلیڤیا و... وەک چـۆن ئێستا قـاچاخچییە تـاڵەبانییەکانی ئێمەش لە سلێمانی خەریکی دروستکردنی نەتەوەیەکی نوێن بە ناوی"یەکێتی" لە دژی قەومی کە بە ناوی " پارتی" و " برایم خەلیل"ی بەدەستەوەیە . ئینکا دەتوانێت تێر بە بـاب و باپیرانی خۆی هەڵبلێت، بـەڵام کاوبۆی ئیسپانی پێویستی بە باسی باب و باپیرانی خۆی نیە، رەنگە هەر نـەزانێت کێ بـابی بووە ( دایکی قـەحبەی چ بـەندەرێک بووبێت)، ئـەو چیی لە بـاب و ماب و نـازانمچی داوە ؟ هیچ . سـاسـانی کـورد بوون ؟ ئێ ئـەوجا ؟ میدیایی کورد بوون ؟ ئـەوجا ؟ من چی لەوانە بکەم ؟ کاتێک خورافاتی گرنگیی ئەسڵ و فەسڵ لە لایەن تورکێک یا فارسێک یا عـارەبێکەوە هـەڵـدەبەسترێت، کـوردەکەش بۆ رووبـەڕووبـوونەوەی ئـەوانـە، خـۆی نـاچار دەبینێت کاردانەوەی لە هـەمان قوماشی ببێت؛ بـەڵام ئینگلیس کە دەچێت هیندستان یا شوێنێکی ئـەمریکا دەگرێت، هیچ پێویستیی بە گرنـگیی ئەسڵ و فەسڵی خۆی لەو وڵاتە نیە .

٢

" رەوە "ی مرۆڤ ( جـەماوەر) لە هـەموو دنیادا، لە زۆر شتدا ساویلکە و ئەحمەقە . من شتی وا سـەیر و سـەمەرەم لە زۆر هۆڵەندی، سوێدی یا دانیمارکی یا ... چـەندی دی بیستووە، کە بیری بۆ ئـەو پـرسیارە بـردووم : ئـەرێ ئـەوانە بێعـەقڵترن یا ئـەوانەی لەسەر ئیمام عـەلی و عومەر بە گژ یەکتردا دەچن ؟ یا ئـەوانەی لە سـابلاغ لەبەرچاوی حەمەدی مـەولوودی شـەق-شەقانێ بە کەللـەسەری مرۆڤێک دەکەن و، ئـەویش رەگەڵدەکەوێت و شەقیخۆی دەوەشێنێت؟ ئێ خۆ ئەو خەڵکە فەیلەسووف نین تا بپرسن بۆچی شەق دە ئەو سەرە هەڵبدەین و چیمان لەوە دەستدەکەوێت . مرۆڤ وا دەبێت بە پێکەنینێکی زۆر گەرم و هیستیریاییبەرامبەری، ئەویش دەکەوێتە پێکەنین بە بێ ئـەوە بـزانێت چ بـاسـە و بە چی پێدەکەنن . هـەر ئـەوەندە کـەسێک لە فـەیسبووکدا جنێـوێک دەدات، بە خـەڵوار لایکی بەسـەردا دەبارێن و هەرکامە و جنێوی خۆی دەخاتە سەر، کە رەنگە زۆر لەو لایکچییانە هەر نەزانن باسی چی لایک دەکەن .

بەڵام دیارە نەتەوە وا بەڕێوە نابرێت . نەتەوەکان، بە گوێرەی رادەی پەرەسەندنیان، چارەنوو- سیان دەکەوێتە دەستی سـەنعەتکارانیان، ئیدارە و سیاسەتیش سەنعەتن . سـەنعەتکاری مەکینە، مەکینە دروست دەکات؛ جـووتیار کاری جووتیاریی خۆی دەکات و؛ سیاسەتمەداری دەسـەڵات سیاسەت بەگوێرەی سەنعەتەکەی، سەنعەتی سیاسەت، هـەڵدەسووڕێنێت، کە بە دەگمەن بە دڵی کەسی ئـەهلی سـەنعەتی ترە، بـەڵام ئیتر - ئەگەر بە بۆڵە بۆڵ و جنێودانیش بێت- هەر ناچارن قەبووڵی بکەن، چی بکەن : من تەلەڤزیۆنێک دەکڕم، پێم باش بێت یان خراپ ئیتر ئەوەیە، خۆ نـاچم خـۆم دروستی بکەم . هـەر ئـەوەم بۆ دەمێنێتەوە لە ناو تـەلەڤزیۆنە جیاوازەکاندا یـەکێک هەڵبژێرم . بە هەمان شێوە، ئەوروپاییەک کە سەنعەتکاریسیاسەت نیە(دووکاندارە، ماسیگرە، جـووتیارە، شـاعیرە ...هەرچی)، کە تـڵپاتی تـەڕ لە سـەنعەتی سـیاسەت نـازانێت، هـەر یـەک دەسەڵاتی لەبەردەمە : لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ بۆ کێ لەوانە بدات کە سەنعەتی سیاسە- تیان بەدەستەوەیە، کە ئـەو حەتمەن نـازانێت چیە و چـۆن هـەڵدەسووڕێت، ئیتر لەوە پتـری بـە دەست نیە، جگە لە جنێودان و پـرتە و بـۆڵە ئـەگەر پێـویسـت بکات . سـەنعەتکاری سـیاسەت، دەبێت دووریی رەوەی خەڵک لە تێگەیشتنی سەنعەتەکەی ئەو هەڵسووڕێنێت، وەک بڵێیت : لە سنوورێکدا لەگەڵ وەهم و بێعەقڵیی خەڵکدا وا بڕوات کە قەبووڵیبکەن تا بەڵکو لە هەڵبژار- دنی داهاتوودا هەڵیبژێرنەوە . بەڵام " قەت" هەموو حەقیقەتی پێ ناڵێت . رەنگە قەت- قەت بە مرۆڤایەتی نەڵێت چۆن " بەهاریعارەبی"یان بە تـەلیفۆنان هەڵسووڕاند : هالۆ سـارکۆزی! دە ئێوە بە فڕۆکەکانتان بچن قەززافی بوردومان بکەن، ئێمەش پارەیەک دەدەین بە ئیخوانی میسر بچن سـابوون و خـەنـە و ملـوخیەی پێ بە سـەر هـەژاراندا ببەشـنـەوە و کـۆمەڵێک حـەدیسـی پێغەمبەریش تا لە هەڵبژاردن بیبەنەوە، بە ئاردۆگانیش دەڵێین لە مزگەوتەکانی تورکیا دوعا بۆ سـەرکەوتنی شۆڕشی ئیسـلامیی لیبیا بکەن، نـەوەکا بە ملیـۆنان تـورک و کـوردی مسـوڵمانی وڵاتـەکەی پـەلاماری سـەفارەتەکانمان بـدەن لەسەر ئـەوە کە ئێمەی دنیای مەسیحی لیبیایـەکی مسـوڵمان بـوردومان دەکەین . رەنـگە ئـەوانە قـەت- قـەت ئەو شتانە بە جـەماوەری کەس، بـە میللەتانی خۆشیانەوە، نـەڵێن، ئەوە کاری سەنعەتکارانی سیاسەتە، نەک جەماوەر .

ئـەوە هـەر بۆ روونـکردنەوە، کە رەوەی مرۆڤ سادەن، بێعەقڵن، زۆریان شارەزای سەنعە-

تێکی ژیانی خۆیانن، بـەڵام " دەسـەڵات " لە نـەتـەوەدا دەبێت سەنعەتی هـەڵسووڕاندنی ئەوانە بزانێت کە لە ژێر ئاڵایدان، یا دەیەوێت بێنە ژێر ئاڵایەوە .

٣

جـووتیار دەچێتە مەزراکەی، کشتوکاڵی ئـاو دەدات . ئـاو و ڕۆیشتنی بە جـۆگەدا و دەوری لـە رواندنی روەکدا و جۆری خاکەکە و گەرمای هەوا و... زۆر شت، هەر کام بە قانوونی کشتو-کاڵ دەوری خۆی لە پێگەیاندنی بەرهەمدا دەبێت،" بەڵام"! دیسان و دیسان بەڵام! بەڵامی زۆر گەورە : ئەوە پێمەرەی دەستی ئـەو جووتیارەیە کە بڕیار دەدات ئەو قانوونانە چـۆن بشکێنەوە، ئـەو دووکانەی ئـاوی لێ ببڕێـت سـەوزەکەی وشـک دەبێت، ئـەوەی ئـاوی بەسـەردا بکـاتـەوە دەڕوێـت . مێـژووی نـەتـەوەکانیش جـووتیاری پێمەرە بـەدەستیان بـەسـەرەوەن، بـڕیـار دەدەن قـانوونەکانی وزەی ملیـۆنان مرۆڤ لە لەحزەی شـکانەوەدا چۆن بشکێنەوە . زۆر وا بووە ئەو پێمەڕەبەدەستانە، بۆ چارەنووسی سیاسی،" یەک نەفەر" یا " دوو نەفەر" یا پتر بوون بەڵام نە پتر لە ژمارەی پەنجەکانی دەست ( لێنین و ستالین و دوو کەسێکی تر لە رووسیا بە نموونە) . ئـەوانە دەوری ئەو جووتیارە پێمـەڕەبەدەستەیان لە چارەنووسی ملیۆنان مـرۆڤی تـردا دیتووە، لە دروستکردن یا وێرانکردنی نـەتـەوەکەندا، ئیمپراتۆرییەکاندا، دین و عەقیدە و ئـاینانێکدا کە ڕەوەی مرۆڤیان وەک ئاوی ئەو جۆگەی جووتیارە بە لایەکدا بۆ ئەو نەتیجەیە شکاندووەتەوە .

١

مرۆڤایەتی، وەحشیگەریی خۆی بە " فەرهەنگ "ێک رێکدەخات . کۆمەڵە مرۆڤانێک، بە هەر هۆیەکەوە بووبێت پێش ئەوانی تر کەوتوونەتەوە، بە شتی وەک دیموکراسی و نەزم و قانوون بەهێز بوون و دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکێکی تردا پەیداکردووە . ئەوروپاییانێک - بە نموونە - بە هێزی ئەو دیموکراسی و نەزم و قانوونانەیانەوە چوون ئەو هەمووە رەشانەی ئافریقایان بە کۆیلە گرتوون و لە بازاڕەکان فرۆشتوویانن یا چەندین ساڵ هەر راستەوخۆ بوون بە فەرمانڕەوای وڵاتانێکی دی، وڵاتانیان لەتوپەت کردوون، لە نێوان خۆیاندا بەشیویا- ننەتەوە و دایاندۆشیون و توانیویانە بە مەیلی خۆیان واقیعێکیان بەسەردا بسەپێنن و، وای بە حاڵی ئەوانە ئەگەر بیانەوێت لێ دەرچن : ئەمە عیراقە، ئەوە سووریایە، ئەوە ئوردونە... ئیدی لەو کارەساتەی وەحشیگەری .

عارەب لەو میللەتانە بوون کە هەوراز و نشێوی زۆریان لە دەسەڵات و شارستانییەتدا دیت، بەڵام - بە پێچەوانەی نەتەوە ئەوروپاییەکان، ئینگلیس، فەرەنسی، سوێدی، هۆڵەندی... ئیدی- نەیانتوانی هەموویان ببن بە یەک نەتەوە، بوون بە پتر لە بیست نەتەوە و، بەهۆی کەلەبەری زۆر گەورەی نێوان هێندێک لە خوێندەوارانیان ( بە ناوی ناسیۆنالیست) و واقیعی ژیان، هێشتا لە ئاستێکدا نین کە بتوانن وەکو ئەوروپاییەکان دیموکراسی و نەزم و قانوون و ئەو شتانە فێر ببن و واقیع ببینن .

٢

عارەبی عیراقی ئێستا، کە بە ئەسڵ و فەرهەنگیان نیزیکترینی عارەبزمانەکانی دنیان لە حیجازی پێش١٤٠٠ ساڵ، ئێستاش کە دەیانبینین چۆن لە کەربەلا لە خۆیان دەدەن، بۆ رژیمی سیاسی، لە جەوهەردا نەیانتوانیوە خۆیان لە جەغزی رووحی ماڵی أبو سفیان و هاشمییەکان بپچڕن . زنجیرێک لە حیجازی پێش ئیسلامەوە تا رۆژی ئەمڕۆی بەغدا و نەجەف و کەربەلا و ئەنبار نەپچڕاوە ( لە کاتێکدا کە ئەوروپاییەکان بە شۆڕشی ١٧٨٩ی چینی ناوەند، زنجیری رابردوویان بە تەواوی هەڵپچڕاند) .

بنەماڵەکانی حیجاز، به دینی ئیسلام دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆری سیاسییان وەدەستهێنا و له نێوان خۆیاندا بەشیانەوە : پێغەمبەر گوتوویە :" الأئمة من قريش"، واتە : دەبێت فەرمانڕەوا لەعەشیرەتەکەی من بێت . ئێستاش کە ئێستایە،" آل البيت" له مەرکەزی سیاسەتی عیراقدایە . ئەوە کە کەس نازانێت ئەسڵ و فەسڵی ئەم دەسەڵاتدارە شیعە گەندەڵانەی عیراق چی بووە، چەندیان فارس و چەندیان تورک و چەندیان کورد یا هیندی یا حەبەشی یا رۆمانی یا شتی دی بوون، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە " وەحشیگەریی رەسمی"( قانوونی فەرهەنگ) وا دەڵێت، ئەوجا له جەوهەردا تەواوی مێژووی‌سیاسیی دینی‌عارەب له دووهەزار ساڵەوە یەک تۆزقاڵ گۆڕاوە یا هەر بە شکڵی دەرەوە پەیتا-پەیتا توێژێکی فڕێداوە و توێژێکی‌تری وەخۆگرتووە ؟ ئەمەیان باسێکی ترە . هەناسەدانێکی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی له شام و بەغدا و ئاندالوس قەت بەوە نەگەیشت کە عارەب له جەغزی فەرهەنگی دینی سیاسیی دوو هەزار ساڵی دەربخات، قەت به شتێکی وەکو شۆڕشی١٧٨٩ی فەرەنسای چینی‌ناوەندی ئەورووپا نەگەیشت . ئەوە قەت رووی‌نەدا ." ألله"ێک هەبوو کە پەیکەرێکی بەردی زەلام بوو، نەما، بەڵام هەر پەیکەرە بەردەکە نەما،" ألله" له شوێنی خۆی مایەوە، تەنیا شوێنەکەی خۆی گۆڕی، چووە شوێنێک کە کەس دەستی پێ‌نەگات، نەتوانێت بیشکێنێت. هەمیشە ئەو له سەرەوەوە دەستی به هەموو کەس بگات و کەس دەستی به ئەو نەگات ( چونکە خۆ کەس نازانێت لەکوێیە) .

٣

کە پێغەمبەری‌ئیسلام کۆچی‌دوایی‌کرد، تەبیعی بنەماڵەکانی قوڕەیش بۆ دەسەڵات کەوتنە گیانی یەکتر . ماڵی" أبو سفيان" له لایەک کە زۆری پێ نەچوو توانیان له شام پادشایی خۆیان دابکوتن ." أهل البيت"یش به دوو دەستە چاویان له دەسەڵات بوو: " عەلەوییەکان"ی ماڵی " ئیمام عەلی" ی ئامۆزای پێغەمبەر و،" عەباسییەکان" ی ماڵی مامێکی پێغەمبەر( عەباس) . عەلەوییەکانیش، دوو دەستە بوون، دەستەیەک دەیانویست دەسەڵات بۆ منداڵەکانی " فاطمة " ( کچی پێغەمبەر، ژنی ئیمام عەلی) بێت ( حەسەن و حوسێن و ...)؛ دەستەیەکیش دەیانویست بۆ " محەمەد "ی کوڕی ئیمام عەلی له ژنێکی تر بێت ( له " خولة بنت جعفر الحنفية " ) .

یـەکتر سـەربڕینەکانی هەزار بە هەزاری ئەو دەستەجاتە سەرەتا هەر لە نێوان عەلەوییەکان و ماڵی ئـەبو سـفیاندا بوو . عەباسییەکان درەنـگ هاتن، بـەڵام زۆر بە گـوڕ هـاتن و تـۆڵەی ئەو ماوەیەی خۆ راگرتنیان بە زیادە کردەوە . دەوڵەتی ماڵی ئەبو سفیان (ئەمەوی)، لە تەمەنی ٨٨ سـاڵیدا بوو کە عـەباسییەکان بـۆی هاتـن، بـەڵام چ هاتنێک ؟ هـەر لە پـادشـایانەوە (خـەلیفەی ئـەمـەوی) تا منداڵی سەر بێشکە و پێش بێشکەش ( زۆریان هێشـتا هـەر لە رەحمـی دایکیـانـدا بوون کە) بەر شمشیری ئـاڵاهەڵگرانی نوێی دەوڵەتی " لا إله إلا الله محمد رسول الله " کەوتن .

٤

پـادشایانی ئـەمەوی، کە ئیسلامیان گەیاندە ئـەوروپاش، زۆر نـەژادپەرست بوون، عارەبیان بە ئـاغا و، ناعارەبی مسوڵمانیان بە مرۆڤانێکی خوار خۆیان سەیر دەکرد، پێیاندەگوتن : موالی، تـابیعانێک کە عـارەب لە کفری رزگـارکردوون و هێناونیەتە ژێـر ئـاڵای ئیسـلامی عـارەب . کاتێک ئەمەوییەک دەیدیت خەڵکێک جـەنازەیەکیان لەسـەر شـانە و بەرەو گـۆڕسـتان دەڕۆن، دەیپرسی : ئەرێ ئەو مردووە چی بوو ؟ کە بیانگوتایە : قوڕەیشی بوو، دەیگوت:" وا قوماه"! ( وای قەوم ڕۆ)، ئەگەر هەر بیانگوتایە عارەبە، دەیگوت : "وا بلدتاه "! ( وڵات یا شار ڕۆ)، ئەگەر بشیانگوتایە یەکێک بوو لە موالی، دەیگوت :" هو مال الله یأخذ ما شاء و یدع ما شاء" ( ماڵی خودایە، چیی بوێت دەیبات و چی بوێت دەیهێڵێتەوە) .

هەر ئەو نەژادپەرستییەش بوو کە دوای ٨٨ ساڵ سەری خواردن . چونکە عـەباسییەکان، کە دیتیان مسوڵمانانی ناعارەب چەندە لەو نەژادپەرستییە وەزاڵە هاتبوون، بڕیاریان دا کە هەوڵ بدەن هەر بە ئەو " موالی"یانە دەوڵـەتی ئـەمـەوی لەنـاوبەرن . لە " آل البیت "یش، کـەڵک لە دووبـەرەکیی نێوان ئـەولادی فاطمة و خەولە، دوو ژنـی ئیمام عەلی، وەربگرن و، بڵێن ئـەوان ناهەقیی کە ئەمەوی بەرانبەر " آل البیت" یان کردووە تۆڵە دەکەنەوە .

عـەباسی، لە هـەرتـک رێگەوە زۆر سـەرکەوتوو بوون ." أبو مسلم خراسانی"یەک، فارس یا کورد یا هەر شتێکیدی، بۆ کەیفکردن بە سەربڕینی زۆرترین مرۆڤی سەر زەوی، تەنانەت لە حیجاز و شامیش کەم نموونەی هەبوو . شیعەش بوو و لە گەڵ ئەو تاقمانەش بوو کە ریشە-

یان دەگەڕایەوە لای محەمەدی کوڕی خەولە . هەرچەندە کوڕی خەولە لەگەڵ ئەمەوییەکانیش ڕێککەوتبوو، بەڵام ئیتر لێرەدا تاقمانێکی کە خۆیان بە میراتگریئەو دەدیت ئەم"أبو مسلم"ـە-یان پێشکەشی ماڵی عەباسییەکان کرد و، ئەوەش ئێجگار زۆر چارەنووسساز بوو .

عـەباسییەکان دوای دامـەزراندنی دەوڵـەتی خـۆیان و بـەهێـزبـوونیان، ئەو " أبو مسلم"ـەشیان - وێڕای زۆر فارسی تر- کوشـت . کاتێک "أبو مسلم" گوتی : مەمکوژن و بۆ دوژمنەکانتانم بهێڵنەوە ، گوتیان : جا بۆچی تۆ دوژمنێکت بۆ هێشتووینەتەوە تا تۆی بۆ بهێڵینەوە ؟!

ئێستاش کە ئێستایە، تاقمی جیاوازی شیعە هەن، بە هەمان فەرهەنگی سەردەمی ئەولادیعەلی و معاویە، لە دژیسوننییەکانن، کەی لێیانقەوما هاوار دەبەنە بەر"موالی" و کە دیتیان بەهێز-بوون، چیتر منەتیان بە کەس نامێنێت. دەڵێن موقتەدا سەدر جارێک بە جەلال تاڵەبانی گوتووە: " نقتلکم واحد واحد"، دەتـانکوژین یـەک یـەک ( یەک بە یەکتان، هـەمـووتان)، تـاڵەبانی پێی-گوتووە : واحد واحد عطلة رسمية! یەکی یەک پشووی ڕەسمییە .



کورد پێش شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ی لە باشوور، لە چاوی خەڵکی ئاسایی میللەتانی دنیادا، ئەوەندەی کە باسکرابوو، ئەوە بوو کە کەسانی وەک تاڤێرنیە و دو تێڤینۆ و ڤالنێ و نیبور و گارزۆنیی کەشە باسیانکردبوو : قەومێکی ئێجگار زۆر دواکەوتوو، دز و جەردەی شاخو داخانێکی وەکو ئەفغانستان بەڵام لە ئیمپراتۆریی فارس و تورکەکاندا، عاشقی شەڕ و کوشتن و خوێنڕشتن،، مرۆڤی غەدر و بێئەخلاق و... بە کورتی بە دوو وشەی گارزۆنی popoli barbari خەڵکی وەحشی بوون . هەرچەندە ئەوانەی کە ئەدەبیاتی کۆنی کلیسا و چیرۆکەکانی " دێکامێرۆن"(دە رۆژ)ی بۆکاچۆی ئیتالییان خوێندبوونەوە، شکۆ و گەورەیی " سەلاحەدینی ئەیووبی" دە سەریاندا بوو، بەڵام ئەوە لای ئەوان فڕی بەسەر کوردەوە نەبوو : سالادین و تەواو( وەک لە کۆمێدیای دانتێدا بەنموونە) . ئەوە کورد پێش شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی باشوور .

ئەوجا کورد دوای شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ی باشوور :

لە چاوی خەڵکی ئاسایی میللەتانیدنیادا، ئەوەندەی کە پێدەزانرا بریتی بوو لە : جەنەڕاڵی شۆڕشگێڕی ئەفسانەیی " بارزانی "، کە دەیویست قەومەکەی لە زۆرداریی بێگانە رزگار بکات و دەوڵەتێکی بۆ دروستبکات . چ قەومێک ؟ وا دەبوو دەیانگوت دەڵێن قەومەکەی

ناوی کوردە، واشدەبوو نەیاندەزانی ناوی چی بوو، هەر دەیانگوت : قەومەکەی جەنەڕاڵ بارزانی و تەواو . ئەوانەشیان کە باسی" سەلاحەدینی ئەیووبی"یان لە سەردا بوو، دەیانگوت : سەلاحەدینی نوێ لە چیاکانی رۆژهەڵاتیناوەڕاست پەیدا بووە .
لە کوردستانیشدا : ئەیلوولی ١٩٦١ی باشوور، بە تەق و تۆقی تفەنگ و، گرمەی گوللەتۆپ و هاڕەی چەرخی تانک و دەنگی فڕۆکە و بوردومانی، ملیۆنان کوردی لە خەو هەستاند و خستنییە سەر رێگەی بوونە نەتەوەیەک لە ناو نەتەوە بەڕێزەکانی دنیادا .

هەرچەندە میللەتان بە دەگمەن بیرەوەرییان دەبێت و، زۆر بەدەگمەنتر هیچ لە مێژوو فێر دەبن، واقیعیش دەڵێت عیبرەت لە دوای ئەو رۆژە مەزنانەدایە، چەندە دەتوانین لەسەریان بینا بکەین، بەڵام لە هەموو بارێکدا یازدەیئەیلوولی١٩٦١ رۆژێکی ئێجگار زۆر مەزن و چارەنووسساز بوو لە مێژووی نەتەوایەتیی کورددا، رۆژێک بە دەیانهەزار رۆژی کورد .
یادی یازدەی ئەیلوولی١٩٦١ لە کورد و کوردستان و لە هەموو مرۆڤایەتی پیرۆز بێت .

## ٢٥- خەباتی باشتر دەکرێت ؟ ئێ کە دەکرێت بۆچی نایکەن ؟

١

چیرۆکێکی بـوودابیەکانی زینی چین هەیە دەڵێت : لاوێک بۆ ڕێنوێنی چووە خزمەت ژیرێکی نـاودار و گوتـی : من دەمەوێت روونـاک ببم ( منـەووەر، بـوودا، حـەقیقەت بزانم) . کابـرا، لە وەڵامدا گوتی : من دەمەوێت میز بکەم! . لاو دیسـان گوتی : من گوتم دەمەوێت رووناک ببم . کابرا دیسـان گوتی : من گوتم دەمەوێت میز بکەم!. لاو گوتی : ئێ دەتـەوێت میز بکـەیت، خۆ برۆ میز بکە! کابرای ژیـر گوتی : ئێ تـۆش دەتەوێت رووناک ببیت، خۆ بـڕۆ روونـاک ببە!

ئێمە خەڵکی شـارستانین و خوێندەوارین و خەباتی رابەرانی میللەتی خۆمان پێ باش نیە ؟ ئـێ با بچین ئێمە خـەباتی بـاش دابمەزرێنین و ئـەو دەستکەوتانەی بۆ نەتەوەکەی خۆمان دەوێت بە خەبات وەدەست بهێنین، بۆچی نایکەین ؟

ئـەوان، بـە ئـەو حیـزب و ماڵ و شتـانەی هـەیانە، ئـەوە دەزانـن کە دەیکەن، دەی ئێمە خـەباتی باشتر دەزانین ؟ خۆ با بیکەین، بۆچی نایکەین ؟

٢

کـورد، بە هەزاران ساڵ لەم وڵاتەیدا ژیاوە و، سـەنەدی نـووسراوی حەتمەن پتر لە هەزار ساڵ هەن کە بەوناوەی لەم وڵاتەیدا باسی دەکەن، بەنموونە نامەیەکی ئیمام عەلی بۆ زیاد بن أبیە، کە - بە رێکەوت- من بڵاوم کردووەتەوە، باسی" الأكراد" دەکات . کوردیش، چەندین سەدە، وەکو سەدان میللەتیتری دنیا بە نەزمیئەمارەتان ژیاوە و هێندێک لە ئەمارەتەکانی زۆر سەرکەوتوو بوون، تا نـاوەندی سـەدەی نـۆزدە، کە ئەمارەتەکانی نەماون و سەری بێ کڵاو ماوەتەوە . دوای ئەوە، ماوەیەکیش لە ژێـر ئاڵای شـێخـەکانیدا کـۆبووەتەوە و هـەوڵی کیـانێکی سیاسیی خـۆی بە رابەریی ئەوان داوە . بەڵام هێشتا کیانی سیاسیی خۆی نیە .

ئـایـا کێشە چینایەتییە و لە جیاتی رۆشنبیران، نا- رۆشنبیران رابـەریی خـەباتی دەکەن ؟ ئـێ دە با رۆشنـبیران لاپەڕەی نوێ لە مێژووی میللەتەکەیاندا بکەنەوە، بناغەی خەباتی چاک دابنێن و،

کورد بە نەتیجەیەکی باشتر بگەیەنن، بۆچی نایکەن ؟

## ٣

هەڤاڵیخۆم، کە لە سلێمانی و لە پێنجوێن پێکەوە هەوڵمانداوە خەبات بکەین، ئێستا لێیدەپرسم: بۆچی رێکخراوێکینەتەوەیی- وەک ئەوە کە ئێمە ئەوسا هەوڵمان بۆ دەدا- ئێستاش پێکنایەت ؟ دەڵێت : ئاخر هەستی ئینتیمایںەتەوەیی و نیشتمانی نەماوە(بزووتنەوەی داعیشییەکان و عیراقـ - چییەکان بەسەر خەڵکدا زاڵ بووە) . ئێ ئەگەر بۆ تۆ وا بێت، خۆ بۆ کاربەدەستانی کوردیش هەر وەهایە، ئەی چار ؟ هەموو دەردێک دەبێت بژیشکێک سەیری بکات و بڵێت چارەکەی چیە ؟ دەرمانی چاککردنەوەی تەواوی هەیە ؟ دەرمانی نیوە- چاککردنەوە ؟ دەرمانی نیە و هەر دەست لێشۆرین و وازلێهێنانی بۆ مردن دەمێنێتەوە ؟ خۆ هەر دەبێت بژیشکەکان شتێک بڵێن، ئەوە ئەگەر خەباتکار لای وا بێت کە بەرپرسیاریی بژیشکی لە ئاست دەردەکانی میللەتە- کەی خۆی لە ئەستۆدایە .

زۆربەی خوێندەواری چینی ناوەند، هەر وا لە کورد و کوردستان وەڕەز بووە کە بەوەندەوە ناوەستێت بڵێت : کوردایەتی مردووە، نەخێر، خۆی تەورێک بەدەستەوە دەگرێت و دەکەوێتە سەر بڕینەوەی ئەو دارەی کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری چەقاندی و، لەوساوە بە خوێن و فرمێسک ئاو دراوە . بە تەور دەکەوێتە سەر لەتوپەتکردنی لقەکانیش، چڵەکانیش، وەچەکانیش ... هەمووی، هەر هەمووی و، بە دکتۆرا و ماستەر و ئەو شتە پووچانەی کە وەدەستیهێناون دەیەوێت هەموو ریسی ئەو ١٤٣ ساڵەمان لێ بکاتەوە بە خوری، کوردی سادەی نەخوێندەوار فێر بکات کە کورد و کوردستان و بوونە دەوڵەت و چوونە ریزی نەتەوە بەڕێزەکانی دنیا لە سەری خۆی دەربکات . کەسێک پەیتا- پەیتا لە تەلەڤزیۆن دیمانەی پێشکەشدەکرێت کە دەڵێت تەنانەت گەرمیان و هەڵەبجەش لە یەک نەتەوە نین، لە یەک قەوم نین، زمان و رێزمان و هەموو شتیان جیاوازە و فریان بەسەر یەکترەوە نیە . ئەوە خوێندەوارییی لە ئوسترالیاوە بۆ هێناوینەوە ( نازانم چەند دکتۆرا و ماستەری هەن) . دەیەوێت شیعری پیاوی عەشیرەت لە بیری کورد بباتەوە :

نـەوجـوانـانی وەتـەن تـەوحید ئـەکەن ئـەم میللـەتە
هـەر لە کـرماشـان هـەتا ورمێ و سنە و بۆکانەوە
ڕێکـئەخەن وەزعییەتی وان و جزیرە سەر بە سەر
عـەقرە و زاخـۆ ئـەبـەستن ڕێـک بـە قـەد بۆتانەوە
خـانـەقین و مەندەلی، خاکی لوڕستان یەک بە یـەک
وەک وەسـا ئـەدروون بە بـاڵای مەنتیقەی بـابـانەوە

... ئەوە قسەی بەگزادەیەکی عەشیرەتی جافە کە بە ئەو خەونەوە ساڵی١٩٣٥ بەجێیهێشتووین . ئەو هەمووە شیعرە کوردییەی کە بە نیشتمانی هەڵگوتووە : ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە، خـاکی گـەوهەرە ئاوی کەوسەرە پڕ لە گوڵ و نـەسرینە ... ئێستا چیرۆکنووسمان لە ئـەڵمانیا بە ڤیدیۆ بە کورد دەڵێت : نیشتمان وجوودی نیە، نیشتمان چیە ؟

٤

کاتێک بزووتنەوەی" گۆڕان " لە بـاشوور دامەزرا و، خەڵکێکی زۆری ڕاکێشایە لای خۆی، لە یەکێک لە نـووسینەکانمدا بۆ ڕووبـەڕووبوونەوەی ئـەو قـۆڵـبڕینەی جـەماوەر، باسی " یولیوس قەیسـەر"ی شکسپیرم کرد . دوای کوژرانی یولیوس قەیسـەر، چۆن بروتوس و مارک ئانتۆنی، بە چ بـلیمەتییەکی قۆڵـبڕینی جـەماوەری بزن و مەڕئاسا ( وەکو هـەموو جـەماوەری هـەمیشەی هەموو دنیای مرۆڤ) ئـەو خـەڵکەیان بە خـوتبە دەهێنا و دەبـرد . شکسـپیر چ بـلیمەتانە شێوەی قۆڵبڕینی دەستەیەک لە مـرۆڤەکانی لە لایەن مـرۆڤەکانی دیکەوە، تەکنیکی بەکارهێنانی سـۆز و عەقڵ لە سیاسەتدا بۆ لێخوڕینی جەماوەر، دیتووە .

کەسانێک هەن بە بـازیگەرانی شـانۆکانی شکسپیر ناسراون، کە ڕووحی شکسپیر دەخـەنـە بەر چاو . کەسانێکی تـریش هەن، لە دەرهێنانی شـانۆ یا فیلمدا ویستوویانە ڕووحی شکسپیر زیندوو بکەنەوە : لەو شـەڕە خـوتبەیەی بـروتوس و مارک ئـانتۆنیدا، خەڵـک وەکو کەروێشکە کردنی گەنم و جۆ، جارێـک بە بای قسەکانی یـەکێک لەو دووانە بە لایەکدا دێنەوە، ئەوجا بە بای قسە-کانی ئەوەکەی دی با لایەکەی دیدا .

سەگی شوانی ئەوروپایی، بە پێچەوانەی سەگی شوانی کورد، بە دەگمەن بۆ ئەوەیە بزن و مەڕ لە حەیوانی دڕندە بپارێزێت، لە شوێنێکی وەکو هۆڵەندا یا فەرەنسا خەتەرێکی گورگ لە ئارادا نیە . سەگی شوان، سنفێکی تایبەتییە، یەک کار دەکات : بزن و مەڕ کۆ دەکاتەوە، دەبێت هەموو مێگەلەکە پێکەوە بڕۆن و، هەر کە مەڕێک لە ریز دەرچوو و بەولادا رۆیشت، سەگ راوی دەنێت و دەیهێنێتەوە ریز . تۆ بڵێی وەکو ئەو جەماوەرە ملیۆنییەی نەتەوەی ئەڵمان کە لەسەر شەقامەکانی بەرلین بە یەک دەنگ هاواری دەکرد : هایل هیتلەر .

٥

کەسانی بەتەمەن، بەڵام تەنانەت جەوانیش، هەن کە چەند گۆڕانی شەپۆلی جەماوەری گەلیان دیتووە . من سەردەمێکم دیت، خەباتی‌سیاسیی کورد لە دەرەوەی دروشمی"مارکسیزم" بە بیری کەسدا نەدەهات، چۆن خەبات کردن لە دەرەوەی قسەکانی هەڤاڵ لینین و ستالین دەکرا ؟ چۆن کێ دەیتوانی قسەی وا قوڕ بکات مەگەر جاسووسەکانی کاپیتالیزم بە رابەریی‌ئەمریکا بۆ مژینی خوێنی پرۆلیتاریا ؟ مەلاجەمیل رۆژبەیانی، یەک- دوو نەسل پێش من سەردەمی نازییەتی بەشێک لە جەماوەریشی دیتبوو و خۆی لەسەر بوونە نازی کەوتبووە زیندانەوە .

بە ملیۆنان مرۆڤی ئیمپراتۆریی ئێران وێنەی ئیمامخومەینیی لە دژی شاهەنشا هەڵگرت و چووە سەر شەقام و گیانی خۆی بۆ گەڕانەوەی ئیمام خستە سەر دەستی . شتێکی ئەوتۆ بە ناوی بزوو- تنەوەی ئیسلامی پێش چوونەوەی ئیمام بۆ ئێران لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەمابوو ( ئیخوانەکان ئیتر رۆژیان بەسەرچووبوو) . ئەوجا دوای ئەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە دنیایەکی زۆر جیاواز، نە مارکس و نە ستالین و نە هیچ . هەر لە باشووری ئێمە چەند حیزبی ئیسلامی هەن و، رابەرانیان خەریکن ژن بە دووی ژندا دەهێنن . شێخی کەسنەزان لە پایتەختی رۆشنبیریمان دەڵێت : ئەوەی بە قسەی شێخ نەکات لەسەر لیستی تابیعانی شەیتانە و، لە کلوبی سیکسی پێنج ئەستێرەی بەهەشت تەنانەت بێوەژنێکی بەتەمەنیشی بۆ ناخەنە ژوورەکەیەوە، چ جای ٧٢ کچی باکرەی تەسک و تروسک، کە هەر جارە دوای کرانیان دیسان دەبنەوە بە کچ بۆ دیسان و دیسان!

٦

ئـەو نموونانە لە کـورد و لە ئـەوەندە لە میللـەتانی رۆژ هـەڵاتی نـاوەڕاسـت و لە ئـەڵمان و... لـە هـەمووی، پێمان‌دەڵێن : جەماوەری کـورد، نە لە جەماوەری میللەتانی تر عاقڵترە و نە بێعەقڵتر. وردەکارییەکان جیاوازن بەڵێ، بەڵام نەک جـەوهەر . جەماوەری مرۆڤ لە سەرتاسەری دنیادا، لە جەوهەردا هەمان تاس هەمان حەمامە، سـوێدی و دانیمارکی و کـورد و عـارەب و هینـدی و ... هـەمووی، یـەک لە یـەک سـادەتر و سـاویلکەترە . بـەڵام لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دوو سـنف خەڵک هەن : کەمینەیەک کە زیـرەک و کارایە، کار دەکاتە ژیان و رووداوان و، چـارەنووسـی جەماوەر بڕیار دەدات . زۆرینەکەش کە جەماوەرە، لە هەر وڵاتێکی دنیادا بێت، بە کـوردسـتا-نیشەوە، چارەنووسی، ئەوەندەی کە دەکرێت، دە دەستی ئەو کەمینەیەدایە .

ئـەمارەت، دەوڵـەت و نـەتەوە، ئیمپراتۆری، بە چـەند نـەفەرێکی کەم دامەزراون : کاربەدەستە گەندەڵ و قاچاخچییە ئیسپانییەکان لە ئەمریکای‌باشوور چەندین قەومیان قەڵاچۆکردن و ئـەوەندە نەتەوەی نوێیان بۆ خۆیان دروستکردن - بەنموونە . پێش ئـەوان چـەند نـەفەرێک ئیمپراتۆریی عەباسییان دامەزراند . یا لەم سـەردەمەدا ماڵی" آل سـعود" نەتەوەی خۆیان دروسـتکرد . ماڵی فرانکی ناوی‌خۆیان دا بە وڵاتێک(فەرەنسا) . جـەماوەر لە هیچ کوێی دنیا هیچ گـوناهێکی نیە و، هیچ دریغییەک نـاکات، جـەماوەر مـرۆڤە و مـرۆڤ ئـەوەیە، دەمێنێتەوە سەر ئەو کەمینەیەی کە چـارەنووسی - ئـەوەندەی دەکـرێت - بۆ بشکێنێتەوە . ژمـارەی دامـەزرێنەری ئـەو کـەمینـەیەش دەکرێت لە ژمارەی پـەنجەکانی دەست پتر نـەبێت . ئـەوجا ئەگەر میللەت کەسی تێدا هەڵکەوێت کە سیفـەتی ئـەو کـەمینەیەی وەهـای هـەبێت، ئـەوا کاری خـۆی دەکـات و، ئـەگەر نـەیبێت خـۆ جەماوەری جەماوەر- کە هەر چاوەڕێ‌دەکات کێ چیی بەسەر بهێنێت- چی بکات ؟ هیچ .

بە عیبارەتێکی تر : من ئـەگەر عەقڵ و- لەوەش گرنگتر- شـەهامەتم هـەبێت، لەجیاتی ئەوە هیچ گلەییەک لە میللەتەکەم بکەم، گلەیی تـەنیا و تـەنیا لە خۆم دەکەم : ئـایا من ئەو مرۆڤەم کە بتوانم دەوری ئـەو چـەند نـەفەرە ببینم کە بتوانن چـارەنووسی جەماوەر بەو ئاقارەدا ببەن کە مەبەستە، یان ئەو مرۆڤە نیم .

٧

هـەڤاڵێکی خۆشـەویستی هـاوخەباتی رابردوو، پـەیتا- پـەیتا وەبیرمدەهێنێتەوە کە کـاربەدەستانی پارتی و یەکێتی چەندە کاری خراپ دەکەن . ئەوە لە شەڕی جیهانیی یەکەمەوە، یا کەمێک پێش ئەوەوە کە یـەکەم چـاپەمەنیی کـوردی و یـەکەم رێکخراوی سیاسیی بیـری نـەتـەوایەتیی کـورد دامەزراوە، کێشەی چینیناوەندی کورد بووە . ئەو چینە نەیتوانیوە خۆی پێبگات و دەسـەڵاتدار بێت و نموونـەیەکی رابـەریی باشتر پێشکەشی نـەتـەوەکەی بکات، هـەر چاوی لە دەستی چینی لەمێژینەی میرانی خۆیەتی چیی بۆ بکەن و، چۆن بە دڵی ئەویشی بکەن!

ئێ نـایکەن، بـرا گیان نـایکەن . جـەماوەریش وەکو هەموو جەماوەری سەر رووی زەوی هەر هـاوار و داد و فغـانی لەدەست دێت، خـۆ چی بـکات . دەی کە تـۆ لە چینێکی تـریت و بیـرێکی ترت هەیە، بۆچی کارێک بۆ هـەڵوێستی خـۆت نـاکەیت ؟ ئەم پرتە و بۆڵەیەت لە چی ؟

هەژار دەیگێرایەوە، دەیگوت : لە بـۆکان، شـەوێک لەگەڵ فلانکەسدا بووم(ناوەکەی دەگوت)، بەلای خانوویەکدا رۆیشتین- وا دەزانم گوتی خانووی ئیدارەیەکی دەوڵەتیئێران بوو، زۆر پێش کۆماری کوردستان . هەڤاڵەکەم گوتی : رەحمان ئەتۆ ئەو شتەت بە تەپڵی سەری ئەو بینایەتەوە دیتووە ؟ ئـای چ بۆ نیشانەی تفەنگ خـۆشـە، ئێستا تفەنگەکەم پێبـوایە . ئیدی پێکەنین و هەر- کەسەمان چووەوە ماڵی خۆی . لە نـاوجێگەدا بووم، هێشـتا خـەوم لێ نـەکەوتبوو، لە پڕ دەنگی تـەقـەی تفەنگ هات ... گوتم تۆ بڵێی ئـەو شێتە بێت، زەوقی ئـەو تەقەکردنە لەو خانووە بـەری نـەدابێت ؟ سبەی دەرکەوت کە ئـەرێوەڵڵا رێک خـۆی بوو! شـەو هـەدای نـەدابوو، تفەنگەی دەرخستبوو و چووبوو بەو شوێنەیەوە نابوو .

چینی نـاوەندی کورد ئەوە نـاکات . میر کاری خۆی بە شێوەی خۆی دەکات، جەماوەریش قـەت درێغی نـاکات . دەمێنێتەوە سەر خـەباتکاری چینێکی تـری کە بیـرێکی تـری هـەیـە، ئێ خۆ با ئەویش جارێک کەسێکی هەبێت لە شوێنێک تفەنگێکی زەوقی خۆی بە شـوێنێکەوە بنێت، چی- دەبێت! هـەر دەتانەوێت ماڵی بـارزانی و دوو کوڕی هێرۆ بـرایم و ئـەوەندە کـوڕی ماڵی شیخ جەنگی لە رێگەی بـەغداوە مـووچەتان بۆ وەدەسـتبهێنن ؟ ئـەوەیە دەوری ئێـوە لە مێـژوودا ؟ چاوەڕێکردنی مووچەیە کە ئەوانە بتاندەنێ ؟

## ئەخلاق لە نێوان زینات خانم و تاها حوسێن و ئەم دوو جار دکتۆرەدا -٣١-

١

کـەشـەیەکی کاتۆلیکی ئیتالی، گارزۆنی، سەدەی هەژدە، پتر لە هەژدە ساڵ لە " ئامێدی" ژیاوە و، هـاتـوچۆی مەسیحییەکانی تری مووسـڵ و شوێنانێکی تریشی کردوون . ئـەوجا کتێبێکی بە ناوی" رێزمان و وشەنامەی زمانیکوردی" بە ئیتالی بۆ بڵاوکەرەوەکانیمەسیحییەت نووسیوە، تاکو ئەگەر بچنە ناو کورد، کە تێدا بە کورد دەڵێت خەڵکی وەحشـی popoli barbari، کەڵکی لێ ببینن . کتێبەکە زۆر بەناوبانگ بووە و زۆریان پێ هـەڵگوتووە . منیش زۆر تـامەزرۆ بووم کە حەتمەن بزانم چیی تێدایە . بەشی ئەوەندە خۆم فێری زمانیئیتالی کرد کە بتوانم بیخوێنمەوە و بە چاکی تێبیگەم . خوێندمەوە، بـەڵام چی بخوێنمەوە! شتێکی ئێجگار زۆر سەیر، ئەوەی کە تـەپۆترین کەس بۆ فێـربوونـی زمان دەتوانێت فێری ببێت، ئەو کەشەیە بە ئەو ئەوەندە ساڵەی لە ئامێدی فێری نەبووە!


ئێستا هـەر کـوردێـک بچێتە بـەغدا و تـاقە یـەک سـاڵ لەوێ بمێنێتەوە، دەبێت جیاوازیی نێوان " صديقي" و " صديقتي" بـزانێت، " حبيبي " و " حبيبتي"، " جاري" و جارتي"... مـەگەر وا نیە ؟ ئـەگـەر دوای سـاڵێک ئـەو جیاوازییە تێنـەگەیشـت، نـەیـزانی ئـەو " ت "یەی صديقتي و حبيبتي و جارتیيە بۆ مێیینەیە و، چـوو کتێبێکیشی بۆ رێـزمانیعـارەبی نـووسی ؟ دەبێـت چیی لێ دەربچێت ؟ مەگەر هەر کۆپییەکی ئەم کتێبەی گارزۆنیی لێ دەربچێت!

چۆن :

بە شێوازی بادینان ( کـرمانجیی سـەروو)، دەڵێیت :" هەڤالێ من" ئـەگەر هەڤاڵەکە نێـر بێت و، " هەڤالا من " ئـەگەر مێ بێت، گارزۆنی ئـەو هـەمووە ساڵانە لە ناو ئەو کوردانەی بادیناندا ئا ئەوە فێر نـەبووە! کاتێک دیتوویە وشەی" دایک" لە زمانەکەدا هەیە و دەڵێن "دایکا من"، بەڵام " بابێ من"، لە کتێبەکەیدا نووسیویە : ئەو" ا "یەی " دایکا من" هی ئەوەیە کە وشەی" دایک" بە پیتی" ک" کۆتایی هاتووە و هەر ناوێک بە" ک" کۆتایی بێت، ئەوا بە" ا " ئیزافە دەکرێت!

دوای پتر لە هەژدە ساڵ لە ناو ئەو خەڵکەدا، بـەشی ئەوەندە فێر نـەبووە کە بزانێت ئـەو " ا "یە هی چیە، ئـەوجا هـەر وا بە خـەیاڵی خۆی ئـەو " تیئۆری"یەی بۆ داتاشیوە . ئەوە بە کوردی

دەبێت چیی پێ بڵێین ؟ تـەپـۆ ؟ یا پتر هەڵدەگرێت ؟
من کتێبەکەم وەرگێـڕایـە سـەر زمانی کـوردی ( کە یـەک- دوو لاپـەڕەشی بە زمانی لاتینـە) و تەتەڵەم کرد و هەڵەکانیم روونکردنەوە .




دیسامبری ساڵی رابرد(٢٠٢٢)، لە سەر لاپەڕەیەکی فەیسبووک دیتم ئێجگار زۆر بە گەورەیی ئەو کتێبە هەڵدەڵێن، کۆمێنتێکم نووسی کە : ئەو کتێبە هەر لەو رووەوە گرنگە کە سەدەیهەژدە باسی هەبوونی زمانی کوردی و گەلی کوردی کردووە ( کە لەوەشدا بە هەڵە چووم، نـە گرنـگ و نـە هیچ - دواتر روونی دەکەمەوە) و ئیتـر بەگـوێرەی تـوانای خۆی کارێکی کـردووە، بـەڵام قیمەتی زانستی نیە، کتێبەکە پڕە لە هەڵەی زۆر و قسەی سەیر .
ئـای کە دکتـۆرێک بەوە وروژا : چی ؟ تـۆ چـۆن شتی وا بەو کتێبە دەڵێیت ؟ تـۆ کێیت و چی دەزانیت ؟ من ... من ... من ... و ئەو هەمووە ناودار و زانایانە، تۆ ئێستا هاتوویت وەها باسی ئەو کتێبە دەکەیت ؟


## ٢

دەقی قسەی گارزۆنی لە پاراگرافی ناوەندی لاپەڕە ١٩ی کتێبەکەیدا :

(..) قانوونیگشتیی ئەمە بەمجۆرەیە : ئـەگەر دوا پیتی وشەکە" ب" بێت، ئەوا "ێ"ی بەدوودا دێت : بابێ من، ئـەگەر" ف" بێت ئەوا " ێ"ی بەدوودا دێت، ئەگەر"ک" بێت ئەوا " ا"ی بە دوودا دێت :" دایکا من"، ئەگەر" ل"ی دوای پیتیدەنگدار بێت ئەوا " i (ئي)"ی بەدوودا دێت : مالي من! ...

بـەوجـۆرە تیئۆری بەدووی تیئۆریی خـەیاڵی خۆیەوە دادەتاشـێت کە هیچی فـڕی بەسەر زمانی کوردییەوە نیە . بە دکتۆر دەڵێم : چاوەکەم دکتۆر گیان، تۆ سەیری لاپەڕە نۆزدەی ئەو کتێبەی گارزۆنی بکە( لاپەڕە ٣٣ی وەرگێرانەکەی من) و پێمان بڵـێ گارزۆنی چی دەڵێت ؟

هەر ئەوەندە، فەرموو .



KURDA - 19

*De' sostantivi, ed aggettivi.*

Li sostantivi, ed aggettivi nella lingua Kurda sono indeclinabili, e non ha questa lingua mascolino, e femminino, e li casi si distinguono o dalli articoli, o dalli pronomi. Sia per esempio. *Padre* Bab, *del Padre* ia Bab, *al Padre* a Bab, *o Padre* ia Bab, *dal Padre* ïx Bab.

*Annotazione.* Tutti li sostantivi, ed aggiettivi che finiscono in vocale, quando sono in fine del discorso si può elidere la vocale v. g. *io sono sano* az saka; oppure az sak. Ma quando li sostantivi finiscono in una consonante, e gli seguita un aggettivo, o pronome si frappone una delle tre vocali A E I, sia per esempio *Padre* Bab, *Padre mio* Babemen, *Madre* Daik, *Madre mia* Daikamen, *sostanze* mal, *sostanze fabbricate* (vale a dire *moltiplicate* frase Kurda) Maliavä. La vocale I accade di raro. La regola generale è la seguente. Dopo il B si pone E, dopo F s'aggiugne E, dopo il K s'aggiugne A, dopo L se seguita una vocale, si aggiugne I se una consonante E, dopo il M si aggiugne E, dopo il R si aggiugne E; ma 'l R si fa spiccare quasi che fosse raddoppiato. Nelle loro poesie però in fine dei versi per far la rima si servono di qualunque vocale per licenza poetica, ed alcune volte aggiungono un' altra vocale di più.

*De' nomi comparativi.*

Anche li comparativi sono indeclinabili, e si distinguono dai superlativi in questa maniera. In luogo della particola più, si pospose al comparativo la particola ter; e per farlo superlativo si antepone, v. g. *bello* spéi, *più bello* spéiter, *bellissimo* ter spéi.

B 2 De'

Digitized by Google

وەڵامی دکتۆر :

کۆمێنتەکی زۆر بە پەلەو بە کورتی، ئەمسال ٢٠٢٢ کات کەم ماوە.
ئەم فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی شاکارێکی گەورەیە بۆ ئەوکات، سالی ١٧٨٧، دەیان توێژینەەو وتاری لەسەر نووسراوە. ئێمە لە سالی ١٩٨٧ کتێب ـ نامیلکەیەکمان لە ئیتالی بە نوی "کوردو کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیا لە سەدەی١٢ تا ١٩ زا" کردە کوردی ولە سوید لە بنکەی هەنگاو بلاوکرایەوە. لە سالی ٢٠١٥، بە دەستپێشخەری "دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان" لە شاری بۆلزانۆ ـ ئیتالیا فێستیڤالی بەدرخان سازکرا، شەرەفی ئەوەیان پێدام بەزمانی ئیتالی و کوردی سەرپەرشتی فێستیڤالەکە بکەم. یەکێک لە کارە باشەکانی ئەو فێستیڤالە دووبارە چاپکردنەوەی ئەم قاموس و ڕێزمانە بوو،من پێشەکیە ئیتالیەکەی گەرسۆنیم کردە کوردی و لەگەل چەند وتاریتر هەموو بەیەکەوە، بە چاپێکی جوان، بلاوکرایەوە. من٤١سال زیاترە لە ئیتالیا دەژیم، دوو بروانامەی دکتۆرام هەیە، بە دەیان کتێیب و نامیلکەم و چەندەها توێژینەوەو وتارم بە زمانی ئیتالی نووسیووە کەچی تا ئەمڕۆژ بە باشی زمانی ئیتالی فێر نەبووم و نازانم، بە تایبەتی بۆ وەرگێران لە ئیتالی بۆ کوردی، بە تایبەت ئەو نووسینە ئیتالیانەی سەت و دووسەت ساڵ پێش ئێستا نووسراون. کەچی زۆرم پێ سەیرە کاک شێرکۆ هەژار دڵێ بە ساڵێک خۆم فێری زمانی ئیتالی کرد بۆ ئەوەی ئەو فەرهەنگە بکەمە کوردی. تۆ بڵێی هەنگی لە دار دیتبێتەوە و بە قودرەتی قادری بەو ماوە کورتە .... ئەو موعجیزەیەی ئەنجامداوە. لە لایەک دەستخۆشی لە کاک شێرکۆ؟ هەژار دەکەم بەلام گلەیی زۆری لێدەکەم ئاماژەیی بەوکارانە نەکردووە، مەعقول نیە کەسێکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی وەک کاک شێرکۆ لەوکارانە بێ خەبەر بووبێت و نەی بینیین. من ئاگادارم و بەلگەم لەبەردەستە کە زۆر نووسێن و توێژینەوە بە زمانی

فەرەنسی، سەبارەت بەم فەرهەنگە، بلاوکراونەتەوە و ناکرێ کاک شێرکۆ نەیدتبێت. پاشان کاک شێرکۆ، مخابن، زۆر سەرپیانە هەڵسەنگاندی بۆ فەرهەنگی گەرسۆنی کردووە.

ئەوجا من پێی‌دەڵێم : :

بەڕیز کاکە دکتۆر...، ئەو کۆمێنتەتان لە سەرەتاوە تا دەگاتە دەستخۆشی وگلەیی لە من هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نیە تا شتێک لەبارەیەوە بڵێم : خوێندن و کار و بەرهەمی ئێوە، یا ئەو هەمووە خەڵکە چییان لەبارەی ئەو کتێبەی گارزۆنییەوە گوتووە، ئەوە هەر پێوەندیی بە بەڕێزتان و بە ئەو خەڵکەی ترەوە هەیە کە چییان‌گوتووە، یا بە بیری ئێوە دەبێت من چەندە ئیتالی بزانم یا نەزانم، ئەوەش‌هەر پێوەندیی بە خۆتانەوە هەیە . بەڵام بۆ گلەییەکە، من نەمزانیوە کە ئێوە کارتان لەسەر ئەو کتێبەی گارزۆنی کردووە، ئەمە ئێستا بۆ جاری یەکەم بەوە دەزانم، ئەگەر رەخنە لە بێئاگایی من بگرن، ئەوە رەنگە هەقی خۆتان بێت، ئەوجا بە بیری ئێوە مەعقول بێت یان نەبێت، ئەوە حەقیقەتەکەیە، من زۆر بەداخەوە کە ئاگام لە زۆر کتێب نەبووە . ئێوە هەر گلەیی دەکەن، بەڵام دۆستێکی‌تر هێندێک بە تووڕەییەوە پێی‌گوتم : من پێش تۆ ئەو کتێبەم وەرگێڕاوە و تۆ باستنەکردووە،کاک عەبدوڵڵای مەردوخ لە پاریسەوە کە لەوێ ناوی"فرانسوا"یە، ئیتر لوتفی کرد و وەرگێڕانەکەی بۆ ناردم، دیتم تەنیا هەر پێشەکییەکە بوو بەڵام بە ناتەواوی ( نەک هەمووی) . حوکم لەسەر هەر وەرگێڕانێک، بە بیری من، بەوە دەبێت کە ئەسڵەکە لە پێش خۆتان بکەنەوە و سەیری وەرگێڕانەکەش‌بکەن، سەیری دەقی دوو شت ( دوو تێکستی لە پێشتانن) بکەن، بە نموونە : لاپەڕە ١٩ی ئەسڵە ئیتالییەکە دەڵێت : " ا "ی نێوان دایک و من لە " دایکا من"دا بەهۆی ئەوەوەیە کە دوا وشەی دایک بریتییە لە " ک"، ئەوجا سەیری لاپەڕە ٣٣ی کوردییەکەی من بکەن دەبینن بە ئەمانەت قسەکەی ئەوم وەرگێڕاوە و لە دوو کەوانی روونکردنەوەی وەرگێڕدا نووسیومە : ئەوە راست نیە، ئەو " ا"یە لەو شێوازەی کرمانجیدا بۆ ئیزافەیە و کاری بە هیچ پیتێکەوە نیە . یا سەیر بکەن چۆن دەڵێت فڵانە پیتم بۆ ئەو دەنگە بەکارهێناوە و منیش ئەو نموونانەم تێدا وەکو خۆیان بۆ نووسیوەتەوە کە بۆ دەنگی تری جیاوازی بەکارهێناون . من هیچ شتێکم لە خۆمەوە نەهێناوە . ئیتر چیرۆکی ئەو خەڵکە، چی لەبارەیەوە دەڵێن، ئێوە چ کارێکتان کردووە، من چی دەزانم یا نازانم، ئەوە- بە بیری من - بەراستی هیچ پێوەندییەکی بە باسەکەوە نیە . بۆ دەستخۆشییەکە سوپاستان دەکەم .

دیسان کاک دکتۆر دەڵێت :

دەستخۆش و سوپاس کاک شێرکۆ بۆ وەلامەکەتان، وەک ووتم زۆر بە پەلە کۆمێنتەکەم نووسیووەو هەموو وەرگێرانەکەی ئێوەم نەخوێندۆتەوەو بە دڵنیایەوە هەولدەدم بە دیقەت بیخوێنمەوەو؟
لە کۆمێنتەکەم و ئاماژەم بە ٣ خاڵکرد:

١.هەموو ئەونووسەرو زانا و ئەکادیمانەی لەسەر فەرهەنگەکەی گەرسۆنیان نووسیووە بە شاکارێکی زمانەوانیان لە قەلەمیانداوە کەچی ئێوە دەنووسن "کتێبێکی پەڕپووت و بێسەرو بەرە."

٢ .بێ ئاگایی بەڕێزتان لە کاری ئەکادیمی لەسەر هەمان بابەت کەلێنێکی گەورەیە و نەدەبوایە بەسەرتان رەتبێ. دەزانم ناکرێ ئاگاداری هەمووشتێک بیت بەلام بۆ کەسکی وەک بەڕێزتان کەمتەرخەمیەکە گەورەترە.

من جارێکیتر دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆ ماندووبوون وشەونخونی بۆ وەرگێرانی ئەم فەرهەنگە، دڵنیامە، بە هەموو کەموکوریەکان کارکی زۆر پۆزەتیڤە. هەر سەرکەوتووبن .

— کۆتایی قسەی دوو جار دکتۆر —

ئیتر بوو بە بەیتی مێشوولە، هەر من دەڵێم : تکایە پێمانبڵێ لاپەڕە ١٩ی کتێبەکە چی تێدا نووسراوە و هەر ئەو- کە ناتوانێت بیخوێنێتەوە و هیچی لێ تێبگات- فیزێکی تری" ئاکادیمی" لێدەدات، ئەمجارەیان دەڵێت کە تۆ ئاگات لە شتی ئاکادیمی نیە(پێشتر گوتبووی تۆی ئاکادیمی).
من دیسان دوورودرێژ قسەکانم دەڵێمەوە : کاکە دکتۆر گیان

من تێناگەم تۆ بۆچی ناچیتە مەوزووعەوە، هەر بە دەوریدا دەسووڕێیتەوە :
خەڵک وا دەڵێن و تۆ شت نازانیت و ...

ئیتر کاک دووجار دکتۆر دەوەستێت . کەسێکی تر( کە لاپەڕەکە بە ناوی ئەوە) تووڕە دەبێت و بە من دەڵێت :

جا رەنگە کە کەسێک لەو سەردەمەدا بە ئەوروپاییەکانی گوتووە : کورد هەیە، کوردستان هەیە و زمانی کوردی هەیە . ئەوەش زۆر گرنگ تر بێ لەو تەپوو تۆزەی تۆ ،،، لەسەر خۆ بە تا ئەورۆش نە رێزمان نە زمانێکی یەکگرتووت نیە ،، (کۆپیی نووسینەکەی لە فەیسبووکدا)

رۆژئـاوایی بە گشتی، چـەندین سـەدە و تا شـۆڕشـی ئـەیلوولی ١٩٦١ و ناوی بـارزانی، وشەی " کورد"یان بە مانای دز و جەردەی شاخوداخێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دە سەردا بووە .

تـاک و تەرا قسەیەکی باشیش کـراوە، بەڵام قەترە بە دەریایەک کە هیچی لەو وێنەیەی زۆربەی زۆری ئـەو گەشتـوەرانەی وەک گارزۆنی نـەگۆڕیوە کە بە کـورد دەڵێـت : popoli barbari خەڵکی وەحشی . گارزۆنی پتر لە هـەژدە سـاڵ ئازادیی ئاینیی مەسیحییەکانی لە ئـامێدی دیتووە، بـەڵام بە پێویستی نازانێت بەراوردێکی ئەوە بە ئەوروپا بکات، یا بەلای کەم بڵێت "مافی شەوی یەکەمی بووکی رەعیەت بۆ دەرەبەگ"ی ئەوروپایی لە مێژووی کوردانداا نەبووە .

گارزۆنی، سەد خۆزیا لاقی دەشکا و نەدەچووە کوردستان و کتێبی نـەدەنووسی . گوتوویە کورد هەیە ؟ ئێ خـۆ زۆر پێـش ئـەو، گەشتـوەرانی تـری ئـەوروپایی پێـش ئـەو، زانیویانە کە عارەب هەیە و فارس هەیە و تورک هەیە و چینی هەیە و ژاپۆنی هەیە و ئەو هەمووە قەومانەی ئافریقا هەن تا بچن سامانی وڵاتیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئـەوروپا تـاڵان بکەن و دایاندۆشن و تـەنانەت ئافریقاییان بە کۆیلە بگرن و، لە بازاڕەکانیاندا بیانفرۆشن، ئێ ئەگەر لە پاڵ ئەوانەدا گارزۆنییە- کیشیان بڵێت : " پۆپۆلی بارباری"یەکیش بە ناوی کورد لە وڵاتێک بە ناوی کـوردستان هەن بە کەڵکی چی دێت ؟ سـەد خۆزیا چـەند سەدەش دوای ئەوە سـایکس و پیکۆش هەر نـەیاندەزانی کوردستان هەیە و لەکوێیە . کە " ئەوروپایی" لە نەژادێکی ئەوەندە بەرز و پیرۆزە، هەر ئەگەر بنووسێت کوردیش هەن، جا با بە دز و جـەردەشیان ناو ببات، هـەر قـەرزدارمان دەکات! ... چ هەستێکی پەستی و خۆ لە دنیادا بە هیچ دانان .

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، پێش من، باسی بـەدئەخلاقی و قسەی هەلەق‌مەلەقی گەشتوەرا- نێکی ئەوروپایی کردووە، من نووسینێکیم لەوەدا لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوە ( هـەڵدانەوەی چەند کتێب و گـۆڤارێکیش : کورد و کوردستان لە گێڕانەوەی گەشتوەرانی کۆنی رۆژئـاوایی سەدەی ١٦-١٨دا) . دەسـەڵاتی فـارس و تـورک کێشەیان لەگەڵ کـورددا هـەبووە، چ لەگەڵ میران و چ لەگەڵ عـەشیرەتانی کـورددا و، کـوردیان بە دز و جەردە و یـاخی و کەللـەڕەق داناوە و ئەوەیان کردووە بە قەوانەشڕە و گەشتوەرانیش کۆپییان کردووەتەوە . گەشتوەر، بازرگان بووە، بە یەک دنیا گەوهەر و زێڕ و فەرش و قوماشی گرانی ئاوریشم لەم سەر تا ئەوسەری کوردستان، شاخ

بە شاخ گەڕاوە و کەرەستەی فرۆشتووە و یەک جاریش کەسێک پێشی نەگرتووە، شتێک کە بە خەونیش لە ئەوروپا نەیدەدیت، بەڵام هەر بە کورد دەڵێت : جەردە! بۆچی ؟ کاربەدەستانی گومرکی کورد لەسەر سنووری ئەمارەت داوای باجیان لێ کردووە! ئەدی مەگەر تۆ باجت نەدەدا بە کاربەدەستانی تورک و فارس ؟ بۆچی هەر ئەوەی کورد جەردەییە ؟

وەهەم و خورافات لە بارەی زمانی کوردی و فەرهەنگی کورد، لە چەندین سەدەوە گەیشتووەتە جەنابی دوو جار دکتۆری سەدەی بیستەم لە ئیتالیا، جەناب پێی هەڵدەڵێت، کاتێک من کتێبەکە بە ئەمانەت وەردەگێڕم و بە کورد دەڵێم گارزۆنی چیی لەبارەی کورد و زمانەکەی نووسیوە، دوو جار دکتۆر دەمیم لێ دەکاتەوە کە من چ نەزانێکم و قەدری ئەو و گارزۆنییەکان نازانم .

٣

باسی ئەخلاقی مرۆڤ واتە : باسی " راست و ناڕاست " لە " رەفتار"ی مرۆڤدا و" بەها "کانی ئەوە . ئێ بەگوێرەی ئەوە : کێ ئەخلاقی باشە و کێ خراپ ؟ یا بە زاراوەی کە بەکاردێت : کێ بە ئەخلاقە و کێ بێ ئەخلاق ؟

کتێبێک، لە سەدەی هەژدەوە هەیە، پڕە لە قسەی قۆڕ لە بارەی کورد و زمانەکەی . خەڵکێک کە نازانن چیی تێدایە، چونکە یا ئەو ئیتالییەیان بۆ ناخوێندرێتەوە، یا بۆیان دەخوێندرێتەوە بەڵام رێزمانی کوردی نازانن و ناتوانن بزانن ئەوەی گارزۆنی لەبارەی ئەو رێزمانەی دەڵێت قسەی هیچوپووچە و فڕی بەسەر حەقیقەتی رێزمانی کوردییەوە نیە . کەسێکی ئەوروپایی هەر ئەوەندە کە دەبینێت کلیسا ئەوسا لە رۆما کتێبێکی بەو ناوە چاپکردووە، ئەوە سەرنجی رادە-کێشێت و پێی هەڵدەڵێت و، هەر کێ بەدوویدا دێت وەکو تووتی دەیڵێتەوە . زەلامێکی کورد، کە دەڵێت دوو دکتۆرای هەیە، پێشەکیی ئەو کتێبە وەردەگێڕێت و، ئەویش زۆر بە کتێبەکە هەڵدە-ڵێت . بۆچی پێی هەڵدەڵێت ؟ چونکە نازانێت چیی تێدایە، بە زەحمەت بۆی دەخوێندرێتەوە و، ئەوجا ئەو - کە رەنگە رێزمانی کرمانجیی باکووریش نەزانێت - ئەو زمانە ئاڵۆزەی خەیاڵی گارزۆنی لە ئەو رێزمانە سەیرە خەیاڵییەدا دەبینێت، هەر تەقەی سەری لێ دێت دەبێت ئەوە چی بێت . من دێم و، گارزۆنی دەخوێنمەوە، تێی دەگەم، وەریدەگێڕم و روونی دەکەمەوە کە چ

کتێبێکی پـەڕپووت و بێ سـەروبـەرە . ئێستا ئەگەر خاوەنی دوو دکتۆراکە " ئەخلاق"ی هەبێت ( راست لە رەفتاردا بۆ بەهای زانست لە فەرهەنگی مرۆڤدا) مەگەر هـەر بڵێت : ئێجگار زۆر سوپـاس شێرکۆ، کە من ئەو کتێبە تێنـەگەیشتووم و نـەمزانیوە چیی تێدایە، تاکو ئێستا تۆ دێیت و ئـەوە روون‌دەکەیتەوە . ئـەوجا داوای لێبـوردن دەکات لە کـورد و کتێبخانـە و زمان و مێـژوو و زانیاریی کورد، کە ئەو بە نەزانیی خۆی ئەوانەی هەمووی پێشێل‌کردوون .

کەچی نـەک هـەر وا نـاکات، بگرە پێ لەسـەر " نـەزانیی نـەزانان" دادەگـرێـت و، دەیـەوێت لە فـەیسبووکدا من بە نـەزان پێشکەش بکات، تـاکو نـەزانیی خـۆی و نـەزانانی تری پێش خۆی بە سـاختە و درۆ و دەلـەسـە بپـەڕێنێتەوە . ئەوە بۆ" ئـەخلاق "ی ئەم دوو جار دکتۆرە، دەبێت چیی پێ‌بگوترێت ؟

٤

ئـەوجا با سـەیرێکی" ئـەخلاق"ی " زینـات صدقي" خـانمی بـازیگەری عارەبی فیلمی میسـری بکەین :

زینـات خانم دەگێڕێتەوە، دەڵێـت لە بـۆنـەیەکی گشتیـدا لە شـوێنێک تـاها حوسێن دەبینێت، دەچێتە لای و پێی دەڵێت : چۆنی دکتـۆر ؟ تـاها حـوسێن، کە نـابینایە، دەڵێت : من خـاوەنی ئـەو دەنـگە چاک دەناسمەوە . زینات خانم دەڵێت : ئەزیەتی بیرلێ‌کردنەوەتان نادەم، من" زینات صدقي"یم ، دکتۆر، من هـەر خوێندنی سـەرەتایی (بنەڕەتی)یم تـەواو کردووە و هیچی دی، هەوڵدەدەم خۆم پێ‌بگەیەنم و خانمێکی مامۆستای فـەرەنسیم هەیە، فێری زمانی فەرەنسیم دەکات، زۆر شـادم کە بە خزمەتتان گەیشتم " .

تاها حوسێن دەڵێت : " بۆ ئـەو دەموڕاوێـژ و ئەدەب و ئەخلاق و شێوەی قسەکردنەی هەتە، من دەرەجەی دکتۆرات دەدەمێ و، ئەوپەڕی شانازییە بۆ من کە بە خزمەت تۆ گەیشتم " .

ئێستا زینـات خـانم هیچ پێویستی بەوە نـەبووە بچێت تاها حوسێن بـدوێنێت و باسی بـێ دیپلۆمیی خـۆی بکات، لە شـوێنێک کە ئـەو هـەمووە خـەڵکەی لێ بوون، بە بـازیگەرانی تری هاوپیشەی خۆیەوە کە زۆریان پتر لە دیپلۆمێکی بەرزیان هەیە . چ پێویست دەکات بچێت و لە ناو ئەوانەدا حـەقیقەتی خۆی وا باس بکات( کە دەکرێت دووجار دکتۆرێکی وەک ئەمەی ئێرەی ئێمەیش لەو

شوێنە بێت و ئەوە هەر بە ڕیسوایی دابنێت) . زینـات خـانم، بەوەی کە هەیە، دەیـەوێت هەستی خـۆی بۆ تـاها حوسێن دەرببڕێت و، بەوە کە ڕەنگە زۆر دکتۆر و پرۆفیسۆر و ئەو شتانە هـەبن کە لە بـۆنەی وەهادا بیانەوێت بـاسێک لەگەڵ تاها حوسیندا بکەنەوە، زینـات خانم پێشەکی پێی-دەڵێت کە من لەوانە نیم، هەر سـەرەتاییم خوێندووە، نـە پتـر، بـەڵام هەوڵ بۆ خوێندەواریی خـۆم دەدەم . تاها حوسێن، بە " ئەخلاق "ی بەرزی خۆی،" ئەخلاق "ی بەرز لەوەدا دەبینێت .

ئەوە نموونـەیەکی زۆر ڕوون و چاکە بۆ پێوەندیی نێوان " ئەخلاق" و " زانست" . زینـات خانم " ئـەخلاق "ی بـەرزە و دەتوانێت فێر ببێت و، تـاها حوسێن بە " ئـەخلاق "ی بـەرزی خۆی بە شایانی دکتۆرای دەبینێت . ئەوجا لێرەدا، ئـەگەر بـەراورد بکەین، دەبێت چی بە " ئـەخـلاق "ی ئەم دوو جار دکتۆرەی خۆمان بڵێین ؟



د. طه حسين



زينات صدقي

ڕەنگە زۆر کەسی تریش وا بن، من کاتێک هەستم بە ڕووداوێک دەبزوێت، زۆر وادەبێت بۆ ئەوە شیعرێکم وە بیردێتەوە . ئەوجا ڕێکەوتی ژیانم وەها بووە کە زۆر شیعری عارەبیشم لەبەرکردوون . ئیدی ئەوەیە کە واش‌دەبێت لە کاتێکی وەهادا شیعرێکی عارەبیم وەبیردێتەوە . شاعیرێکی سەردەمی عەباسییەکان، خەڵکی مووسڵ( أبو تمام ٧٨٨- ٨٤٥) هەبووە، کە لەم سەردەمانەدا بە فێستیڤاڵ لە مووسڵ یادی دەکرێتەوە .

ساڵی ١٩٧١ یەکێک لەو فێستیڤاڵانە لە مووسڵ کرا . شاعیرانێکی زۆری تێدا بەشداربوون . سێ شاعیری زۆر گەورەیان تێدا بوو : " الجواهري" و " نزار قباني" و" عبدالله البردوني". ئەمەی دواییان (بەردوونی) لەوێ لە هەموویان سەرکەوتووتر بوو و، بە هۆی ئەو شیعرەی کە لەوێ بەو بۆنەیەوە خوێندییەوە، نازناوی" أمير الشعراء"یان دایێ( پێشتر: أحمد شوقي و، الأخطل الصغير(بشارة الخوري)یش ئەو نازناوەیان درابوویێ) . بەردوونی(١٩٢٩-١٩٩٩)، لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە چاونابینا، خەڵکی " بەردوون"ی یەمەن، شاعیرێکی ئێجگار زۆر گەورە بوو . لە ڕووی هێزی زمانی عارەبییەوە – جەواهیریی لێ دەرچێت – ڕەنگە هیچ شاعیرێکی تری عارەبی هاودەمی لە ئاستی ئەودا نەبووبێت . شیعرەکەی، بە ئیشارەتێک بە شیعرێکی بەناوبانگی أبو تمام ( السيف أصدق أنباء من الكتب في حده الحد بين الجد و اللعب) بەمجۆرە دەست پێکرد :

ما أصدق السيف إن لم ينضه الكذب – و أكذب السيف إن لم يصدق الغضب

( شمشێر چەندە ڕاست دەکات ئەگەر درۆ هەڵینەکێشابێت

و شمشێر چەندە درۆ دەکات ئەگەر تووڕەییەکە ڕاست نەبێت) .

تا لە دێڕێکیدا، لە باسی فەرهەنگی سیاسیی ڕۆژئاوادا گوتی :

قالوا هم البشر الأرقى و ما أكلوا – شيئا كما أكلوا الإنسان أو شربوا

( گوتیان ئەوان مرۆڤی بەرزترینن، ( لەکاتێکدا کە ئەوان) شتێکیان


نەخوارد وەک ئەوەی کە مرۆڤیان خوارد یا خواردەوە ) .

هەر ئەوسا، کە من لە تەلەڤزیۆنەوە سەیری فێستیڤاڵەکەم دەکرد، لە یادمە کە ئەوەم لێ بیست،

لەبەرخۆمەوە گوتم : سەد ئافەریم شاعیری عارەب چۆن نەتەوەکەی خۆت ناسیوە، دە وەڵڵا ئەوە شۆڤێنیزمی عارەبە کە هیچی نەخوارد وەک ئەوەی کە مرۆڤی خوارد یا خواردەوە .

ئەو هەمووە ساڵانەی لەوساوە، چیرۆکی ئەو شیعر و باسەم لە بیرچووبووەوە، تاکو نوێنەری ئینگلیسم لە بارەگای کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دیت، دوای کۆبوونەوەیەک کە تێدا نەیهێشتبوو"دابینکردنی مافی کوردەکان"ی فەرەنسا لە بڕیارێکدا وەربگیرێت، لە هاتنە دەرە- وەدا، پەیامنێری تەلەڤزیۆنی رووداو پرسیاری کۆبوونەوەکەی لێکرد، سەفیر بە هەڵچوونێکی تووڕەیی زۆر سەیر و دەست راوەشاندن وەڵامیدایەوە: ئێوە ریفراندۆمیناشەرعیتان کردووە، دەستوورتان پێشێل کردووە!

ئەو دڕندە دووپێیە، ئەو شیعرەی" بەرەدوونی"ی وەبیرهێنامەوە، لەبەرخۆمەوە گوتم : راستت کرد بەرەدوونی، ئەمەتا فەرهەنگی ئینگلیسی" بەرزترین" کە لە سەدەی ٢١یدا لە ئاست مرۆڤایەتیدا پێیگەیشتووە :   و ما أكلوا شيئا كما أكلوا الإنسان أو شربوا .




عبدالله البردوني

جۆناثان سـویفت Swift (١٦٦٧-١٧٤٥) ی ئیرلـەندی یـەکێک لە گـەورەتـریـن نـووسـەرانی ئەدەبیاتیئینگلیس، لە چەند شتێکی کە بە لاتین لەسەر کێلیگۆڕەکەی نووسراوە، ئەمەشیتێدایە :

Ubi sæva Indignatio Cor lacerare nequit

(بۆ )ئەو شوێنەی کە چیدی تووڕەیی (لەوێ) دڵ نادڕێت .

بۆچی مـەگەر ئەو لە ژیـانیدا تـووڕەیـی دڵـی دەدڕی ؟ سـویفت پێشـنیارێکی سادەی بـۆ چـارەی هـەژاریی ئیرلەندا کـردووە : با دەوڵـەمەندەکان منداڵی هـەژارەکان بخـۆن، ئەوە بۆ هـەرتک لا نیعمەتە و کێشەیەکی کۆمەڵگە چارەسەر دەکات، نە کەسوکاری منداڵانی هـەژار کێشەیان دەبێت و نە گۆشت بۆ دەوڵەمەندان کەم دەبێت و نە پیو لە بازاڕ دەبڕێت. ئـەوجا لە چ تەمەنێکدا گۆشتی منداڵان خۆشە و چۆن پیو وەدەست بێت و... دووروودرێژ نەزمێکی پێشنیار کردووە کە گۆشتفرۆشانی ئینگلیس دەڵێن ئەوە بۆ بازرگانیی گۆشتی بـەراز زۆر نموونەییە، بـەڵام ئیدی سـویفت بۆ مرۆڤی داناوە . سویفت لە شوێنێکیشدا، یەکێک لە چیرۆکەکانی" گەشتەکانی گولیڤەر"، ئینگلیس و ئـەوروپاییەکان بە وڵاخ بـەراورد دەکات : گەشتـێک بۆ وڵاتی هوویهنهنمس... ـەکان ( دەنگی حیلەیئەسپ)A Voyage to the Country of the Houyhnhnms بەڵام مەگەر سەرەک- وەزیـرانی ئێستای ئینگلیس، پـەنابەرانێک کە باب و باپیرانیان لەلایەن ئینگلیسەوە خوێنمژراو و وڵاتانیان تـاڵان کراو دەنێرێتە روانـدا و، روانداش بەو بازرگانییە پـارە وەردەگرێت ، چەندە لەو دنیایەی کە دڵی سـویفتی ئیـرلەندیی دەدڕی دوور کەوتووەتەوە ؟ دوورکەوتووەتەوە ؟ قـەت هیچ دووردەکەوێتەوە... لە هەمووی بۆ من سەیرتر ئەوەیە کە سویفت خۆی گوتوویە دڵنیام رۆژێک چاکە سەردەکەوێت!چۆن سەردەکەوێت ؟ کەی ؟ ئینگلیسی کە خشتەکانیهەر کۆشکێکیپادشایی لە کەڵـلەسـەری میللەتێک دروستکراوە، بـۆچی ئێسـتا بـازرگانییان لەگەڵ روانـدادا پێدەکات ؟ بۆچی وەریاننناگرێت و بیانخوات ؟ ئەدی ئەوە نیە سویفت بەرنامەکەی ئەوەی بۆ روونکردوو- نەتەوە ؟

ئینگلیس کە هاتنە رۆژهـەڵاتی نـاوەڕاست ئـایا داوای ڤیزایان لە کـورد و عـارەب کرد ؟ لەسـەر داوای کـورد و عـارەب وڵاتـەکانیان وەها پـارچە- پـارچە کردن و نـەخشـەیان بۆ دارشـتن ؟ بە

ئارەزووی کورد و عارەب خۆیان سامانیان بردن ؟


جومجومەی هیندی و سیلانی و سیام       بوونە بناغەی کۆشکی باکنگهام (هەژار)

ئێستا ئەگەر هیندی و سیلانی و سیامی بە پەنابەری بێن بۆ ئەو وڵاتەتان کە تێدا بناغەی کۆشکی باکنگهامتان بە جومجەیان داناوە، دەیاننێرنە رواندا ؟

تـەبیعەت چ دڕنـدەیە، میللەتان نـەیانتوانی بچن ئینگلستان بگرن، کەواتە ئینگلستان وڵاتی ئەوان دەگرێت و، دوای ئەوەش بە کەیفی خۆی بۆ هەر دۆزەخێکیان دەنێرێت کە خۆی بیەوێت .

هێز، هێز و دیسان هێز . من توانیم وڵاتی تۆ بگرم و ئێستاش لێم نیزیک بیتەوە دەتنێرمە رواندا، بە دڵت نیە ؟ دەم بنێ بە ئاوی دەریاوە و تێری لێ بخۆرەوە تا ماسییەکانی دەریا دەتخۆن!

## راکردن لە کامپی ١٤




١

"یەکەم بیرەوەریی ژیانی، ئەوەی ئیعدامکردنێکە . لەگەڵ دایکیدا بوو، چوونە مەزرای گەنمێکی لای رووباری تایدۆنگ، دەبینن پاسدار بە هەزاران زیندانییان رەپێچکیئەوێ داون . بە وروو-ژانی منداڵیی بەو مەحشەری خەڵکە، بە نێو لاقی ئەو هەمووە زیندانییانەدا، خۆی گەیاندە ریزی پێشی پێشەوە، ببینێت چ باسە . کۆڵەکەیەک چەقیبوو و، پاسدار خەریک بوون پیاوێکیان پێوە دەبەستەوە .

" شین ئین گێون" ئەوسا تەمەنی هەر چوارساڵ بوو، هی ئەوە نەبوو لەو قسانە بگات کە پێش کوشتنەکە دەگوتران . بەڵام ساڵانی دوای ئەوە، بە دەیان جار کە دیسان ئەو شتە رووی دەدا، هەرجارە دەیدیت چۆن سەرپاسدارێک رایدەگەیاند کە :" ئەم کەسەی دەبینن کە ئێستا دەیکوژین، هەلی ئەوەی دراوەتێ بە کاری سەختی بازووی،" قەرەبوو"ی گوناهی بدات، بەڵام دەستی بەخشندەیی حکومەتی کۆریای دیموکراتی رەت کردووەتەوە ". تاکو نەهێڵن دەنگی دەرچێت، نەوەکا لەعنەت لەو دەوڵەتەی کە دەیکوشت بکات، دەمیان بە زیخ و چەو دەئاخنی، ئەوجا کڵاوێکیان بەسەر دەموچاویدا دەدا .

لەم یەکەم ئیعدامەدا، " شین " سێ پاسداری دیتن، بە تفەنگیان نیشانەیان لە زیندانییەکە گرت و، هەر کامەیان سێ جار پێوەی نا . تەقەکردنەکە " شین"ی راچڵەکاندو تەنانەت بەوە پشتاوپشت کەوت،بەڵام بە زوویی خۆیکۆکردەوە و دیتی: پاسدار لاشەی شل و خوێناوییان لە دار کردەوە، دە پەتوویەکەوە پێچا و فڕییاندایە عارەبانەیەکەوە . ( لە کتێبی راکردن لە کامپی ١٤) .

من زۆر چیرۆکی ئۆردوگاکانی ئەڵمانیای نازیم بیستوون . هێندێک کەسی ئەو ئۆردوگایانەم دیتوون و، بە دوورودرێژی چیرۆکی ژیانی خۆیان لەو ئۆردوگایانە بۆ گێڕاومەوە . بەنموونە "دکتۆر پیم پیمەنتێل"،لە جووە هۆڵەندییەکانی بە ئەسڵپۆرتوگاڵی، کە ماوەیەک زۆر دۆستم بوو، یەکێک لە زیندانییانی ئەو ئۆردوگایانەی نازییەکان بووە، زۆر کەسی لەوێ لەدەست داوە، بەڵام خۆی ماوەتەوە تا لەشکری ئەمریکایی هاتوون و دەستیان بەسەر کامپەکەدا گرتووە و رزگاریان کردووە بەڵام کە٢٠١٤/٢/١٧ راپۆرتێکی کۆمیتەیەکی مافیمرۆڤی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووە-کان لە جنێڤ لەسەر کۆماری کۆریایدیموکرات دەرچوو و، بە رژیمی ئەڵمانیاینازیی بەراورد کرد، گوتم نا، وا نیە،کۆریایباکوور لە ئەڵمانیاینازی خراپترە، تەنانەت ئێجگار زۆر خراپترە. هونەر و خەلاقییەتی حیزبی کۆمونیستی کۆریای باکوور لە مرۆڤ کردنە حەیوانێکی زۆر لە سەگی هار خراپتر، زۆر لە گورگ درندەتر، خۆشبەختانە لای نازییەکانی هیتلەر نەبووە . نازییەکان لە وەحشیگەرییدا وا پەرەسەندوو نەبوون .

٢

خانمێکی جووی هۆڵەندی، ئەویش وەکو "دکتۆر پیم"ی بەسەر هاتبوو، جارێک بۆی گێڕامەوە کە :

" لە ئۆردوگای نازییەکان، کە رۆژ دەبووەوە، دەبوو لە قاوشەکان دەرچین و لە دەرەوە ریزبگرین . ئەفسەرێکی ئەڵمان دەمانچەکەی لە کیفی دەرهێنابوو، بەدەستییەوە و لەسەر بوو، یەک بە یەک چاوی دەبڕییە دەموچاومان و ناو بەناو تەق فیشەکێکی بەسەری یەکێکەوە دەنا و دەیکوشت . دەمانزانی بۆچی، چونکە بە دیتنی دیمەنی زەردهەڵگەڕاو و رەقهەڵاتووی دەموچاوی، دیتوویە کە کاری باش پێ ناکرێت، کە ئێمە لەوێوە دەبرایینە کاری کۆیلەیی، ئیتر ئەو کەسە وەزیفەی لە ژیاندا تەواو ببوو و دەکوژرا .
لەبەرئەوە ئێمە پێش چوونە بەردەمی ئەو ئەفسەرە، خشتێکمان لە کوڵممان دەخشاند، تاکو هێندێک سووریی خوێنی تێگەڕێت و فێڵ لە ئەفسەرەکە بکەین و نەمانکوژێت . ئەو خشتەش قاچاغ بوو، بەڵام ئێمە هەمانبوو، دەماندا یەکتر و، ئەڵمان وادەبوو پێیاندە-

زانی و چەندێکیان لەسەرئەوە ئیعدام دەکردین، بەڵام ئێمە هەمیشە هەر هەوڵیارمەتیی یەکترمان دەدا و، خودی ترسی مەرگ لەجیاتی ئەوە کە لێکمان دوور بخاتەوە، لێکی نیزیک دەکردینەوە ."

ئەو وێنە ئینسانییە لە " کامپی ١٤"دا نەبووە . ئێمە ئێستا ئیتر زۆر زانیاریمان لەبارەی رژیمی ئەڵمانیای نازی، رژیمی ستالین، موسۆلینی،عیراقی سەددام حوسێن، فاشیزمی ئاینیی خومەینی و ئیدی هەن، بەڵام من بەوەی کە لەبارەی کۆمونیستەکانی ئاسیای دووری دەخوێنمەوە : چین، کامبۆجیا و، رژیمی ماڵی" کیم"ی کۆریای باکوور، لام وایە وەحشیگەریی ئەمانەی دوایی زۆر لەوەکەی ئەوانەی پێشتری تێپەڕاندووە .

لە کامپی ١٤،" شین " دایک و برای خۆی بە پاسدارەکان بە کوشت داون، لەبەرچاوی خۆی و باوکی ئیعدامکراون، بۆچی وای کردووە ؟ تاکو کەمێک خۆراکی پتری بدەنێ، چونکە قانوونی ئەو ئۆردوگایانە وەهایە کە ئەو کۆیلانە دەبێت هەمیشە برسی بن و، رۆژانە بە هیوای هێندێک خۆراکیپتر،خەبەر لەیەکتر بدەن. هەستی دایکی"شین"یش لەوەی کوڕەکەی مرۆڤپەر- وەرانەتر نەبووە، بەڵام ئیتر لێرەدا" شین" فریای خۆی کەوتووە و، وەپێش دایکی کەوتووەتەوە و ، زووتر دەستی خۆی وەشاندووە . ئەوەی هیچ گورگێک نایکات، ئەو کۆیلە دووپێیانەی ئۆردوگاکانی کۆیلەیی کۆریای دیموکرات، لە سایەی پەروەردەی رژیمی سەرۆکی باکوور باشوور رۆهلاتی بەهەشتی سۆسیالیستیی حیزبی کۆمونیست دەیکەن . ئەوەیە کە کۆمونیزمی کۆریا لە نازییەتی ئەڵمان جیادەکاتەوە .

ئەڵمان بە ژمارە خەڵکی ئێجگار زۆریان دەکوشت، هەر لە جووەکانی ئەورووپا شەش ملیۆنیان کوشت، بەڵام کوشتنەکە " فیزیکی"( کوشتنی لەش) بوو، نەیانتوانیبوو هەستی ئینسانییان تێدا وەها بکوژن کە کۆمونیستە دڕندەکانی کۆریای باکوور توانیویانە . دایک و کوڕ لە ئۆردوگای نازیدا بۆ کەمێک خۆراکیپتر یەکتریان بەکوشت نەدەدا، لە کۆریایباکوور دەیکەن، ئینسانییەتی ئینسان تێدا لەناوەوە پڵیشێندراوەتەوە، لە رووحەوە، لە دڵ و مێشک و ئەعسابەوە، خودی قوربا- نییەکە بەجێیدەهێنێت، نەک ئەوە کە کەسێک لە دەرەوەوە بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی بهێنێت،

ئـەوەیە جیاوازییەکە . کەواتە حوکمی بـەراوردی ئـەو راپۆرتە راست نیە، کۆمونیستی کۆریا لە نـازیی ئـەڵمان درنـدەتـرن، پتـر دوژمنی مرۆڤـایەتین و، دەتوانن مرۆڤ لە هەر گورگێکی هـار هارتر بکەن . پێوەندیی گورگ و بەچکەکانی جیاوازە .

٣

" شین" کە پێش نـۆ سـاڵ رایـکـردووە، تـەمەنی ٢٣سـاڵ بـووە، کەمتـریـن فکـرەیەکی لەبـارەی " خۆشەویستی" نەبووە، نە لەبارەی وشەکە ( کە قەت نەیبیستبوو ) و نە لە بارەی هەستەکە .
قـەت لە ٢٣سـاڵی ژیـانیدا بۆ یـەک لـەحزەش یـەک تـاقە ئینسانی خۆش نـەویستووە و، کەمترین بـڕوای بە یـەک تـاقـە ئینسان نـەبووە . هـەر کەمترین هـەستێکی لەبـارەی هـەر شتێکی جگە لە " بـە کوشت دان بۆ کەمێک خۆراکی پتر" لە قامووسی ئینسانییدا نەبووە . ئەو هەستەی خۆشە- ویستیی کە لە دنیای مەیموووندا، فیل، گورگ، گا و گۆلدا هەست پێدەکەین، دە غەریزەی ئـەودا نـەبووە . رژیمی حیزبی کۆمونیستی ماڵی " کیم" تـوانیویە نـەهێڵێت ئـەو غـەریزە حەیوانییانەی خۆشەویستی و بڕوای بەچکەی بچکۆلە بە دایک و باوکی تێدا بڕوێت .
" شین" خۆی وابووە و، هەر کەسێکی تریشی پێ وابووە، بەتایبەتی بێ بڕوایی و ترسی زۆرتر لە ئەو کەسە بووە کە پێیوابووە لە لەحزەیەکدا لەگەڵیدا باش بووە، چونکە وشەی"باش" لە سەر ئەو هـەسـارەیەی ئـۆردوگای دوور... زۆر دوور لە هەسـارەی مرۆڤانی سەر زەوی، وجوودی نەبووە،هەر شتێکیباش دە زیهنی ئەودا مەگەر هەر پیلانێکی فێڵ وتەڵەکە بوایە بۆ کارەساتێک.
کاتێک دایکی و براکەی کوژران، براکەی بە هەمان شێوەی زۆر جار دیتبووی، سێ پـاسدار بە تفەنگ سێ جار بەرگوللەیان دا، بـەڵام دایکی برایە سەر سندووقێک و پـەتکی سێدارەی خرایە ملییەوە، چاویان نـەبەستبوو و لەوێـوە ویستی چاو ببـڕێتە چاوی کوڕەکەی، کە پاسدار" شین" و باوکیان لە ریزی یەکەمی تەماشاچییان دانابوون، بەڵام " شین" رووی وەرگێڕا ئەولاوە و رێی- نـەدا نۆڕینی چاوی دایکی بیئەنگێوێت . ئـەو لێنۆڕینە بۆ ئـەو هەرهیچ مەسەلەیەک نەبوو، ئەو بیری لای کەمێک خواردنی پتر بوو، نە پتر .
ئێستا، کە لە کـۆریای بـاشوور بە تێراپیی سـایکۆلۆجی هەوڵی کردنی بە مرۆڤی ئاسـایی دراوە،

کەوتووەتە سەر بیرکردنەوە لە دیمەنی ئیعدامکرانی دایک و برای لەبەرچاوی خۆی و باوکی ( کە تەبیعی زۆر رقی لە باوکیشی بووە، ئەویش وەک هەر کەسێکی تری سەگباب، چونکە مرۆڤ = سەگباب)، ئێستا بیر لە ئەو دوا نۆڕینەی دایکی دەکاتەوە، دایکی پێش ئیعدامی چاوی تێبڕیوە، ویستوویە ببینێت و " شین " هەلی ئەوەی نەداوەتێ . " شین" زۆر جار ئەو دیمەنە دێتەوە خەونییەوە .

٤

" شین" لەو ئۆردوگایەی کۆیلەیی لە دایکبووە، لە دایک وباوکێکی کۆیلە و، یەکەم ٢٣ ساڵی ژیانی کۆیلەیی تێدا ژیاوە . ئەو ئۆردوگایە، پەنجا ساڵە هەیە و، هەزارانی وەکو " شین" تێدا بە کۆیلەیی لەدایک بوون و تەواوی ژیانیان تێدا بە کرێکاریی بەسەر بردووە و تێدا مردوون . بە گوێرەی قانوونێکی ئۆردوگا، ژن تێدا هەر ساڵە پێنج شەوان لە پیاوان چاک دەکرێن . بەناوی دیاریی بەخشندەیی حیزبیکۆمونیستی کۆریای دیموکرات، ئەو پێنج شەوەی ساڵ مافی پێوەندیی ژن و مێردیان هەیە، تاکو منداڵیان بۆ کاری کۆیلەیی ببن و، لەشکری کار هەمیشە ژمارەیەکی باشی هەبێت و نەداتە کەمی .

گوناهی ئەو دایک و بابانە چیە ؟ گوناهی رەسمی ئەوەیە کە " خوێنیان گڵاوە". یانی چی ؟ یانی خۆیان یا خزمێکی نیزیک یا دوور، - بڵێین - ئامۆزازا یا خاڵۆزازایان خیانەتی کردووە : بیرو- ڕای بۆرژوای هەبووە و ویستوویە بچێتە لای خزمێکی لە کۆریایباشوور، رەخنەی لە رژیمی دیموکراتی پرۆلیتاریا گرتووە، لە رێبازی سەرۆکی باکوور باشوور رۆهلاتی لاداوە... شتێکی لەو بابەتە .

" شین" لە ئۆردوگا خوێندنیشی هەبووە، چونکە لەشکری هەزاران کرێکاری کۆیلە، کە دەبێت ئەو هەمووە بەرهەمەیان هەبێت : جلوبەرگی پتر لە ملیۆن سەرباز( ی کۆریای باکووری ئێستا ٢٣ ملیۆن، کە خزمەتی سەربازیی ئیجباریی تێدا بۆ پیاوان دە ساڵ و بۆ ژنان حەوت ساڵە) و جۆرەها پێداویستی لایەنی کەمی خۆراک و کارخانەجاتی چەک و ... ئیدی، پێویستی بە خوێندن و فێربوون هەیە . بەڵام خوێندن هەر بەشی پێداویستی کارە، نە پتر، نابێت مێشک بە زانیاریی دنیای" بۆرژوا" ژەهراوی ببێت . لەبەرئەوە، " شین" ٢٣ ساڵ نەیزانیوە کە شتێک هەیە پێی-

دەگوترێت : ئـەوروپا، ئەمریکا، تەنانەت چین!. تا چەند حەفتەیەک یا چەند مانگێکی کەمی پێش ڕاکردنی، نـەیزانیوە وڵاتێک هەیە پێی دەگوترێت چین و لەسەر سنووری کۆریایە(و دوو ملیۆن کـۆرِیاییشی لێ دەژیـن) . نـەیزانیوە شتێک لە دنیـادا هەیە کە پێی دەگـوترێـت : " دووکان " کە خەڵک دەچن شتی لێ دەکرِن . کرِین چیە ؟ نەیزانیوە شتێک هەیە پێی دەگوترێت" پارە".

" شین " کاتێک دایـک و بـرای خـۆی بۆ کەمێک خـۆراکی پتـر بە کوشـت داون، مامۆسـتاکەی خوێندگەی هەموو ڕۆژێک چەوساندوویەتەوە کە : ئـاخر سەگباب بۆچی لە ڕێگای منەوە دایک و براکەت بە کوشت نـەدان ( تاکو منیش هێندێک خـۆراکی پتـرم دەست بکەوتایە) ؟ هـەرچەندە " شین" پێیدەڵێت" شەو هاتم پێت بڵێم، بـەڵام تۆ نوستبوویت"، مامۆستاکەی پێیدەڵێت : " ئێ تا سبەی چاوەرِێت بکردایە... نەدەبوو ؟" .

سەرتاسەری ئەم کتێبە پرِە لەو جۆرە وەحشیگەرییانە .

" شین" کە دەیـەوێت لەو ئۆردوگایە ڕابکات، نـە بۆ ئازادییە، نـە بۆ ڕێز، نـا، هەر بۆ خواردنی " برینج و مریشک"!، کە بەگوێرەی " پارک"ی لەگەڵیدا، لە دەرەوەی ئۆردوگا هەیە و، ئـەگەر " پارک" بتوانێت بیگەیەنێتە ئەو وڵاتەی کە دەڵێت گوایا پێیدەڵێن "چین"،ئەوا لەوێ، لای خاڵی پارک "گۆشتی بەراز"یش دەخوات . ژیان یەک تاقە شتە : چی بخوات .

" شین" یـەکـەم کەسێکە لە پـەنجا سـاڵی تەمەنی کامپی١٤دا کە توانیویە بە جۆرە موعجیزەیەک ڕابـکات و، مرۆڤی سـەر هەسـارەی زەوی لەو هـەسـارە سەیرەی حەیواناتی لە گورگ درِندەتر ئـاگادار بکات، بەڵام ئەوە هەر یەک کامپە لە چەندان، ساتەلیتە جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا وێنەی شـەش کامپی گـەورەیان گـرتوون، کە لە نێوان ١٤٤ هـەزار تا دووسـەدهەزار کـۆیلەیان تێدان، کامپی : ١٤-١٥-١٦-١٨-٢٢-٢٥؛ بـەڵام باسی کامپی تـریش هەن، بەنموونە کامپی ١٧ و،- بە تەبیعەتی حاڵ - ٢٣ ملیۆن مرۆڤ لە یـەک ئـۆردوگای کـۆیلەیی گەورەدان، کە پێیدەگوتـرێت : کۆماری کۆریای گەلی دیموکراتیک .

## وا چینی دەکەونە قسە



شازدەی مانگی پێنجی١٩٦٦، مائۆ بانگی لە گەل کرد : دوا ریشەی سەگەلی بۆرژوا هەڵکێشن، سەری کاپیتالیستان‌بپڵیشێننەوە و، پردێک بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بینا بکەن تاکو چین بگەیەننە بەهەشتی کۆمونیزم . ئیدی تەقییەوە : کیژ و لاوی تەمەن نێوان ١٥ساڵ و ١٩ ساڵ بوون بە " جەنەڕاڵانی بچووک"ی " شۆڕشی فەرهەنگی"ی مائۆ تسی تونگ .

هەر وا چەند کیژ و لاو کۆدەبوونەوە و بڕیاریان دەدا : دەی کێ بۆرژوایە بیکوژین ؟ بە ئەم ماملستایەمانەوە دەست پێبکەین بەر شەقی‌دەین ؟ بە ئەو پرۆفیسۆرە سەگبابەی ماڵیان‌لەوبەرە ؟ خۆ ئەگەر- بۆ بەدبەختیت- پارچە زەوییەکت هەبوایە ئەوا خۆت و کەسوکار و ئەولاد و خزمە-کانیشت تێدا دەچوون،هەڤاڵ مائۆ گوتبووی"ریشەکێش"یان بکەن، ئەی مەگەر ریشەکێش‌کردنی کاپیتالیستی خاوەن زەوی چۆن دەبێت ؟ بەڵام بۆچی ؟ بە چ بەڵگەیەک ئەو مامۆستایەی کە خۆشمان ویستووە و خۆشی ویستووین بۆرژوایە ؟ بۆچی ئەو پرۆفیسۆرە کاپیتالیستە ؟ بۆچی خزمەکانی خاوەنی ئەو پارچە زەوییە بە شکەنجە بکوژین ؟ واتە " بەڵگە" بۆ کارەکە چی بوو ؟ هەر ئەو پرسیارە خۆی بە کاری بۆرژوا دادەنرا، خوێندکار مامۆستای خۆی خۆش‌بوێت - تەبیعی - هەر ئەوە خۆی رەوشتی پەستی بۆرژوایە! بەڵام ئاخر کوا لە کامە کتێبی مائۆدا شتی وەها هەیە کە " مامۆستا بوون" واتە بۆرژوا و " پرۆفیسۆر بوون" واتە کاپیتالیست ؟ پرسیار ؟ حای- حای! نەدەبوو بپرسیت، پرسیارکردن رەوشتێکی پەستی سەگەلی بۆرژوا بوو، کە بپرسیت مانای ئەوەیە تۆش بۆرژوایت و - بە تەبیعەتی حاڵ- هەڤاڵەکانت دەیانگرتیت و بە شکەنجە دەیانکوشتیت..."بەزەییتان بە سەگەلی بۆرژوادا نەیەتەوە" قسەی هەڤاڵ مائۆ خۆیەتی .

ئـەوە هێرشەکانی منداڵانی سلێمانی و چـەند شـوێنی تـر بۆ سەر بارەگاکانی پارتی وەبیری من دەهێنێتەوە : بسووتێنن، لەناویان بەرن، مەیانهێڵن!

بـەرەڵڵاکردنی منداڵانی تـەمەنی ١٥ تا ١٩ ساڵ بۆ پەلاماردان و کوشتن و سووتاندن، کارێکی ئێجگار زۆر خەتەرە .




رۆژنامەیNRC یهۆڵەندی، لە ژمارەیپشووی‌حەفتەی چوویدا، سێ لاپەڕەی بۆ قسەی شەش چینی لەو کەسانە تەرخان کردووە کە کۆبوونەتەوە و هەستی شەرم و عاری‌خۆیان بە رابردوو- یان بۆ گێڕاوەتەوە، کە ئەوانیش پێش پەنجا ساڵ ئەو جینایەتانەی شۆڕشی فەرهەنگییان کردوە . یـەکێکیان بە سـرتەیەکەوە دەڵێت : ئەدی کە دنیا لە تاوانی نازییەکانی ئـەڵمانیا دەکۆڵێتەوە، چۆنە باسی تاوانەکانی ئێمە ناکات ؟ یەکێک دەڵێت کە ئەو رابردووەی هەراسانی کردووە، خەوی لێ هەڵگرتووە و، تووشی مۆتەکەی دەکات .

مـائـۆ دەیـدیت کە حـەڤدە سـاڵ دوای رژیمی کۆمونیستی لە پێکین، گەل دەکەوتە سەر خوێندن و پێگەیشتن و بیرکردنەوە و پەرەسەندن و، ئەوەش دەکرا زیانی بۆ خودایەتیی ئەو هەبوایە، لەبەر ئەوە بڕیاری دا دەستێکی وێرانکردنی پێدا بهێنێت و وەزعی پێش١٧ساڵ دیسان بۆ خودایەتییە- کەی خۆی سازبکاتەوە .

ژمـارەی رەسـمیی دەوڵـەتی چین لەوەدا بـاسـی ملیۆنێک و ٧٠٠ هـەزار کـوژراو دەکات، بـەڵام ژمارەی غـەیرە رەسمی باسی هـەشت ملیۆن کەس دەکەن کە بە شـکەنجە کـوژراون، تـەنـانـەت تێیاندا هـەبووە کە هـەر کـراون بە خـۆراک و خـوراون . چـەندە پەیکەری بوودایی شکێنراون، چەندە ماڵ تاڵان کراون، چەندە بەرهەمی هونەری وێران کراون .

چینی، ئێستاش نـابێت بە دەنگی بـەرز بـاسی ئـەو ڕووداوانە بکەن، بـەڵام وا لێـرەدا " بـە چـەند

مەرجێک"ڕێگایان داوە بە شەش کەس کە قسەبکەن : شکۆی پارتیکۆمونیستی چین و شەخسی هەڤاڵ مائۆ و سەرۆکی ئێستای دەوڵەتی چین بپارێزرێت و، کەسانێکی دەوڵەت بە دەورەوە بن، ئەوسا بڵێن .

مائۆی شاعیری گەورەی خودای ملیار مرۆڤ، دەیتوانی بە شیعری خۆی مرۆڤ بگۆڕێت : بیکات بە حەیوانێکی زۆر دڕندە .

ئەم نووسینەی NRC، باسی" لیو شائۆ- چی" ناکات( کە محەمەد تەوفیق وردیی کۆیە ئەوەندە عاشقی ببوو)، چۆن بەرغەزەبی ئەو منداڵانەی شۆڕشی فەرهەنگی کەوت : خۆی و ژنەکەیان گرتن، ژنەکەی هەر بە یەک تاوان گیرا : تاوانی ئەوە کە ژنی ئەو رابەرە بۆرژوایەی شۆڕشی چین بووە، لە مەیدانێکدا رووتوقووتیان کردەوە، ئەوجا کراسێکی ئێجگار زۆر تەسکیان کردە بەر کە مەمک و ناوگەڵ و پاشووی تێدا دەرپەڕن، خستیانە سەر شانۆیەک و بە سەدان لەو منداڵانە کەوتنە هاوار : سەیری قوزی بکەن ...

ئەوە بەرهەمی پەروەردەی مائۆ بوو بۆ بەهەشتی کۆمەڵگەی کۆمونیزمەکەی . ئەو کیژ و لاوانەی ئەو کارانەیان کردووە، زۆریان ئێستا لە " تراوما "ی ئەو تاوانانەیاندا دەژین و، دەوڵەت هێشتا ناوێرێت بە کراوەیی بەلای ئەو کێشەیەدا بچێت . ئەو منداڵانەی "سلێمانی"یش، کە " بزووتنەوەی گۆڕان"ی نەوشیروان مستەفا بە گژ بارەگاکانی پارتیدا کردن، دەکرێت پەنجا ساڵی تر، کە پیر دەبن، هەمان پرسیار لە خۆیان بکەن : بۆچی سووتاندمان ؟ بۆچی وێرانمان کرد ؟ بۆچی کوشتمان ؟ دەکرێت شەوانە مۆتەکە لە خەویان راپەڕێنێت .

مێژووناسی بۆ ئەوەیە عیبرەتی لێ وەربگرین، با منداڵەکانمان ئەزموونی ئەو منداڵانەی مائۆ سەرلەنوێ نەکەنەوە، ئەوە کارێکی زۆر خراپ دەبێت بەرانبەر کورد و هەموو مرۆڤایەتی .

ئـەبـونـواس، جوانیی مێردمنداڵێک لە کـۆڵان ئـارەزووی سێکسیی دەبـزوێنێت، ئیدی مێشکی بە ئـایـەتـەکانی قـورئـاندا دێتەوە، کە چیی بـەتـایبەتی بۆ ئـەو مەبەستەی ئەو" مناسـب"ـە ؟ تۆمەز کـوڕەکەش، بۆ هـەر شتێک ئـایەتی " مناسـب "ی خـۆی لەبەرە، ئیتر ئـەم دیـالۆگە روودەدات، ئەبونواس دەیڵێت و کوڕەکە وەڵام دەداتەوە :

ئەبونواس : فتبارک الله أحسن الخالقين ( ئایەتی ١٤ی سورەتی المؤمنون) .

وەڵام : لمثل هذا فليعمل العاملون ( الصافات : ٦١) .

ئەبونواس : نريد أن نـأكل منها و تطمئن قلوبنا و نعلم أن قد صدقتنا و نكون عليها من الشاهدين ( المائده : ١١٣) .

وەڵام : لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون ( آل عمران : ٩٢) .

ئەبونواس : فآجعل بيننا و بينک موعدا لا نخلفه نحن و لا أنت مكانا سوى (طه : ٥٨) .

ئیتر ئـەبو نواس تا هەینی چـاوەڕێ دەکات، کە هەینی دەچێت، دەبینێت کوڕەکە خەریکی گاڵتەیە لە کۆڵان )، پێیدەڵێت : و الموفون بعهدم إذا عاهدوا ( البقره : ١٧٧) .

کوڕ لەگەڵیدا دەڕوات و، لە ژوورێکدا ئەبونواس بە ئایەتیقورئان پێیدەڵێت چۆن پاڵ بکەوێت : الذين يذكرون الله قياما و قعودا " و على جنوبهم" ( آل عمران : ١٩١) .

وەڵام : إركبوا فيها بسم الله مجراها و مرساها (هود : ٤١) .

ئەوجا کە ئەبونواس وا دەکات، کوڕ دەڵێت : إذا دخل الملوک قرية أفسدوها و جعلوا أعزة أهلها أذلة ( النمل : ٣٤)

لەوکـاتەدا پیاوێـک بەسـەردا دێت و ئـەویش داوای بـەشی خـۆی دەکات و دەڵێت : فكلوا منها و أطعموا البائس الفقير (الحج : ٢٨)

کوڕەکە وەڵام دەداتەوە : لا يكلف الله نفسا إلا وسعها ( البقره : ٢٨٦)

ئەو سەردەمە، هەموو ئوممەتیمسوڵمان، بەپیاوچاک و پیاو کوژ و کەنیزەک و قـەحبە و گەوواد و دز و جەردە و... ئیتر هەمووی، توانیویە بۆ هەرکارێکی خۆی ئایەتی قورئان بەکاربهێنێت و، ئێستاش و تا قـورئان مابێـت و مسـوڵمان مابـن، هەرکەسـە بە خۆی بڵێت مسـوڵمان و شتێکی لە

قـورئان لـەبـەربێت، ئـەویـش وەکو تـابیعانی هەموو ئاینانی تر و کتێبیان، دەکرێت هەر کارێکی خـۆی بە ئـایەتێکی کتێبەکەی ئـاینی خـۆی بـڕوێنێت . ئـایەتەکانی هـەموو کتێبانی ئـاینیی دنیا بۆ هـەموو شتێک و هـەمووکەس مناسبن، دەمێنێتەوە سـەر ئـەوە کێ چ کاتێک بەکارهێنانی کامە ئایەت بۆ چ مەبەستێک بۆخۆی مناسب دەبینێت . هەر وەک ستالین بۆ یارمەتیی ڕێکخراوانی دنیا مەرجی دانابوو:" دیموکرات و دژی دیکتاتۆری بن"، ئاشتیخواز بن و دوژمنانی پرۆلیتاریا لەتـوپـەت بکەن! . بـەڵگە بۆ ڕەوایی هـەموو کردارێک لە هـەموو ئـاینەکان و ئیـدیۆلۆجییەکانی مرۆڤدا هەن، دەمێنێتەوە سەر مرۆڤ چی بە مانای چی " مناسب" ببینێت .

نووسینی بیرەوەریی تەواوی ژیانی خۆ تا کاتی نووسینەکە، یا ژیننامەی هەرکەسێک، ئەگەر ڕاست و جیددی بێت، کارێکی ئێجگار زۆر زەحمەتە، دەکرێت ئیعتیرافی زۆر دژواری تێدا پێویست بێت . بەرپرسیارییەکی هەتا بڵێیت گەورەیە. دەبێت زۆر جار وەکو ئەوە بێت کە نووسەر بیەوێت بە گژ دێودا بچێت .

ئەو کەسە چۆن و چیی لەوە " هەڵبژاردووە " تا بیگێڕێتەوە ؟ جا بۆچی ئەوە دەگێڕێتەوە ؟ لەو هەڵبژاردنەدا تەرازووی شتی باسکراو و باسنەکراوی چەندە باشە، ئەو جۆرە هەڵبژاردنەی " بۆ کێ " باشە و بۆ کێ باش نیە ؟ ئەوەی دەیڵێت چەندە " ورد" ە و، لە چ گۆشەیەکەوە سەیری کردووە ؟ سانسۆری خۆی نیە ؟ ئەو سانسۆرەی منەتی بە هیچی غەیری گێڕانەوەی حەقیقەت نیە ؟ ئەو" غەیر"ە، یەک دنیا شت دەگرێتەوە : بەرژەوەندی چین یا نەتەوە یا زۆر کەس، ڕێز لە خۆشەویستان و ئەولیای گەل، میزاجی کەسانیک کە نایانەوێت هێندیک شت بخوێننەوە، گەلی منداڵ وەکو ئەو منداڵەی کە برایەک یا خوشکێکی نوێی دێتە دنیاوە پێیدەڵێن : لەگلەگ هێنای! چونکە دەڵێن هێشتا منداڵە و جارێ ناکرێت زۆر شتی بۆ باسبکرێت، زۆر و زۆر شت دەگرێتەوە .

" تۆینبی"ی مێژوونووسی ناودار دەڵێت جارێک شەڕێک لەبەردەمیماڵیان ڕوویداوە، شەش سەعات دواتر هاوسێکانی بۆیان گێڕاوەتەوە چی ڕوویداوە، بەڵام بە شەش جۆری جیاواز! خوێندکارانی دەرسی ڕەسم بە جەغزێک دادەنیشن ڕەسمی مۆدێلێک بکەن، مۆدێلەکە لە ناوەڕاستی جەغزەکە دانیشتووە، هەرکەسە ئەوە ڕەسم دەکات کە دەیبینێت، هەمووی جیاوازە و هەمووی ڕاستە . مرۆڤێک هەر بەشێکی کەم لە شتێک دەبینێت و، بە عەقڵی خۆی هەمووی تەواو دەکات، دەکرێت وا بێت و دەشکرێت زۆر لە حەقیقەت دوورکەوتبێتەوە .

ئەوجا کتێبەکە هەرچی بێت و بڵێت، چەندە تەئسیری چیی دەبێت ؟ چەند خوێنەر چەندە بڕوای پێدەکەن و، ئەگەر بڕوایان پێکرد چەندە بیروڕا و عەقیدە و هەستیان بە خوێندنەوەی ئەوە هیچ دەگۆڕێت ؟ خوێنەری کتێب، نە دڵی بریتییە لە ئەزموونگەی فیزیا و نە هیچ مەرجە کتێبەکە بە حەقیقەتی بەرهەمی ئەزموونگەی فیزیا دابنێت : بارزانی وا و تاڵەبانی وا و قاسملو وا و

مامۆستا هـەژار وا و مامۆستا هێمن وا و پێش ئـەوان شێخ فڵان وا و پێش شێخیش پێغـەمبەر وا سواری بوراق بوو و، پێش ئـەوەش عیسا وا لە خـاچ درا و ... هـەزاران بیـرەوەری و ژیننامـە وەکو چیای هیمالایا سـەقامگیرن و سـەریان لە سـەرووی هـەورەکانە و بە هیچ بـایەک نـالەرن، ئیتر کە کەسێکی دوور لە هـەستی بە ئـەو هـەمووە شتـانە بێـت و بڵێت حـەقیقەتـێک بـۆ مـرۆڤ دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەو چیای هیمالایا سەقامگیرەدا نـاگونجێت، هـەر وەک ئەوە نیە گوێژی بۆ بژمێرێت ؟ ئەوجا بە دەر لە هەموو ئەوانە، " فێربوون" چ شوێنێکی لێرەدا هەیە ؟ ئەوەی پێشتر بە تەئسیری غـەریزەکان، لە تـەمەنێکدا، چ تـەئسیرێکی هـەبووە، خـۆ ئـەگەر چـەند جاریـش لە هـەمان هـەلومەرجدا رووبـداتەوە مەگەر هـەر هـەمان تـەئسیری هـەبێت، غـەریزە هەر هەمان غـەریزەیە .

من جارێک وەڵامی هێندێک پـرسیاری رۆژنامەنووسێکم دایەوە، پـرسیار و وەڵام لە گۆڤارێکدا چـاپ بوون، کە لە گـۆڤارەکەدا خـوێندمەوە، سـەیرم کرد زۆر شتـی لێ تێنـەگەیشتم، نـەمدەزانی چیمگوتووە، چونکە وشەکان ئەوانەی من نەبوون، کرێکارانیچاپخانەکە زۆر لە وشەکانی منیان گـۆڕیبوون، وشـەی خۆیان لە جێگە داناون چونکە منیان خـۆشویستـووە و ئـەوانەی خـۆیان بۆ قسەکانی من پێ باشتر بووە، ویستوویانە خزمەتم بکەن .

کە من خـۆم لە ژیـانی تـایبەتی خۆم دەنۆڕم، بە تیئۆری هیچ پێویست نـاکات کەس لە بیرەوەریی خۆیدا باسی من بکات . من کێم ؟ دەسـەڵاتـی سیاسی ؟ عـەسکەری ؟ عـەشیرەتی ؟ ئـابووری ؟ پێـوەنـدیـی بە منەوە چ کـەڵکێک یا چ زیانێکی بۆ کێ دەبێت ؟ کەچی من باسی خـۆم لە چەندین بیـرەوەری، ژیننـامـە و بـاسی بە نـاوی گێـڕانەوەی" مێـژوو"دا دیتووە، کە بـەشی ئێجگار زۆر کەمی بـاسی حـەقیقەتی ژیانی مـن بووە، زۆری هەر خەیاڵ بووە، نووسەر هەر کەمێکی زانیوە و بەگوێرەی ئەوە لای خـۆیەوە تـەواوی کردووە، وای بردووەتەوە سەر یەک ( کە بەوە زۆر لە حەقیقەت دوورکەوتووەتەوە)، یا وەکو زۆرتـرینی بیرەوەرییەکان بۆ مەبەستێکی خۆی ( زۆرتر بە رق و کینەی دوژمنایەتی). بەشی هەرە زۆری ئەو بیرەوەرییانە پێوەندیی بە باسی نووسەرە- وە هەیە نـەک " مـن "ی کە گوایە باسـم دەکات . لە راستیدا، کێشەیەکی ئەو کتێبانەی بیرەوەری لێرەدایە کە ئەوەی کتێبەکە لەبارەی کەسێکیترەوە دەیڵێت هەر باسی نووسەریکتێبەکە خۆیەتی،

نـەک ئەوەی کە گوایا بۆ باسی ئەوە . هەباس کە باسی بایز دەکات، هـەر باسی هەباس خـۆیەتی، نـەک بـایـز! زۆربـەی خـوێنـەرانیش دەیـانەوێت ئـەوەیان بۆ بنـووسـیت کە ئـەوان حـەز دەکـەن بیخوێننەوە، نـەک شتی راستی کە میزاجیان پێتێکبچێـت و نـاچـار بن تێر جنێو بـدەن، واتـە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوان مەیلی خۆیانت پێبنووسنەوە! ئەوان بیرەوەریی تۆ بە مەیلی خۆیان بۆ خۆیان بە تۆ بنووسنەوە، نەک تۆ باسی حەقیقەتی بیرەوەریی خۆت بکەیت .

جارێ، لە ئەم سەردەمەی ئێستای رووخان و رۆچوونیمەعنەویی باشووردا، کە نەخوێندەواری و رەوشتی خـراپ لە ژێر باڵی ناوی " دکتۆر" و " خاوەنی ماستەر"دا پەلاماری خوێندەواری و رەوشتی باش دەدەن، ئەگەر ناوی " دکتۆر" یا خاوەنی ماستەر لەسەر کتێبی بیرەوەرییەکە بوو، وا بـاشـترە نـەخوێندرێتەوە . کاتی مرۆڤ بێ سنوور نیە، وا بـاشە مـرۆڤ کاتی خـۆی لەو شتە زۆرتر پووچانە بپارێزێت . بەتایبەتی کە ئەوانە، بۆ داپۆشینی نـەخوێندەواریی خۆیان و سەپاند- نی مەبەستی تـایبەتی نـائەخلاقیی خۆیان، زمانیان زۆر شڕ و پیسە و لە شەڕەجنێو دەگەڕێن، وا باشترە مرۆڤ خۆی لەوانە لابدات ( نموونەی جـەمال نەبەز و کامیل ژیر و عەبدوڵلا ئاگرین و حوسین عەزیز) . نـووسـەری بیـرەوەری تا نـاوی لە دکتـۆر و مکتور و ئـەو شتـانە دوور بێـت بـاشترە . دیارە ئێمە پتر لە یەک " کاپیتان حـەمەدی مەولوودی"مان نیە شتی ئـەوەندە گـرنگمان بۆ بنووسێت کە منەتی بە فـەرهەنگی گـەندەڵی کەس نـەبێت و دکتۆرەکانیش نەیانتوانیبێت خۆی یا بەرهەمەکەی لەنـاوبەرن، نـووسەری وەک کاک زراریـش ئـازا و بێـباک، یا وەک مامۆسـتا محـەمەد خـزری دوور لە قـلـۆ و پـلـۆ ئێجگار زۆر دەگمـەنـن، چـەندێکی تـریش کە مـن هێشـتا نەمدیتوون کە رەنگە زۆر هێژا و جێی بڕوا بن ( مامۆستا حەسەنی رەستگار بەنموونە) . بـەڵام ئێدی بەوە پێچێک دەدەینەوە و، دوای ئەو هەمووە گومان و بەدبینییە بە کتێبی بیرەوەری، دەڵێین ئەو نموونـاشمان هەن کە دەکرێت چەند کەسێک چەند شتێکیان لێ فێر ببن . ئـەو چـەند کەسە کە لە بیرەوەریی وەها دەگمەن چاک فێر ببن، ئێجگار زۆر دەگمەن کەمن، بـەڵام ئەگەر یەکێک لەو کەمانە، لە رێکەوتی ژیـاندا بکـەوێتە شـوێنێکەوە کە بتوانێت تـەئسیرێکی بـاشی هـەبێت و، ئـەو فێـربوونـەی لێرەدا بەکـەڵک بێت ئـەوا کتێبی بیـرەوەرییەکەی بەرهەمێکی چاکی هـەبووە . کتێبی بیرەوەری، زۆر جار دەکرێت ببێتە گرنـگترین سەرچاوەی مێژوو، تەواوکردنی باسیحەقیقەتی

مێژووو و، وراستـکـردنـەوەی هـەڵـەی مێژووو؛ بۆ کەسێک کە مێشکی کـراوە بێت و، پێشەکی بە حوکمی هەڵە بەرنامە نەکرابێت، رۆشنبیر بێت، دەکرێت ببێتە سەرچاوەی ئێجگار زۆر گرنگی فێربوون .

تـەبیعەتیش هـەر وەهـایە : کەسانێک دەبینین لە ئـافریقا، بێـژنگیان بەدەستە، لە بـەرەبەیانەوە تا شـەو دادێت، لە جـۆگەلەیەکدا یـەک دنیا زیـخ و چـەو لە بێژنـگ دەدەن تا لە کۆتاییحەفتەیەک یا مانگێکدا پێنجگرام زێـڕیان وەدەستدێت . یا دەروونی یـەک چیا دەدڕدرێت تا گەوهەرێکی تێـدا دەبیندرێتەوە . خۆڵ و خاک و بەرد و قوڕ لە دنیادا زۆرە و زێر و گەوهەر کەم .

هەر ئێستا(٧ی دیسامبری٢٠٢٣)، بۆ جاری یەکەم" بیرەوەرییەکان"ی" فاروق مەلا مستەفا"ی ٢٠١٧م بە پیٚدیٚئێف دیت . بیستبووم کە باسی منیشی تێدا هەبوو، سەیرم کرد لە لاپەڕە ٣٠٥ - ٣٠٦دا باسێک دەکات، کە بەشێکی راستە وا بووە و، بەشێکیشی راست نیە، وا نەبووە .

دەڵێت:" رۆژێک هەر دوو شێرکۆ، هاوڕێم شێرکۆ بێکەس لەگەڵ شێرکۆی هەژار موکریانی لە بنکەی حیزبمان لە ناوچەی باڵەک سەردانیان کردم ". ئەوە راست نیە . من ١٩٧٤- سەرەتای ١٩٧٥ کە لە پێنجوێن بووم و هاتوچۆی مەریوانم دەکرد، شێرکۆ بێکەس کە ماڵی لە مەریوان بوو، رۆژێک پێیگوتم کە فارووقی مەلا مستەفا لێرەیە، هەڤاڵمە و دێتە لام، بۆچی نایبینیت ؟ گوتم زۆر باشە و چووم لە ماڵی شێرکۆ بێکەس لە مەریوان دیتم . هەر هەرسێکمان بووین (دەبێت کۆتایی یەکەم مانگ – سەرەتای شوبات/ فێڤریەی١٩٧٥بووبێت) . من بەیاننامەکەم دا بە کاک فارووق ( بەیاننامەی سەرکردایەتیی کاتیی کاژیک، کە من نووسیبووم، تایپمان کردبوو و بە رۆنیۆ رامانکێشابوو و لە مەڵبەندی سلێمانی بڵاومانکردبووەوە)، کە تێدا گۆڕانێک لە کاژیکدا باسکرابوو، هەم لە رووی فکرەوە و هەم لە رووی‌سەرکردایەتییەوە : کە جەمال نەبەز و کەسانێکی دی لە کاژیک دەرکرابوون). کاک فارووق بەیانەکەی خوێندەوە و، بە دڵی بوو، گوتی کە ئێستا هەر بە ناوی شەخسی خۆیەوە دەدوێت بەڵام حەز دەکات نێوانمان هەبێت و کە من چوومە باڵەکایەتی، بچمە بارەگایان . منیش گوتم باشە و بەڵێنم دا کە وا بکەم، بەڵام ئیدی ئەوە قەت رووی‌نەدا . هەموو پێوەندیمان بە حیزبی شیووعییەوە ئەو سەعاتە دانیشتنە سیٚقۆڵییە بوو کە لە ماڵی شێرکۆ بێکەس دانیشتین، هەر ئەوەندە، نە پتر .

لەو دانیشتنەدا، هێندێک بە گاڵتەجاڕی پەیامی ئاریایی جەمال نەبەز پێکەنین، کاک فارووق گوتی : جا وەرە تۆ بتەوێت کورد لە سەد ملیۆن عەرەب دووربخەیتەوە و بچیت لە ناو شەشسەد ملیۆن هیندیی ئارییاییدا بیتوێنیتەوە!

کاک فارووق دەڵێت : بە رەزامەندی و پێخۆشبوونی خۆیان ژمارەیەکی زۆرمان لە بەیاننامەکە چاپکردەوە . ئەوە راست نیە . ئێمە پێشەکی هیچ ئاگایەکمان لەو چاپکرنەوەیە نەبووە و، ئەوان پرسیاری بیروڕای ئێمەیان بۆ ئەو کارە نەکردووە، هەر لە خۆیانەوە کردوویانە . من پتر لە

مانگێک دوای ئەوە بەو کارەم زانییەوە، کاتێک گوتیان بـەیاننامەکە لە باڵەکایەتی بڵاوبووەتەوە، کە کاک فارووق جـارێک بە تـەوسـەوە لە دوورەوە پیشانی کاک " فـەرهاد عـەبدولحەمید"یشی دابوو، ئێمە ئەو نەتیجەگیرییەمان کرد کە بەیانەکەمان لەلایەن ئەوانەوە لەوێ چاپکرابێتەوە .
بـەڵام من قەت وێنەیەکم لەو چاپکراوەوەیەی ئـەوان نەدیت، ئـایا هەر وەکو خۆی کۆپیکراوە یا دەستکـاری کـراوە ؟ ئـەوەیان نـازانم . کاک فارووق دەڵێـت کە گوایا بـاسی" بـرایەتیی کـورد و عـارەب"ی تێدا بووبێت، کە حـەتمەن نـابێت شتی وا لە بـەیاننامەی ئێمەدا بووبێت، خۆ هێندێک کەس ئێستاش بەیاننامەکەی چاپی ئێمەیان لا ماوە .
کاک فارووق بـاسی قسەیەکی جەمال نەبەزیـش دەکات . جگە لەوە کە قسەی جەمال نەبەز هەر دەبێت بە هیـچ دابنرێت، بۆ ئەمەش من ساڵێک پتـر دوای دیتنی جەمال نەبەز ئەوجا ئەو بەیانەم نووسیوە .
تا ئێـرە، باسی لاپەڕە ٣٠٥-٣٠٦ی کتێبەکە، کە هەر ئـەو دوو لاپـەڕەیەم لێ سـەیر کرد و جگە لەوە کتێبەکەم نەخوێندووەتەوە، بەڵام هەر لە هەڵدانەوەدا شتێکم لەبارەی"سەرۆک بارزانی"تێدا دیت، کە گوایا بـارزانی لە قاقای پێکەنینی داوە! . قـەت نـەبیستراوە بـارزانی لە قاقای پێکەنینی دابێت. پێدەکەنی بـەڵێ بـەڵام زۆر نەرم و لە ژێر لێوەوە، نەک بە قاقا . ئیتر دەبێت کتێبەکە چەند شتی سەیری تری تێدا بن ئەوەیان نازانم، جگە لەو دوو لاپەڕەیەی نەمخوێندووەتەوە .

.

پێرێ و دوێنێ ئەو کتێبەی بە ئەو ناوەم بە پێدێئێف خوێندەوە و، لە دوای" کوردبوون "ی کاپیتان حەمەدیمەولوودی، بوو بە دووەم گرنگترین کتێبیکوردی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری " کورد چیە ؟ " کە من لە ژیانی خۆمدا خوێندوومەتەوە .

"کوردبوون"ی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، بە رادەییەکەم باسی موکریانی سەردەمی ژیانی نووسەرە، زۆرتر باسی مهاباد، ئەوجا باسێکی باشووریش و، کەمێکیش لە ژیانی هێندێک کوردی کە پەڕیونەتە یەکێتی سۆڤیەت . زۆری لەوە کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری " کورد چیە "، لە ئەو چوارچێوەیەدا پێویستە، تێدایە : هەر لە ئەندامانی خێزانەوە و پێوەندییان، تا ناو بازاڕ، تا بە وردەکارییەکانی رەوشتی چینەکان : بازرگان و گیرفانبڕ و حاجی و عارەقخۆر و - بە زمانی رۆمای کۆن- پرۆلیتار و لومپین و شێخ و مەلا و، ئەهلی سیاسەت و عەقڵ و رەوشتیان و هەستی نەتەوایەتی و پێشمەرگە و ... زۆر و زۆر . کتێبێک کە بێوێنەیە و کەس پێش کاپیتان نەینووسیوە، کەس نە وێراویەتی بینووسێت، نە عەقڵی پێشکاوە کە بینووسێت و، نە ویستوویە لەلایەن هیچ کەسێکەوە بنووسرێت، چونکە " حەقیقەت "یک دەڵێت کە زۆربەی خەڵک نایانەوێت بیزانن، ئەگەر بیشیزانن دەیانەوێت لە مێشکی خۆیان و خەڵکی بسڕنەوە . بەتایبەتی ئەهلی سیاسەت کە دەیانەوێت قسەی ئەوان جێگەی حەقیقەت بگرێتەوە، تاکو بتوانن سیاسەت بکەن .

ئەم کتێبەی زرار سلێمان بەگ، ئەوەندەی کتێبەکەی کاپیتان حەمەدی مەولوودی دەوڵەمەند و هەراو نیە، پانتاییەکی تەسکتر دەگرێتەوە، بەڵام حەواسی منی زۆر پتر داگیر کرد، پتر هەژا- ندمی، هەر تووشی تای کردم و، زۆر پتر زانیاریی هەڵەی بۆ راستکردمەوە .

ئەوەی لە کتێبەکەی " کاپیتان"مدا خوێندەوە، زۆرتریم پێ چاوڕواننەکراو نەبوو، تەنیا ئەوەی لەبارەی ژێکاف گوتوویە راستکردنەوەیەکی گرنگی زانیاریی بۆ من تێدا بوو، ئەینا بۆ باسە- کانی تری لام وایە ئەگەر لەوێشدا نەمخوێندنایەتەوە رەنگە هەر وەهام بهاتنایەتە بەر چاو، بەڵام دیارە ئەوسا بە خەیاڵ وا دەبوو و، وا " کوردبوون"ی کەسێک کە تێدا ژیاوە، بۆم بوو بە

سەنەدی واقیعی رووداوان .

من بە تەواوی تێدەگەم کە بارزانییەکان بە ئەو کتێبەی زرار سلێمان بەگ دڵگران و نـاڕەحەت بـووبـن، بـەتـایبەتی کە دوژمنانی بـارزانی و پـارتییەکەیان چۆن ئەم کتێبەیان بۆ پڕۆپاگەندە لە دژی بـارزانییەکان بەکارهێناوە و دەهێنن، بەڵام من - بە بێ ئەوە کە یەک تۆزقاڵ تێگەیشتنم لە بارەی رۆڵی بارزانی و بارزانییەکان لە مێژووی کورددا بگۆڕێت - ئەم کتێبەی کاک زرار بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی حەقیقەت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبینم کە دەڵێت : " کورد چیە ؟ ".

کاک زرار و سلێمانبەگی باوکی، پێشمەرگەیقارەمان بوون، وردەکارییەکانی مارشی چوونە یـەکێتی سـۆڤیەتمان بۆ دەگێـڕنـەوە کە لەگەڵ بـارزانـیدا بوون و، چ دەورێـکـیان تێـدا هـەبـووە، شیووعی بوون، جاش بوون، بنەماڵە و عـەشیرەت بوون، وێکـڕا هـەموو ئـەو شتانە بوون ...

جا چۆن کەسێک وێکرا هەموو ئەو شتانە دەبێت ؟

وەڵام : چاک، ئێجگار زۆر چاک .

ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت : کورد چیە ؟

وەڵامەکەی : کورد ئەوەیە کە ئەو کتێبە دەڵێت .

٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣

لـەم سـاڵانەی دواییدا، وەرگرتنی دیپلۆمی بـەرز لە هـەرێم، ماسـتەر و دکتـۆرا، سەیر بووە بە مۆدە . خـوێندەوار و نـەخوێندەوار، زانـا و نـەزان و ... هـەرچی، ئێجگار زۆر کەس فڕکان- فڕکانیان بۆ وەرگرتنی شتێکی وەها بووە و ئێجگار زۆر بە هاسانی وەدەستیان هێناوە . ئەوەی چوو شتـێکی لە رووسیا کـڕی و هێنـایەوە و ئـەوەی لە هـەولێر یا لە سلێمانی خـۆشـەویستی دەسـەڵات بوو و بە هاسانی بۆی هەڵسـووڕا، کردیان بە حەشر، نە یەک و نە دوو و نە دە و نە سەد و ... بۆچی کەس ماوە دکتۆرایەک شتێک متێکی لەو بابەتانە نەبێت ؟

ئەوجا ئەو ماستەرنامە و دکتۆرنامانە لە ئـارشیفی ئـاکادیمیی کـورددا دەپارێـزرێن ؟ کەی پێدا دێنەوە تا ببینن کە زۆربەی ئەوانە ( لە زانیاریی ئالفا ) فـڕیان بەسـەر کاری ئاکادیمییەوە نیە ؟ حـەتمەن دەبێت رۆژێک پێدا بچنەوە و، هـەموو ئەو نـاوانەی دکتـۆر و ماسـتەر لە خـاوەنانیان بستێندرێنەوە .

دیـارە هەرکەسێک شتێك بە ناوی نـامەی ماسـتەر یا دکتـۆرا بنووسێت و لێی قـەبووڵ بکرێت، بە زەحمـەت بکرێت بۆ ئەوە گلـەیی لە خـۆی بکـەیـن، ئـەوە ئیتر مـۆدەیە و ئـەویـش دەیـەوێت هەیبێت. بەڵام ئەوانەی کە قەبووڵی دەکەن و دیپلۆمەکەی دەدەنێ، بەڵێ دەبێت پێیان بڵێین نا و، ئەگەر کەسێکی وەک من رۆژێک دەسەڵاتی هەبێت، من لام وایە دەبێت ئەوانە رووبەڕوووی دادگا بکاتەوە .

برایەکی خۆشـەویست ئێستا وێنەی گوتارێکی لە بارەی "هـەژاری موکریانی"یەوە نووسیوە و دیپلـۆمـی ماسـتەری پێ وەرگـرتـووە، کورتـەیەکی نـاوەڕۆکـی بۆ منـیش نـاردووە . ئێ دە من ئـەگـەر گـۆڤارێکم هەبوایە و، ئـەو" ماستەرنامە "یەم بۆ بهاتایە حەتمەن شایانی بڵاوکردنەوەم نـەدەدیت، بـڵاوم نـەدەکردەوە، ئـەگـەر سـەرنـووسەری رۆژنامەی "پارتـی"یش بوومایە هەر قەبووڵم نەدەکرد، چونکە پێهەڵگوتنێکی بێ سەروبەرە کە هیچی بەسەر هیچییەوە نیە، تەنانەت هـەژاری کـردووە بە یـەکێک لە دامەزرێنەرانی پـارتی لە رۆژئاوا! ... ئەوی تـریشی هـەموو شتێکە جگە لە کاری ئاکادیمی، هەر فڕی بەسەر هەژارەوە نیە .

بۆ خـاتری خـودا، کەمێک دەست بگرنـەوە، ئـەینا کاری ئـاکادیمییە کـوردەکانی داهاتوومان بۆ

سڕینەوەی ئەوانە قورس دەبێت ... زۆر قورس دەبێت .

## **مرۆڤی بەجێ لە کاتی بەجێ لە شوێنی بەجێ**، یا :
## **مرۆڤی نابەجێ لە کاتی نابەجێ لە شوێنی نابەجێ**

هێمن لە پێشەکیی " تاریک و روون "یدا دەڵێت :

تووشی نـەخۆشییەکی رووحـی هـاتم (..) تا حاڵی خـۆکوشتن پاڵی پێوە نام (..) هەڵەی وامکردن کە نـەدەبـوو بە هیچ نـرخێک بیانکەم و بە سـەر پـەلی وادا کـەوتم کە دەبـوو خۆیان لێ بپارێزم (..) بەڵام لەپڕ ئەو مژ و هەورە رەوی و گزنگی هیوا سەر لە نوێ لە ئـاسـۆی ژیانمدا ئـەنگوت : لاوێکی روونـاکبیر و کوردێـکی پـاک و بەشـەرەف کە بەداخەوە نـاکرێ نـاوی‌بـەرم، خـۆی و رەفیقانی ئـەو لەو ماوەدا زۆر لە هـانام هاتن و زۆرم لەگەڵ مانـدوو بوون . لە ساڵی ١٣٤٠دا سەرلەنوێ تێهەڵچوومەوە و هاوکاریی ئازادیخوازانم دەستپێکردەوە .

( ل ٤٢-٤٣، بە دەستکاریی رێنووسی چەند وشەیەکییەوە) .

ئـەو سـەربازە لاوە روونـاکبیرەی کە هێمن ناوی نەبردووە کێ بووە ؟ هەقە ئێستا نـاوی بزانین، ئەوە بۆ هێمن پێی‌دەگوترێت : مرۆڤی بەجێ لە کاتی بەجێ لە شوێنی بەجێ .

خـۆزیا هەژاریـش لە ئێران یا لە رۆژهەڵات تـووشی کەسێکی وەها بهاتایە . بـەڵام نـا، تـووشی کەسانێکی زۆر جیاواز هات : دکتۆر شیرازی و چەندانی دی، بەڵام بەتایبەتی" ماجد روحانی"، کە من بەوە دەڵێم : مرۆڤی نابەجێ لە کاتی نابەجێ لە شوێنی نابەجێ .



وێنەی چەچان ئاغا و من، لە پێش خانووەکەی چەچانئاغادا لە تربەسپی، ١٩٧٦

چـەچـانئـاغای حـاجـۆ، یـادی بـەخێر، هەزار رەحمەتی لێبێت چ نەخوێندەوارێکی بە رەوشـت رۆشنبیر بوو .

چـەچـانئاغا یەکێک لە پێنج کوڕی حاجۆ ئاغای گەورەی هەڤێرکان (حاجۆی دووەم، ئاوەدانکەرەوەی تربەسپی) بوو . من ساڵی١٩٧٥-١٩٧٦چەند مانگێک لە قامیشلی لە ماڵیکوڕێکی بووم، ماڵی کاک مەجیدی رەحمەتی، چـەچـان ئـاغاش - کە هەر لە تـربەسپی دەژیا - زۆر جار دەهاتە ئەوێ و چەند رۆژێک لەوێ دەمایەوە و نێوانمان زۆر خۆش بوو .

چـەچـان ئاغا، قـەت خـۆی لە هیچ شتێکی غـەیرەعـەقڵی نـەدەکرد بە خـاوەن . نوێـژی دەکـرد و رۆژووی دەگرت، بـەڵام کاتێک لێم دەپرسی : تۆ پێت وایە قیامەت هەیە ؟ دەیگوت : وەڵڵا ئـەز چ بێژم برازی، مەلا دەڵێت کە لە قورئاندا وا نووسراوە!


ئـەدی کە دەڵێن ئێمە هەموومان لە ئادەم و حەواین، ئەوە راستە ؟ وەڵڵا ئەز چ بێژم برازی، خۆ ئەگەر شتی وا بووبێت، چووزانم، مەلا دەڵێت لە کتێبدا وا نووسراوە .

ئەدی ئەو نوێژ و رۆژووە بۆ ئەوە نیە کە لە بەهەشت پاداشیبدرێت ؟ وەڵڵا ئەز چ بێژم برازی،

من بە نوێژ و رۆژوو راهاتووم و نامەوێت تەرکی بکەم، ئـەوجا قیامەت و پـاداش و ئـەو شتـانە خۆ من چووزانم، ئەسڵەن کێ ئەو شتانە دەزانێت ؟ دەڵێن لە کتێبدا وا نووسراوە .
خوا دەزانێت، من بە راست و بە چەپدا بە هـەموو شێوەیەک بە پـرسیار بۆی هاتم، خوێنـم بوو بە ئاو و نەمتوانی تاقە یەک جاریش خۆ بە خاوەنکردنی لە قسەیەکیغەیبی لێ ببیسم .
تۆ ئەوە بەراورد بکە بە ئەو هەمووە قسە بێ سەروبەرانەی کە ئەو هەمووە خوێندەوارە زلانە بە تەعەسوب شەڕیان لەسەر دەکەن .

چەچان ئاغا، کوڕەکانی بنەماڵەکەی، نەوەکانی خـۆی و هەموو کوڕگەلی هەرزەکاری تـازەلاوی ماڵەکەی بـانگ دەکردن و پـارەی دەدانێ و دەیگوت : عـارەق بکـڕن و بچن لە ژووری میوانانی ماڵ یا - هاوینانە- لە باخچەکە( لە کۆشکەکەی لە تربەسپی) بۆخۆتان عـارەق بخۆنەوە . خزمانی زۆر هەبوون کە ئەوەیان پێ باش نـەبوو، دەیانگوت : تۆ بۆچی ئەو منداڵانە فێری عارەقخوار- دنەوە دەکەیت ؟ دەیگوت : نا، من فێریان نـاکەم، دەزانم ئـەگەر بە ئـازادی نـەیخۆنەوە، دەچن بە دزی لە شـوێنانێک کە لە ئـاگـاداری و کـۆنترۆڵی ئێمە دوورن دەیخۆنەوە؛ ئـەو لاوانـە تـەنـانەت هێندێک لە مامەکانی خۆیان دەبینن کە عارەق دەخۆنەوە، ئەو هەمووە خەڵکەی دیکەش دەیخۆنە- وە، ئێئەوانیش حەتمەن حەز دەکەن تاقیبکەنەوە بزاننچیە، ئەگەر دوور لە ماڵەوەیان بیخۆنەوە نازانیت لەگەڵ کێ و کەی دەچنە کوێ بۆ خواردنەوە، لێرە لەبەردەستی خۆمانن .
هەزار رەحمەتت لێ بێت مرۆڤی ژیر و چاک .
هەژار دەیگوت : جەلادەت بەدرخان لە شامەوە دەهاتە لای چەچان ئاغا تا کوردیی لێ فێر ببێت، جەلادەت دەیگوت : چـەچـان ئـاغا کـوردیی چـاکی سـەردەمی منداڵیی لە دێـیـەکەی خـۆی چـاک پـاراستووە و کەس نـاتوانێت پێی بگۆڕێت و دوای ئەوەش هیچ وشەیەکی نوێی نەخستووەتە سەر و هەر وا بە پاکی ماوەتەوە، من زۆری لێ فێر دەبم . چەچان ئاغا بۆ فێـربوونی کرمانجی مامۆ- ستای هەژاریش بوو .
گۆڕت پڕ لە رووناکی چەچان ئاغای خۆشەویستی برازیی خۆت .

# فڕینی دوور، شیعر و گێڕانەوەی ناسری حیسامی 




مەستی مەستم ساقیا دەستم بگرە، ئەوە منم لە ئێوارەی ئەمڕۆوە تێدام، کە لاپەڕە بە لاپەڕەی " فڕینی دوور" ی کاک ناسری حیسامی دەخۆمەوە و پێی مەست و مەستتر دەبم .

دەبێت لە پێشدا ددان بەوەدا بنێم ، کە من چەندە پێش دیتنی ئەو بەرز فڕینەی کاک ناسر پێم-وابوو دەمناسی، دەمزانی چەندە بەتوانا بوو، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبەی هەستدەکەم کە ئەوە جاری یەکەمە من پەی بە توانای ئەو نووسەر و شاعیرە بەتوانایە دەبەم و، بەو رادەیە هەست بە ناسکی و دەوڵەمەندیی هەستی دەکەم .

هەرچەندە رەنگە وا باشتر بێت مرۆڤ ئەوەندەی بۆی دەکرێت خۆی لە بەراوردان لابدات، بەڵام بەخۆم نیە وا هەست دەکەم ئەو یەکەم پێنج- شەش لاپەڕەی کە کاک ناسر بەشێک لە ژیانی خۆی پێ دەگێڕێتەوە، ئەگەر لە هەموو پێشەکییەکەی " لە کوێوە بۆ کوێ"ی هێمن جوانتر نەبێت، کەمتر نیە . خۆ کە بێتە سەر گێڕانەوەی ژیانی لەگەڵ دێهاتییانی زێدیدا، ئەوا بێ هیچ سێ و دوو لێکردن زۆر لە گێڕانەوەی هێمن بەهێزترە . ئەوە هەر گێڕانەوە نیە، نا، هەر دیسان ژیانەوەیە و، بە هێزی قەڵەمی خۆی منی خوێنەریش لەگەڵخۆیدا دەباتە زێدەکەی، لای ئەو دێهاتییانە و وام لێدەکات لەگەڵیاندا بژیم، گوێم لە دەنگی لێدانی دڵیان بێت، هەست بە هەناسەدانیان بکەم و قووڵ، زۆر قووڵ بچمە ناو دڵیانەوە، هەر وەک منیش هەموو ئەو ساڵانە

لەگەڵیدا لە زێدیدا بووبم و وەکو خۆی ئەوانەم وەها ناسیبێن و، پەیتا- پەیتا لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکیدا بڵێم : ئەرێوەڵڵاهی وا بوو، ئای چەند جوان هەستت پێکردووە ... چەند باش سەید ئەحمەد و شاڵەکەیت لەبیر ماوە، ئای ئای خۆ ئاگات لێبوو چۆن دەچوون داوای تیتۆڵە- یەکی شاڵەکەیان لێدەکرد . کە دواتر دەچێتەوە دێ و دەچێتەوە سەر گۆڕی سەید ئەحمەد، بە تەواوی وا دەزانم لەگەڵیدام :

**گڵکۆی سەید ئەحمەدیان نیشاندام، بە دارێکی باریکی وشکەوە، کە هەر بە قەد گۆچانەکەی خۆی دەبوو و لە لای ژوورووی قەبرەکە لە زەوییان چەقاندبوو،پەڕۆ- یەکیسەوزی کاڵەوەبوو بە دەم بایەکی ئارامەوە دەشەکاوە. دوو بەردی درێژکۆڵەی نێو مەزراکەیان هێنابوو بۆیان کردبووە کێڵ . گیای ئەو ناوە وشک ببوون . لەگەڵ هەموو هەنگاوێک، بۆنی نەعنە و شێستپەڕ تێکەڵ خاکەکە دەبوو .**

خەڵک باسی وێنەی سێبوعدی دەکەن، دە من دێڕ بە دێڕی ئەو کتێبە بە " پێنج حەواسی" دەخوێنمەوە و پێی مەست دەبم . یا دەروێش حەمەد، حەمە باڵشکاو، کە تەمەنی لە هەشتا نزیک ببووەوە . چۆن هەر زستانە " یاسین "یان لەسەر دەخوێند و، دەیگوت : تازە چاوم بە بەهار ناکەوێتەوە . لە کۆتاییدا :

**لەوێ نەمابووم، نازانم سەرەنجام کامە زستان ئیدی بەهاری نەدیتەوە .**

یا کاک رەسووڵ و خاڵە مینە، چۆن کاک رەسووڵ :

**لە ماڵێ و لە نێودێ هەر لەسەر یەک هەوا بوو. زستانان هاتوچۆی مزگەوتی دەکرد و نوێژیشی دەکرد، بەڵام هەر ئەوەندە بوو نوێژەکەی دەکرد، ئیدی وەک پیاوانی هاوتەمەنی خۆی ورتەی دوعا و ئایەتەلکورسیی لێ نەدەبیسترا و فووی لە دەورو- بەر نەدەکرد، پاڕانەوەشی زۆر نەبوو ...**

تا : **ئێستا ئەو مەزرایانەی ئەو تێیاندا لەبەر باران زەویی کێڵا و لەبەر هەتاو دروێنەی کرد، ئەو کانییانەی ئەو چووە سەریان و تۆزی سەر خەرمانی لە تەوێڵ و لاملی داشۆری، هیچیان دەنگی هەنگاوە ئارامەکانی نابیستن .**

لەوانەوە بۆ قۆناغی دواتر : دوا دیمەنی دوا لەحزەی ژیانی پێشمەرگە بریندارەکەی باکوور کە

هەر زەردەی لەسەر لێو بوو .

لەدواییدا، هەر وەک شیعرێک لە کاتی چاخواردنەوەیەک وێنەیەکی رەوشتی بەرز و جوانی لاوێکی شوانی دە- دوازدە ساڵانە بکێشێت :

**چایەکەی بەتەما بوو بۆ من دەم بکا و لە هەرمێکانی یەکیانی دا بە من . نازانم ئەوە چ هەستێکە کە خەڵکی ئەم وڵاتە وا لێ دەکا ؟ بزەیەک، دەرگایماڵە گەرم و روونا- کەکەی دەروونیت لێ دەکاتەوە ...**


تا : **ئێستا ئەوە دەنگی دێ و گۆرانی دەڵێ . لێرە، لە نێوان ئەم دوو ڕیزە شاخەدا، تاوی لێ هەڵدێ و، ڕۆژی لێ ئاوا دەبێ و، بەفری لێ دەبارێ و، گەزیزە سەری لێ وەدەر دەنێ و، گەنم و جۆ پێدەگەن و، هەرمێ پاییزە پێدەگەن و لەگەڵ ئەوانە گەورە دەبێ. شان بۆ دروێنە دادەدا و، پشت بۆ کۆڵەئارد دەچەمێنێتەوە، لەو لووتکانەوە بارەدار بۆ سووتەمەنیی زستان دێنێتەخوار و، سەرەنجام لە نێو ئەم شاخانە پیر دەبێ .**

**ئەوانە دەنووسم کە پێت بڵێم ئێمە لێرە گەورە دەبین، لەم وڵاتە کە خاکەکەی وەک چۆن ترێڕەشکە و هەرمێ کێویلە دێنێ، ئاواش خۆشەویستی دێنێ، ساڵێک زۆر و ساڵێک کەم، ڕەنگە وشک و ڕەنگە پڕئاو، بەڵام هەمیشە شیرین .**

کاک ناسر، وا لە خۆشەویستیی زێدی خۆی و خەڵکەکەیدا تواوەتەوە، سنوورێکی لە نێوان باسی ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی خۆی و ژیانی منداڵی و ئەو هەمووە خەڵکەی دەوروبەریدا لا نیە، هەمووی بەسەریەکەوەیە . لە باسی دیتنەوەی باوکی لەدوای ئەوەندە ساڵان و، باسی منداڵانی دێ و، ئەوجا ئەوە کە ئێستا لە سوێد دەژی، لەوێوە، لە هەمان لاپەڕەدا دەچێتە سەر باسی ریحانەی بەر پشتێنی مام حەمە کەریم، هەمووی هەر دەبێتە یەک گێڕانەوە و، بە یەکسانی . باسی ژیانی تایبەتی خۆی و کەسوکاری چارەگێکی گێڕانەوەکەشی ناگرێت، هەر وەک بڵێت سێچارەگی من ئەو خەڵکەی زێدەکەمن . ئەوە خۆشەویستییە بۆ خۆشەویستی .

لەجیاتی ویستن بۆ خۆی کە چیی وەدەستبهێنێت، لەگەڵدا دەژیت، تێدا دەژیت، هیچی ناوێت، هەر دەیەوێت باسی هەموو خۆی بکات کە ئەو تێدا هەر یەکێکە لە زۆران، سێچارەگی هەمووی خۆی بریتین لەو خەڵکە .

من كه له ئاست " خۆ- ويستی"ی نووسەران و بەتايبەتی زۆربەی شاعيران زۆر بەدبينم، ئەو رەوشتە بەرزەی كاک ناسر كە لێرەدا دەبينم، زۆر سەرنجم رادەكێشێت .
گێرانەوەكەی، هەم بە رەنگی كێشانیتابلۆی هونەرمەند، تەبيعەت دەكێشێت، بە مرۆڤەكانيشەوە، هەم بە قووڵبوونەوەیسايكۆلۆجی دەچێتە دەروونی مرۆڤەكانەوە و، لەگەڵ وێنەكانی دەرەوەياندا تۆمار دەكات . زۆر پاراگرافی دەكرێت سەربەخۆ لێ هەڵگيرێتەوە و لە شوێنی جياوازدا بڵاو- ببێتەوە و، بە خەتیخەتخۆشان بە پۆستەر بنووسرێن و، بخرێنە كتێبەكانی خوێندنیخوێندگەكان.
من كە ئەم ئێوارەيە ئەم كتێبەم بەدەستگەيشت، دەستبەجێ خوێندمەوە و، خۆم پێنەگيرا، گوتم دەبێت دەستبەجێ هێندێک لەوەی ئێستا بە بيرمدا دێت بنووسم، رەنگە دواتر ببينم كە كتێبەكە باسی زۆر پتر هەڵدەگرێت، حەتمەن يەک بە يەكی شيعرەكانيش بە هەمان شێوە زۆر جێگەی سەرنج و باسكردنن . بۆ شيعرەكان، ديسان باسی بەراوردەكەم بە بيردا دێتەوە، من پێش ديتنی ئەم كتێبەش ئەو پرسيارەم بە بيردا دەهات : دەبێت كاک ناسر يا كاک هێدی، كاميان شاعيرتر بن . ئێستاش هەر ئەو پرسيارە لە خۆم دەكەم و، پێموايە شيعر دەزانێت. رەنگە هێندێک شيعری كاک ناسر هەبن كە ئاستيان لە سەرووی توانای كاک"هێدی"يەوە بێت و، رەنگە پێچەوانەكەشی راست بێت .
من لێرەشدا هەلم بۆ رەخسا كە چەند وشەی كوردی لە كورديزانێک فێرببم : قەرە، باڕن، نوسەنەكە، سواڵەگرتن، كەمە(ی گۆچان) . ئەو وشانەم نەدەزانين و مانايانم لە "هەنبانە بۆرينە" دەرهێنان، بۆ وشەيەكی تريش گەڕام : چاوزەقە، كە دەبێت جۆرێک دڕك ودالْ بێت، كە لە هەنبانەبۆرينەدا نەبوو .
لە كۆتاييدا : پيرۆزبايی دەرچوونی ئەم كتێبە لە كاک ناسری هێژا، لە خۆم، لە خوێندەواريی كورد و لە جوانيی ئەدەبيات دەكەم . كە بەرهەمی كاک ناسر ببينين مەگەر هەر زۆر وە تەماح بكەوين و هەميشە چاومان لە رێی بەرهەمی پتری بێت . كاک ناسرمان، ئەو سامانە نەتەوايە- تييەمان، هەر سەركەوتوو و سەرفراز بێت .



**که دەتبینم بەهارێک دێ بە جارێ**
**که دەمدوێنی، هەتاو خۆی دێتە خوارێ**
**دەرودەشت پڕ گەزیزە و، ئاسمان ساو**
**که جێمدێڵی هەور دێنێ و دەبارێ**
**ناسری حیسامی**

( لە " فڕینی دوور، شیعر و گێڕانەوە – ناسری حیسامی) .



لاررا



ثۆرییا

هەژار لە ناشتنی هێمندا بەشدار نـەبوو( من نەمبیستووە هیچ شاعیرێکی دیکەش بەشداری ئەوە بـووبێت) . نـازانین ئـەگـەر ببوایـە،چ شیعـرێکی لەسـەر تەرمەکەی یا گۆڕەکەی دەگوت، بـەڵام نووسەر و شاعیری رۆمانتیکی ئیسپانی" José Zorilla y Moral خـۆثێ ثـۆرییا ئی مۆرال " (١٨١٧-١٨٩٣) لە کاتی ناشتنی نووسەر و شاعیری رۆمانتیکی ئیسپانی"Mariano José de Larra y Sánchez de Castro ماریـانـۆ خـۆثێ دێ لاررا ئی ثـانچێـذ دێ کاسترۆ(١٨٠٩-١٨٣٧) دا شیعرێکی لەسەر گۆڕیخوێندووەتەوە کە شیعرەکە پێشتر هەبووە، وەنەبێت بەتایبەتی بۆ ئەو بۆنـەیە دانرابێت، بەڵام لەو خوێندنەوەیەی لەو کات و شوێنەدا زۆر بەناوبانگ بووە .

ماریانۆ خۆثێ دێ لاررا، کە زۆرتـر بە " لاررا " نـاویدەبـرێت، لە ئیسـپانیا لەدایکبـوو، بـەڵام باوکی(لوی دێ لاررا ئی لانکێلۆت) لە دوای شکانیناپلیۆن و ئازادبوونی ئیسپانیا و گەڕانەوەی دەسـەڵاتی ماڵی پادشای پێشوو، وەک زۆرانی تـر، کە بە لایەنگریی دەسەڵاتی نـاپلیۆن تاوانبار بوون، رایکرد و ماڵی بردە فەرەنسا (١٨١٢)، ئیتر ماڵەکە هەر زۆر لە ژێر تەئسیری ئەدەبیاتی فـەرەنسیدا بوو . سـاڵی١٨١٧ گـەڕایەوە ئیسـپانیا . لاررای کوڕی بـوو بە نـووسـەر(ی تـەنـز و رەخنە لە رۆژنامەکاندا) و بە شاعیرێکی رۆمانتیکی ئیسپانی . لاررا ژنی هێنا و بوو بە باوکی کوڕێک و دوو کچ . کاتێک زانی کە سێیەم منداڵی("ئاذێلای"ی کچی) لە خۆی نەبوو، ژنەکەی تەلاق دا ( ئاذێلا خانم دوایی زۆر بەوە نـاسـرا کە نێوانیعیشقی لەگەڵ پـادشادا هـەبوو) . لاررا ئـەمجارە عاشقـی ژنێک بوو کە بـە مێـرد بوو و کوڕێکیشیهـەبـوو . ژن، دوای چـوارسـاڵێک،

بە تـەواوی لێی وەڕەز بوو و، ڕۆژێک لەگەڵ ژنی براکەی خۆیدا چووە ماڵی ماریانۆی دڵداری و پێیگوت : تـەواو، ئیدی نامەوێت بتبینم : بەردە بەردە دە بڕۆ بەرۆکم بەردە! و ئیتر ڕۆیشتن . هێشتا زۆر دوورنـەکەوتبوونەوە کە گوێیان لە دەنگی تـەقەیەک بوو، دەرکەوت کە ماریانۆ یەک فیشەکی بە سەری خۆیەوە نابوو . بەوجۆرە لە تەمەنی ٢٨ساڵیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا .

خـەڵکێکی ئێجگار زۆری پـایتەخت، دوو ڕۆژ دوای ئـەوە، بۆ نـاشتنی، بە دووی جەنازەکەیەوە بوون و، دیارە نـووسـەران و شـاعیرانیش لە ریـزی یـەکـەم بوون . یـەکێک لەوانە : نووسەر و شاعیری زۆر ڕۆمانتیک " خۆثێ ثۆرییا ئی مۆرال "( کە دواتر بە شانۆی" دۆن خوان"ـەکەی، زاراوەی" دۆن جـوان "ی خستـە زمانانێکی دنیـاوە) . ثـۆرییـا شیعـرێکی لەسـەر گـۆڕی لاررا خوێندەوە کە هەمووانی سەرسام کرد .

ثۆرییا ئـەوسـا زۆر جـەوان بوو( شـەش ڕۆژی مابوو تـەمەنی بگاتە بیست ساڵی تـەواو)، زۆر خەڵک نەیاندەناسی، ئیتر بەوە بۆ جاری یەکەم زۆر سەرنجی ڕاکێشا .

نووسەرێک لەم ساڵانەی دواییدا لە سایتێکی ئەدەبیی ئیسپانیدا نووسیویە :

**" ئەو گۆڕە لاررای لێسەندین، بەڵام ثۆرییای داینێ!**

**هەمان ئیسپانیی کە لەگەڵ لاررادا چوونە گۆڕستان، بە ثۆرییایان لەگەڵدا گەڕانەوە ".**

دەوڵـەمەندیی مووسـیقای زمانی شیعـری ثـۆرییا، هـەردی و لـۆرکا بە بیـری منـدا دەهێنێتـەوە . کاتێک هەردی " بناغە و چینی دیواری تەلاری بەرزی دڵداری " دەڵێت، ئەوە ئیتر مووسیقای ڕووخـانی دیواری تـەلارە، وێنەی سیمفۆنییـە، یا وەک لۆرکا " سـەعات پێنجـی ئێـوارە، ڕێک سـەعات پێنجـی ئێـوارە، سـەعات پێنجـی ئێـوارە" دەڵێت ... ئیتر ئـەوە دەنـگی لێدانی دڵـی گا و ڕۆچوونی شاخییەتی دە دڵی ئیگناثیۆ سانچێذ ماخییاسدا .

من کە وەرگێڕی شیعر نیم، زۆر خـەجاڵەتی ثـۆرییام و تکای لێبوردنی لێ دەکەم کە خـۆم پێ- ناگیرێت و، بەوەندەی کە بۆمدەکرێت، ئیسپانیی شیعرەکە بە کوردی دەگێڕمەوە .

شیعرەکە بەم ناوەیە : بە یادی نەگبەتی ئەدیبی جەوان دۆن ماریانۆ خۆثێ ذێ لاررا .

ئەو هەرا نارِوونەی کە با دەدرِێت
دەنگی زەنگی بردنی جەنازەیە
لاساکردنەوەی بێهوودەی دوا حەسرەتی
تەرمێکی رەنگپەرِیو و پەرێشانە
کە سبەی لە تۆزێکی پیسدا دەخەوێت.

وەزیفەی لەسەر زەوی کۆتایی هات
و بوونی دارِزاوی جێهێشت،
وەک کیژێک، کە ئارەزووی لەززەتی لە دەست خۆی دابێت
و ئێستا پەچەی ناپیرۆزی بە میحرابەوە هەڵواسێت.
لە کاتی داهاتووی بەتاڵی نۆرِی،
لە خەون و شکۆ بەتاڵ،
و خۆی دایە دەست خەوی بێ بیرەوەری
کە دەمانباتە دنیایەکی تری هەستانەوە!

گوڵێک بوو، هاوین سیس بوو
کانییەک بوو، هاوین وشک بوو
ئێستا بۆڵەی بێهوودەی هەستپێناکرێت
ئێستا لاچکی گوڵ سووتاوە.
هێشتا بۆنی خۆشی دێت
و ئەو رەنگە سەوزەی دەشت
ئەو عەبای گیا و بژوێنییە
ئەولادی رووباری داهێنەرن.

شاعیر کە بە وەزیفەکەی
لەسەر زەوی دەژی
روەکێکە لەعنەتلێکراو و
بە بەری بەرهەمی بەرەکەت.

بە ئارامی لە گۆڕی تەنیادا بنوو
کە ناگاتە گوێی کوێربووت
جگە لە دەنگی خەمباری تەلقینی ناشتنت
کە شاعیرێکی تر بۆت دەڵێت.
ئەمە پێشکەشییەکی خۆشەویستی بێت
دڵگرتر، بەڵێ، لە دوعای پیاوێک،
پاک وەک فرمێسکی منداڵێک
یادی شاعیری کە لەدەستم چوو.

ئەگەر لە ئاسمانێکی دوور هەبێت
تەلاری شاعیران
و تەنیا لەسەر زەوی دەمێنێتەوە
تابلۆی سەهۆڵ
بۆگەن و گەندەڵی؛
شایستەی دیارییە، حەتمەن
بۆ ژیانی تاڵ دەمێنێت.
بیابان بەجێبهێڵە
و بڵی مالئاوا
کراسی دزێوی مردوویەک!

ئەی شاعیر، ئەگەر لە نەبووندا

بیرەوەریی دوێنێ هەبێت

ژیانێکی وەکو ئێرە

لە پشت ئەو گومبەزی ئاسمانە

بیرێکت لای من بێت

وەک ئەوە کە من لای تۆمە .




یەکێک لە چەندین پەیکەری خۆڤێ ثۆرییا لە ئیسپانیا، لێرەدا لەسەر جێیەکی( لە بەرد) دانیشتووە، لە شەقامێک کە ناوی ئـەوی لێنراوە، لە " سێپولڤێذا"، لە مەڵبەندی زێدی خۆی و، چەند دێر شیعری خۆی لەسەر نووسراوە .

ئیسپانییەکە :

# A la memoria desgraciada del joven literato Don Mariano José de Larra




Ese vago clamor que rasga el viento
es la voz funeral de una campana;
vano remedo del postrer lamento
de un cadáver sombrío y macilento
que en sucio polvo dormirá mañana.

Acabó su misión sobre la tierra,
y dejó su existencia carcomida,
como una virgen al placer perdida
cuelga el profano velo en el altar.
Miró en el tiempo el porvenir vacío,
vacío ya de ensueños y de gloria,
y se entregó a ese sueño sin memoria,
¡que nos lleva a otro mundo a despertar!

Era una flor que marchitó el estío,
era una fuente que agotó el verano:
ya no se siente su murmullo vano,
ya está quemado el tallo de la flor.
Todavía su aroma se percibe,
y ese verde color de la llanura,
ese manto de yerba y de frescura
hijos son del arroyo creador.

Que el poeta, en su misión
sobre la tierra que habita,
es una planta maldita
con frutos de bendición.

Duerme en paz en la tumba solitaria
donde no llegue a tu cegado oído
más que la triste y funeral plegaria
que otro poeta cantará por ti.

Ésta será una ofrenda de cariño
más grata, sí, que la oración de un hombre,
pura como la lágrima de un niño,
¡memoria del poeta que perdí!

Si existe un remoto cielo
de los poetas mansión,
y sólo le queda al suelo
ese retrato de hielo,
fetidez y corrupción;
¡digno presente por cierto
se deja a la amarga vida!
¡Abandonar un desierto
y darle a la despedida
la fea prenda de un muerto!*

Poeta, si en el no ser
hay un recuerdo de ayer,
una vida como aquí
detrás de ese firmamento…
conságrame un pensamiento
como el que tengo de ti.

**Casida De La Rosa**

La rosa
no buscaba la aurora:
Casi eterna en su ramo
buscaba otra cosa.

La rosa
no buscaba ni ciencia ni sombra:
Confín de carne y sueño
buscaba otra cosa.

La rosa
no buscaba la rosa:
Inmóvil por el cielo
¡buscaba otra cosa!

قەسیدەی گوڵه باخ

گوڵەباخ
له شەفەق نەدەگەڕا
نیزیکەی نەمر لەسەر چڵەکەی
له شتی دی دەگەڕا .

گوڵەباخ
نه له زانست دەگەڕا و نه له سێبەر :
سنووری گۆشت و خەون
له شتی دی دەگەڕا .

گوڵەباخ
لە گوڵەباخ نەدەگەڕا
بێ جووڵە بە ئاسمانەوە
لە شتی دی دەگەڕا

(فێدەریکۆ گارثییا لۆرکا Federico García Lorca)

مەرگیمرۆڤ کە لەگەڵ لەدایکبوونیدا بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوەی لەدایکبوو دەشمرێت، ئیدی هەر وەک کە پرسیاری هاتنە دنیای پێ نەکرابوو، سەرقاڵبوونیشی بە بیرکردنەوە لە شتێک کە دە دەستی ئەودا نیە، شتێکی بێهوودەیە . کەواتە وا باشە هەر بیر لەوە بکاتەوە کە لە نێوان ئەو دوو قوتبەدا هەیە، سەرقاڵی ژیان بێت . بەڵام وێدەچێت هەر بیرکردنەوە لە ئەو مەرگە خۆی، کە هیچی لەگەڵدا ناکرێت، بەشێکی ئێجگار زۆری ژیانی لۆرکای داگرتبێت .

لۆرکا، بە رێکەوت، هەشن دەڵێن بە رێکەوت نەبووە، لە شیعرێکیدا لە ئەمریکا پێشبینیی شێوەی مەرگی خۆی کردووە :

(..)

comprendi que me habían asesinado .

Recorrieron los cafés y los cementerios y las iglesias

تێگەیشتم کە کوشتوویانم
ورد گەڕان قاوەخانەکان، گۆڕستانان و کلیساکان

Ya no me encontraron

¿No me encontraton?

No. No me encontraton

و منیان نەدیتەوە .
منیان نەدیتەوە ؟
نا، منیان نەدیتەوە .

ئەوەش کۆتایی ژیانی لۆرکا بوو، فاشیست کوشتیان و قەت تەرمەکەی نەدیترایەوە .
ئەو چوونە ئەمریکایەشی بە نیازی فێربوونی ئینگلیسی، کە دە مانگێک لە نیویۆرک مایەوە، ئینگلیسییەکی ئەوتۆ فێر نەبوو و گەڕایەوە، ئەوەشی هەر بۆ راکردن لە مەرگ بوو، هاتبووە سەر لێواری‌خۆکوشتن و، خۆی و کەسوکاری ئەو سەفەرەیان بە هەوڵێک دیت بۆ رزگارکردنی لە بیری خۆکوشتن، بەڵکو ئەوە خەمەکانی لە بیر بباتەوە. لۆرکا و دایکی یەکتریان زۆر خۆش‌ویستووە (" لۆرکا " ناوی بنەماڵەی دایکییەتی،" گارثیا " ناوی بنەماڵەی باوکییەتی، ئەوە هەر شێوەی ناونانی ئیسپانییە) .

مانگ وەک لە زۆر ئەفسانەدا بە ئارامگای رووحی مردووەکان باس‌کراوە، لە شانۆ و شیعری لۆرکاشدا بە رەمزی مەرگی مرۆڤ دەبینین . بە نموونە، شیعرێکی بە ناوی " رۆمانسی مانگ، مانگ"، یەکەم شیعری دیوانی " گۆرانیی قەرەچ "(١٩٢٤-١٩٢٧) ییەتی، کە دەڵێت ئەو شیعرە پێشکەشی " کۆنچیتا گارثیا لۆرکا " دەکات، " کۆنچا "خانمی خوشکی خۆی (١٩٠٣-١٩٦٢)، لۆرکا برایەک و دوو خوشکی‌هەبوون، کۆنچیتا بچووککردنەوەی ناوی کۆنچایە بەخۆشەویستی، شیعرەکە نۆ ستانزایە ( نۆ پاراگرافی شیعر)، بە وشەی مانگ دەست‌پێ‌دەکات :

La luna vino a la fragua
con su polisón de nardos.
El niño la mira mira.
El niño la está mirando.

مانگ هاتە دووکانی ئاسنگەر
بە کراسی بە پۆلیسۆنی گوڵە سنبل دەبەردا .
منداڵەکە سەیری دەکات سەیری دەکات
منداڵەکە هەر لە سەیرکردندایە .

پۆلیسۆن جۆرە چەترێکی بەرگی خانمان بووە، لە ژێر کراسەوە لە ناوقەدیان بەستووە، تا ئەو

بەشەی لەشیان دەرپەڕیو و گەورە بێتە بەرچاو .


لۆرکا و دوو خوشک و براکەی



لۆرکا و دایکی

لە ستانزای سێیەمدا :

Huye luna, luna, luna.
Si vinieran los gitanos,
harían con tu coeazón
collares y anillos blancos

ڕاکە مانگ، مانگ، مانگ
ئەگەر قەرەچەکان بێن
لە دڵت دروستدەکەن
ملوانکە و ئەنگوستیلەی سپی

لە ستانزای چوارەمدا :

Niño, déjame que baile.
(..)

منداڵ، لێمگەڕێ با سەما بکەم

لە ستانزای پێنجەمدا دیسان :

Huye luna, luna, luna,
Que ya siento sus caballos.
Niño, déjame, no pises
Mi blancor almidonado

راکە مانگ، مانگ، مانگ
کە من هەر ئێستا ئەسپەکانیان دەبیسم .
منداڵ، لێمگەڕێ، هەنگاو مەنێ
بۆ سەر سپیایی نیشاستەییم.

لە ستانزای حەوتەم :

El jinete se acercaba
tocando el tambor del llano.
Dentro de la fragua el niño
tiene los ojos cerrados.

سوار نیزیکدەبووەوە
بە لێدانی تەپڵی دەشت .
لە دووکانی ئاسنگەردا منداڵەکە
چاوەکانی نووقاندوون .

ستانزای هەشتەم " پەپوو"ی " شۆڕشی نائومێدی"ی هەردی وە بیری من دەهێنێتەوە :

Cómo canta la zumaya,

¡ay, cómo canta el árbol!

Por el cielo va la luna

Con un niño de la mano.

چۆن پەپوو دەخوێنێت

ئای، چۆن لەسەر ئەو دارە دەخوێنێت

مانگ بە ئاسماندا دەڕوات

و دەستی منداڵێکی گرتووە .

لۆرکا، زۆر وەک بەشی‌سێیەم و چوارەمی‌شینەکەی بۆ ئیگناثیۆ سانچێز ماخییاس(من وەرمگێرا-وە: هەڵبژاردەیەک لە مێژووی ئەدەبیاتی‌ئیسپانی)، لێرەشدا زۆر بە زەحمەت پێوەندیی وشەکانی بۆ داڕشتنی رستەیەکی کەمێک روونی لێ وەدەستدێت، زۆرتر وەک بروسکەی فیلمی‌سینەما-یی و دەنگی مووسیقای وشەکان موحیتێکی زۆر سامناک دروستدەکات : قەرەچەکان دێن، سەریان بەرز راگرتووە و چاویان نیوە قووچاو ...
تا لە دوا ستانزادا :

Dentro de la fragua lloran,

dando gritos, los gitanos.

El aire la vela vela.

El aire la está velando.

لە ناو دووکانی ئاسنگەردا هاوار دەکەن

هاواریانە، قەرەچەکان .

با چاوی لێیەتی، چاوی لییەتی

با هەر لە چاودێریدایە .

سالڤاذۆر ذالی و لۆرکا، سەردەمێک هەڤاڵ و عاشقی یەکتر بوون، ئەی چۆن بوو کە رووحی ئەو دووانە لێک جیابوونەوە ؟

من کە بلیمەتیی سالڤاذۆر ذالی و لۆرکا و سوریالیستانێکی دی سەرنجی راکێشاوم، ئەوانە وا هاتوونەتە بەرچاوم کە لە هەسارەیەکی ترەوە هاتبن بۆ سەر ئەم هەسارەیەی کە من لەسەری دەژیم و وەحشیگەرییەکی ئێجگار زۆری تێدا دەبینم، ئەو پرسیارەم بە بیردا هاتووە کە بۆچی لۆرکا لە تەمەنی ٣١ساڵیدا بیری لە خۆکوشتن کردووەتەوە و، سالڤاذۆر ذالیی هەڤاڵ وئەڤینداری نەک هەر خۆی نەکوشت، بگرە، لە پاڵ هەمان ئەو هونەرەیەوە کە لە هەسارەیەکی ترییەوە هێناوە، واز لە نێوانی ئەڤینداریی لەگەڵ لۆرکادا دەهێنێت، گادا خانمێکی سوریالیی زۆر سەیر دەهێنێت و تا کۆتایی ژیانی زۆر لە ژێر تەئسیریدا دەمێنێتەوە و، زۆر بە خەستی لەگەڵ واقیعی فەرهەنگی ئەم هەسارەیەدا دەگونجێت و، لە ژێر ئاڵای فرانکۆدا لە دنیادا زۆر بەناوبانگ دەبێت . ئەڤیندارێکی تری لۆرکا،" ئێمیلیۆ ئالاذرێن پێرۆخۆ"ی پەیکەرتاشیش کە لە ١٩٢٥ تا ١٩٢٧ عاشقی شێتوشەیدای لۆرکا بوو، نەک هەر وازی لە رووبەڕووبوونەوەی واقیعی فەرهەنگ هێنا، ئەویش چوو خانمێکی بە دڵیدنیا هێنا و، تەنانەت پەیکەری بۆ شەخسی فرانکۆ تاشی . بۆچی جیابوونەوەی لۆرکا لەو دوو هەڤاڵەی، بەوە دەگات کە لۆرکا بیەوێت خۆی بکوژێت، لە کاتێکدا کە دوو هەڤاڵەکەی نە دەیانەوێت خۆیانبکوژن و نەهیچ، کە هەرسێکیشیان - بە هونەریان- بە کەسانێکی هەمان یەک هەسارەی تر دێنە بەرچاوم ؟



لۆرکا و سالڤاذۆر ذالی



لۆرکا و پێرۆخۆ

هـەوڵم دا بە وردبـوونەوە لە بـەرهەمی ئـەو سـوریالیستانە، پتـریان لێ تێبگەم . سـیلڤاذۆر ذالی، دوای ئەوە کە لۆرکا ماوەیەک میوانی بووە و پێکەوە باسی چۆنێتیی دەرهێنانی فیلمێکی سوریا- لییان کـردووە، سـاڵی١٩٢٩( ئـەو ساڵەی کارەسـاتی لـۆرکا ) چووەتە پـاریس و لەگەڵ " لـویث بونوێل"ی فیلمسازی بلیمەتی ئیسپانی سەرقاڵی کاری فیلمێکی سوریالیی بێدەنگی ٢١ دەقیقەیی بوون : " سـەگی ئـاندالوسی" . " ئاندرێ بریتۆن"ی گورووی سوریالییەکانی ئەوسـا فیلمەکەی زۆر بە دڵ بووە و بونوێل بەهۆی ئەوەوە بووە بە ئەندامێکی گرنگی دەستەکە . هەرچەندە ناوی لۆرکا لە سەر فیلمەکە نیە، بەڵام بەوە کە پێشتر ذالی لەگەڵ لۆرکادا باسی ئەو فیلمەیکردووە و، بـەتـایبەتی بـەراوردێکی ئـەو فیلمە بە سـیناریۆی فیلمی " گەشت بۆ مانگ "ی نووسینی لۆرکا، هاوکاریی ئەو دووانە لە کاری فیلمدا زۆر بە بیردا دەهێنێت .




پۆستەری فیلمی "سەگی ئاندالوسی" لە پاریس- ١٩٢٩

وشەی" ئاندالوسی"یەکە بەتایبەتی بیری من بۆ ئەوە دەبات کە لە لۆرکاوە هاتبێت . لینکی فیلمی " گەشت بۆ مانگ "ی لـۆرکام بۆ وەدەست نـەهات، بـەڵام سیناریۆکەم دیت : سەمای ژمارەکان لەسـەر نوێنێکی سـپی، لە پەنا دیوارێکی بۆر، زۆربوونی ژمارەکان لە سەمادا تا وەک مێروولە هـەموو نوێنەکە دادەپـۆشـن ... هەمووی تەلیسمی زێدە رەمزی و سەیر و - لە من - ناڕوون، کە من وەڵامی هیچ پرسیارێکم لە بارەی جیاوازیی رەوشتی ئەوانە لەو کارانەیاندا نـابینمەوە، بـەڵام زۆر بە روونی دەزانم کە حـەتمەن ئەو مرۆڤانە لە مرۆڤبـووندا جیـاواز بوون، دەبێت رووحیان جیاواز بـووبێت . من وای دەبینم کە لـۆرکا لە ناو ئـەوانەدا بـریاری داوە هەر خـۆی وەک هەیە بمێنێتەوە و، پێرۆخۆ و ذالی و سوریالیستەکانی دی(یا بە هەر حاڵ زۆریان) خۆیان لەگەڵ دنیادا

لە ئوتوو داوە و، ئەوە لە هەستی تەنیایی خۆکوشتنی دوور خستوونەتەوە ، تەنانەت دوور نیە بە زوویی ئـەوەندە لەگەڵ فیرعەونی فەرهەنگی دنیادا گونجابن کە ئیتر هەر رێگەی هـەناسـەدانی هەستی تەنیاییان لای خۆیان نەدابێت .

مرۆڤ کە دێتە دنیا، وەک مەعدەنێکی تـواوەی کارخانەکان دەرژێتە قـالبانەوە، ئیدی بە شـکڵی قالبەکە دادەرێژرێت : دەبێت بە منداڵێکی سوێدی، منداڵێکی ئینگلیس، منداڵی شێخێکی عارەب، منداڵی جووتیارێکی کورد یا ئاغایەکیکورد، منداڵی سواڵکەرێکیشەقامەکانی دێلهی یا قاهیرە، منداڵی کۆڵبەرێکی کورد، کوری نازداری قازییەک، حـەمەدی مـەولوودێک، منداڵێک کە چەند ساڵێک دوای لەدایکبوونی پێیدەڵێن باوکت لەسەر سیاسـەت یا لەسەر شـەڕی ئاینی لە زیندانـە یا کوژراوە، فـەلەستینییەکە لە کامپێکی پـەنابەران لە وڵاتی دێرینی خۆیدا، منداڵی سـەربازێکی ئیسرائیلییە، منداڵێکە لە کامپێکی پـەنـابـەرانـە لە سۆمال، یا لە هـەتیوخـانەیەکی قـاهیرە گەورە دەبێت و دەیبـەن لاقی دەبـڕنـەوە و چـاوێکی دەردەهێنـن تاکوسـواڵی پێ بکەن ... ئیدی دەوری هەشـت ملیار مرۆڤ لە ژێر ئاڵای ئەوەندە دەوڵەتدا بە ئەو هەمووە قالبە دادەرێژرێت ... ئەوجا دەبێت هەمووکەسێک رێز لە فەرهەنگ بگرێت، ئەوە فەرهەنگی مرۆڤە!

سانسۆریفەرهەنگ لە دەستی کێدایە ؟ هەموو سانسۆرێک لە دەستیدەسەڵاتداردایە، سانسۆری فەرهەنگی ژنی ئـەفغانستان لە دەستی پیـاودایە، فەرهەنگی منداڵ لە دەستی مرۆڤی گەورەدایە، کە هەمووی بە تەبیعەتیحاڵ بەشیکە لە وەحشیگەریی ژیانیمرۆڤەکانی سەر هەسارەیزەوی .

سـانسـۆرکـردنی دەربـڕینی حـەقیقەتی رووحی مـرۆڤەکان یـانی چی ؟ مەگەر دەبێت لە ئـاست دۆزەخی چەوساوەکان و کارەساتی رق و کینە و ئەوەندە- یونانی گوتەنی- دەردەکانی سندووقی پاندۆرای مرۆڤ بێ هەڵوێست بین ؟ لەوەش پتر : خۆمان لەگەڵ ویستی غەیری خۆمان، کە بە نـاحـەقی ببینین لە ئوتوو بدەین ؟ رووحی لۆرکا نـەیویست وا بکات، بۆ دنیای" خـۆ"ی دەگەڕا لە دنیایەکی دیکەدا و نەیدەدیتەوە .

نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانێکی وەک لۆرکا و سالڤادۆر دالی، یەک لەیەک بـەتواناتر، بە چاوی تیژتر سەیری سەرووی واقیعی ژیانیان دەکرد و، دەچوونە دنیای خەونی مرۆڤەوە .

من کە یـەکـەمجـار تـابلۆی " زەرافـەکان"ی " دالی"یم دیت کە گڕی ئـاگر لە ملی زەرافـەکان

هـەڵدەستا، گوتم ئەوە ئیدی خـەونە، وەک ئەوەیە بە کامیرای تەلەڤزیۆن لە خەونەکەیەوە ئەوەی دەیبینێت پیشانی ئێمەشی بدات . لۆرکای شاعیر و شانۆگەریش، لە خەونی خۆیدا دەژیا .
لۆرکا کەم ژیا بـەڵام ژیانی خۆی ژیا و، رێگەی نەدا دنیایەک کە ئەو هەڵینەبژاردبوو، فەرهەـ نگێکی وەک دەستێک کۆت و شاڵواری ئامادە دەبەر بکات و تێدا لە قالب بدات .
لـۆرکا، خـەڵکی مەڵبـەندی کـۆرذۆڤا ( قرطبة )ی ئـاندالوسیای هـەرە بـاشووری ئیسـپانیا بـوو، کۆرذۆڤا بە هەموو سامانی میراتی رۆمانی وعارەبی و ئامازیغی و بـەتایبەتی قەرەچیدا لە دڵیدا بوو . لـۆرکا قـەرەچی بە مامۆستای فـەرهەنگی خـۆی دەدیت، قـەرەچی کە هیچ سـنوورێـک و هیچ شـەڕێکی نـەتـەوایـەتی و چینایەتییان لەسەر زەوی قەبووڵ نـەبوو و، دینەکەیان لە سەمای دەست و پێ و لە گیتاریاندا بوو .
لـۆرکا و ذالـی و هـەڤاڵانیان، بۆ دیتـن، چـاوی هـونـەری دیتنـی سـەرووی واقیعـیان هـەبوو و، سەرەتا مەستی ژیان بوون بە ئەو پێوانانەی خۆیان دەیاندیت، بەڵام کاتێک دەبوو هەڵوێستیشیان لە ئاست دەرەوەی هەسارەی دیتنی هونەری خۆیاندا هەبوایە، لۆرکا تـەنیا مایەوە و ئـەوانی دی کشانەوە. ئەوانە کاتێک پێکەوە بوون، حەتمەن هەڵوێستیان لە ژیان، کۆمەڵگە، رژیمی سیاسی، دۆگماکان و، خـەونی دنیای خـەیاڵیان بۆ یـەکتر بـاسکردووە . کاتێک پێـرۆخۆ و، ئەوجا ذالـی بـەدوویدا لە ئـەڤینی لـۆرکا دوورکەوتوونەتەوە، دوورکەوتنەوەکە - وەک دوایی دەرکەوت- کە دوور کەوتنەوەی هـەڵوێست و پـرەنسیپ بـووە، نـەک هـەر لەش، هـەر دەبێت ئـەوەش بووبێت وەها لە ورەی لۆرکای دابێت کە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە .
خەونی ژیانی هەسارەیەکیتر لۆرکای لەگەڵ خۆی برد و، ئەوەندە ساڵ دوای ئارامیی رووحی نائارامی، لە رووحی نەتەوەکەی و رووحە جوانەکانی دنیادا زیندوو مایەوە .

رووباری گواذالکیڤیر
بە دار پرتەقاڵان و دار زەیتووناندا دەڕوات .
دوو رووبارەکەی گراناذا
لە بەفرەوە دێن و دەڕژێنە مەزرای گەنمەوە .

وای، ئەڤین
کە رۆیشت و نەهاتەوە!

رووباری گواذالکیڤیر
ریشی یاقووتیی هەن .
دوو رووباری گراناذا
یەکیان دەگریت و ئەوەکەی دی خوێن دەڕژێت .

وای، ئەڤین!
کە بە بادا چوو!

بۆ کەشتییە بە بادەوانەکان
سێڤیا رێگەیەکی هەیە؛
بە ئاوی گراناذادا
کە تێدا تەنیا ئاخ و داخ سەوڵ لێدەدەن .

وای، ئەڤین
کە رۆیشت و نەهاتەوە!

گواذالکیفیر، برجی بەرز
و با لە باغە پڕتەقاڵان،
داورۆ و خێنیل، برجی قەڵایانی
مردوو لەسەر گۆلاوان

وای، ئەڤین!
کە بە بادا چوو!

کێ دەڵێت کە ئاو دەهێنێت
ئاگری هاوارانی بێهوودە!

وای، ئەڤین!
کە رۆیشت و نەهاتەوە!

دە گوڵە پڕتەقاڵ بەرە، زەیتوون ببە
ئاندالوسیا، بۆ دەریاکانت

وای، ئەڤین
کە بە بادا چوو!

{ ئەوەی من لێرەدا کردوومە بە ئاگری هاوارانی بێهوودە، بە ئیسپانییەکەی : un fuego fatuo de gritos، بە ئینگلیسی دەبێت بە : a will-o'-the-wisp of screams مەبەست رووناکیی ئاگرێکی ئەفسانەییە کە رێبوارانێکی شەو هەبوون گوتوویانە لە تاریکایی شەواندا، بەتایبەتی کە بەلای گۆلاو و زۆنگاواندا رۆیشتوون دیتوویانە و، بە هیوایەکەوە روویان تێکردووە و دەرکەوتووە کە هیچ نەبووە، شتێکی وەک ئاوی تراویلکەی رۆژ بووە . رووباری"داورۆ" یا داررۆ بە ناو شاریگراناذادا دەڕوات و دەرژێتە رووباری " خێنیل "، کە ئەویش دەڕژێتە رووباری" گواذالکیڤیر"، گەورەترین رووباری

" ئاندالوسییا"ی ئیسپانیا . پێش فەتحی ئیسلامی ناوە لاتینەکەی" بایێتیس Baetis " بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا بووە بە" الوادي الكبير" و، ئیسپانی ئەمەی وەرگرتووە و کردووە بە گواذالکڤیر}.

ئیسپانییەکە :

Baladilla de los tres ríos - Federico García Lorca

El río Guadalquivir
va entre naranjos y olivos.
Los dos ríos de Granada
bajan de la nieve al trigo.

¡Ay, amor
que se fue y no vino!

El río Guadalquivir
tiene las barbas granates.
Los dos ríos de Granada
uno llanto y otro sangre.

¡Ay, amor
que se fue por el aire!

Para los barcos de vela,
Sevilla tiene un camino;
por el agua de Granada
sólo reman los suspiros.

¡Ay, amor
que se fue y no vino!

Guadalquivir, alta torre
y viento en los naranjales.
Dauro y Genil, torrecillas
muertas sobre los estanques,

¡Ay, amor
que se fue por el aire!

¡Quién dirá que el agua lleva
un fuego fatuo de gritos!

¡Ay, amor
que se fue y no vino!

Lleva azahar, lleva olivas,
Andalucía, a tus mares.

¡Ay, amor
que se fue por el aire!

بووه شەفەق
لە باغی پرتەقاڵان
هەنگی زێڕین
لە هەنگوین دەگەڕان .

دەبێت لە کوێ بێت
هەنگوین ؟

لە گوڵی شیندایە،
ئیزابێل .
لە گوڵی
ئەو نەعنا کێویلەیەدا .

( کورسیی زێر
بۆ مۆرییەکە .
کورسیی رستی رەنگاوڕەنگ
بۆ ژنەکەی .)

بووه شەفەق
لە باغی پرتەقاڵان .

{ ئیزابێل خانم پادشای ئیسپانی لەگەڵ فێردینادی مێردیدا ( کۆپادشای کاستیلیا و ئاراگۆن )، دوا " مۆری"ی لە ئیسپانیا دەرکرد . مۆری = مۆریسک = مۆریتانی = عارەب و ئامازیغیی کە ئیسپانیایان گرت و حوکمکرد .

هەموو باكووری ئافریقا سەردەمێک لای ئیسپانییەکان هەر بە"مۆریتانیا" ناسراوە، ئیتر کە عارەب و ئامازیغی لە باکووری ئافریقاوە پــەڕینەوە بۆ ئیسپانیا، ئەوانیش هەر بە مۆریسک = مۆریتانی ناوبران، وەک بە نموونە : لە دۆنکیخۆتێ (دۆنکیشۆت)ی ثێرڤانتێسدا دەیبینین} .

ئیسپانییەکە :

## Cancioncilla sevillana - Federico García Lorca

Amanecía
en el naranjel.
Abejitas de oro
buscaban la miel.

¿Dónde estará la miel?

Está en la flor azul,
Isabel.
En la flor,
del romero aquel.

(Sillita de oro
para el moro.
Silla de oropel
para su mujer).

Amanecía
en el naranjel.

لە سەر مانگی رەشی
چەتەکان
ئاوزەنگییەکان گۆرانی دەڵێن .

ئەسپە بچکۆلە رەشە
سوارە مردووەکەت بۆ کوێ دەبەیت ؟

... ئاوزەنگییە رەقەکانی
چەتەی کە نابزوێت
و جڵەوی لە دەست داوە .

ئەسپە بچکۆلە ساردە
ئەوە چ بۆنی عەتری گوڵی چەقۆیە!

لەسەر مانگی رەش
خوێنی لێدێت قەدپاڵی
چیاکانی مۆرێنا .

ئەسپە بچکۆلە رەشە
سوارە مردووەکەت بۆ کوێ دەبەیت ؟

شەو ئاوزەنگی دەدا
لە ئەملا و ئەولا رەشەکانی

ئەستێرەکان داکوتراون .

ئەسپە بچکۆلە ساردە
ئەوە چ بۆنی عەتری گوڵی چەقۆیە!

لە سەر مانگی رەش
هاوارێک! و شەیپوور
بە درێژایی ئاگری کراوە .

ئەسپە بچکۆلە رەشە
سوارە مردووەکەت بۆ کوێ دەبەیت ؟

{ لە گۆرانییانی ئاندالوسی ( گۆرانیی١٩٢١-١٩٢٤) }

ئیسپانییەکە :

Canción del Jinete, 1860 - Federico García Lorca

En la luna negra
de los bandoleros,
cantan las espuelas.

Caballito negro.
¿Dónde llevas tu jinete muerto?

...Las duras espuelas
del bandido inmóvil
que perdió las riendas.

Caballito frío.
¡Qué perfume de flor de cuchillo!

En la luna negra
sangraba el costado
de Sierra Morena.

Caballito negro.
¿Dónde llevas tu jinete muerto?

La noche espolea
sus negros ijares
clavándose estrellas.

Caballito frió.
¡Qué perfume de flor de cuchillo!

En la luna negra,

¡un grito! y el cuerno
largo de la hoguera.

Caballito negro.
¿Dónde llevas tu jinete muerto?

{Canciones Andaluzas ( Canciones 1921-1924)}

## كۆرذۆڤا - فێدەریکۆ گارثیيا لۆركا

كۆرذۆڤا.
دوور و تەنیا.

ئەسپی بچووکی رەش، مانگی گەورە
و زەیتوون دە خورجێنمدا.
هەرچەندە رێگاکانیش شارەزا بم
بەڵام قەت ناگەمە کۆرذۆڤا.

بە دەشتدا، بە بادا
ئەسپی بچووکی رەش، مانگی سوور.
مەرگ سەیرم دەکات
لە برجەکانی کۆرذۆڤاوە.

وای، رێگا چ دوورە!
ئەسپە ئازاکەم!
وای کە مەرگ دەبێت ئێستا چاوەڕێم بکات
پێش ئەوە کە بگەمە کۆرذۆڤا.

كۆرذۆڤا.
دوور و تەنیا.



Córdoba.
Lejana y sola.

Jaca negra, luna grande,
y aceitunas en mi alforja.
Aunque sepa los caminos
yo nunca llegaré a Córdoba.


Por el llano, por el viento,
jaca negra, luna roja.
La muerte me está mirando
desde las torres de Córdoba.

¡Ay que camino tan largo!
¡Ay mi jaca valerosa!
¡Ay que la muerte me espera,
antes de llegar a Córdoba!

Córdoba.
Lejana y sola.

**شیعری ٢٠ :**

**ئەمشەو دەتوانم خەمبارترین دێڕی شیعران بنووسم - پاڤلۆ نێروودا**


Con la voz de
Alex Ubago

Pablo Neruda

Poema 20

PUEDO escribir los versos más tristes esta noche.
Escribir, por ejemplo: " La noche está estrellada,
y tiritan, azules, los astros, a lo lejos".

El viento de la noche gira en el cielo y canta.

Puedo escribir los versos más tristes esta noche.
Yo la quise, y a veces ella también me quiso.

En las noches como ésta la tuve entre mis brazos.
La besé tantas veces bajo el cielo infinito.

Ella me quiso, a veces yo también la quería.
Cómo no haber amado sus grandes ojos fijos.

Puedo escribir los versos más tristes esta noche.
Pensar que no la tengo. Sentir que la he perdido.

Oír la noche inmensa, más inmensa sin ella.
Y el verso cae al alma como pasto el rocío.

Qué importa que mi amor no pudiera guardarla.
La noche está estrellada y ella no está conmigo.

Eso es todo. A lo lejos alguien canta. A lo lejos.
Mi alma no se contenta con haberla perdido.

Como para acercarla mi mirada la busca.
Mi corazón la busca, y ella no está conmigo.

La misma noche que hace blanquear los mismos árboles.
Nosotros, los de entonces, ya no somos los mismos.

Ya no la quiero, es cierto, pero cuánto la quise.
Mi voz buscaba el viento para tocar su oído.

De otro. Será de otro. Como antes de mis besos.
Su voz, su cuerpo claro. Sus ojos infinitos.

Ya no la quiero, es cierto, pero tal vez la quiero.
Es tan corto el amor, y es tan largo el olvido.

Porque en noches como ésta la tuve entre mis brazos,
mi alma no se contenta con haberla perdido.

Aunque éste sea el último dolor que ella me causa,
y éstos sean los últimos versos que yo le escribo.

ئەمشەو دەتوانم خەمبارترین دێڕی شیعران بنووسم .

بڵێین، بنووسم : شەو پڕ ئەستێرەیە

و، ئەستێرەکان شین و لە دوورەوە دەبریسکێنەوە،

بای شەو بە ئاسماندا دەسووڕێتەوە و گۆرانی دەڵێت .

ئەمشەو دەتوانم خەمبارترین دێڕی شیعران بنووسم .

من ئەوم خۆشویست، ئەویش هێندێکجار منی خۆشویست .

لە شەوانێکی وەک ئەمەدا دە باوەشم گرت

لە ژێر ئاسمانی بێسنووردا ئەوەندە ماچم کرد .

ئەو منی خۆشویست، منیش هێندێکجار ئەوم خۆشویست .

چۆن دەکرا ئەو چاوە گەورە مەنگانەم خۆشنەویستایە ؟

ئەمشەو دەتوانم خەمبارترین دێڕی شیعران بنووسم .

کە بیربکەمەوە ئەوم نیە، کە پێم وا بێت لە دەستم داوە،

شەوی بێئەندازە هەراو ببیسم، کە بێ ئەو بێئەندازەتریشە،

وشە وەک شەونمی سەر مێرگان بەسەر رووحدا دەکەون .

جا چییە کە ئەڤینم نەیتوانی خۆبگرێت .

شەو پڕ لە ئەستێرەیە و ئەوم لەگەڵ نیە .

ئیدی ئەوە هەموویەتی . لە دوورەوە کەسێک گۆرانی دەڵێت، لە دوورەوە .

رووحم قەبووڵی ناکات بڵێم لە دەستم داوە .

چاوم وا بۆی دەگەڕێت وەک بیەوێت نیزیکی بکاتەوە .

دڵم بۆی دەگەڕێت و، ئەو لەگەڵم نیە .

هەمان شەو هەمان داران سپیدەکاتەوە .

ئێمەی ئەوسا، ئیتر وا نەماوین .

من چیتر ئەوم خۆشناوێت، حەتمەن نا، بەڵام چەندم خۆشویست .

دەنگم ویستی با ببینێتەوە تا بە بیستنی بگات

هی یەکی تر . هی یەکی تر دەبێت . ماچەکانی، هەر وەک پێشتر هی من بوو

دەنگی، لەشی بێگەردی . چاوی بێسنووری

من چیتر خۆشم ناوێت، حەتمەن نا، بەڵام لەوانەشە خۆشمبوێت .

ئەڤین ئەوەندە کورتە و لەبیرچوونەوە ئەوەندە درێژ .

چونکە من شەوانێکی وەک ئەمە دە باوەشم گرتبوو

رووحم قەبووڵی ناکات بڵێم لە دەستم داوە .

هەرچەندە ئەمە دوا ئێشێکیش بێت کە پێیگەیاندووم

و ئەمەش دوا دێرە شیعرم بن کە بۆی دەنووسم .

---

تێبینییەکی پێویست :

من، پێشتر، وەرگێرانی ئەم شیعرەی٢٠ی " نێروودا"م لە " هەڵبژاردەیەک لە مێژووی ئەدەبیاتی ئیسپانی"دا بڵاوکردەوە، بەڵام ئەو وەرگێرانەم ناتەواو بوو، دوا پێنج دێرەکەی تێدا نەبوو و، لە تایپکردنیشدا هەڵەم کردبوو : دێرێکم دووپاتکردبووەوە و یەکی ترم پەراندبوو . بۆ ئەوە، زۆر تکای لێبوردن دەکەم .


لێرەدا هەم هەڵەکەی تایپم راستکردووەتەوە و هەم دوا پێنج دێرەکەشم وەرگێراوە .

ئێستا ئەمەی ئێرە تەواوە .

بۆ راستکردنەوەی هەڵەی چاپ، وێرای تکای لێبوردن، تکایە ئەم هەڵەیەش راستبکرێتەوە : لە " مەڵۆیەک لە خەرمانی ئەدەبیات ٢"دا، لاپەرە ١٢٥، دێری ٧، نووسراوە : ١٥٩٥( و تا ١٨٠٦)، ئەوە هەڵەی چاپە، راستەکە : ١٧٩٥(و تا ١٨٠٦) .

---

## شكور خەيات (١٩٤٠-٢٠٢٣)



" لۆركا "ی ئیسپانی، ئەگەر قەتار و ئەڵلاوەیسیی" شکور خەیات "ی بیستبا، رەنگە سوێندی بخواردایە کە ئەوە هەمان " ئێل ذوێندێ el duende "ی " فلامینکۆ"ی ئاندالوسییای باشووری ئیسپانیایە .

لۆرکا، گوتارێکی لەسەر " ئێل ذوێندێ " هەیە کە وەرگێردراوەتە سەر چەند زمانان و زۆر سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی راکێشاوە . باسی ئەو دۆخە رووحییەی گۆرانیبێژ یا سەماکار یا ئەو دووانە وێکڕا، یا لە خوێندنەوەی شیعردا، یا هەر رۆچوونێکی قووڵی وەهادا دەکات کە وەک " **سووتاندنی خوێن بە پارچە شووشەی شکاو**"ە! : گۆرانیبێژ دەست دەخاتە بناگوێیەوە و دە دنیایەکی جەزبەی دەروێشیی رۆژ هەڵات رۆدەچێت و سەماکارێک لە بەردەمی بە سەما دەچێتە دنیایەوە . فلامینکۆ رووحی گەرمی هیندستان و ئامازیغی وعارەب و قەرەچی وڵاتانی گەرمی هێناوەتە پاڵ هەرە باکووری ساردی کاستیلیایئیسپانیا، هەر وەک شۆکۆلایەکی گەرم بەسەر بەستەنیدا بکرێت و تامێک بداتە رووح کە لەسەرووی تواناى وەخۆگرتنی هەندەسە و رێوشوێن و روونکردنەوە و قانوون و ئوسووڵێک بێت : سووتانێکی خوێن کە گۆرانیبێژ یا سەماکار یا شاعیر یا ئەوەی شەڕی گا دەکات بەسەری دێت .

## سۆفۆنیسبا ئانگویسسۆلا




ئەم خانمە،"سۆفۆنیسبا ئانگویسسۆلا"ی ئیتالی، یەکێک لە هونەرمەندانی گەورەی سەدەی‌شازدەی کێشانی تابلۆ بووە . بە هۆی ئەوە کە خانمێک بووە، کۆسپی زۆری هاتوونەتە سەر رێگای ژیانی هونەری، تەنانەت خوێندنەکەشی . هەرچەندە" میکێل ئانجیلۆ"ی زۆر بەناوبانگ گوتوویە زۆری پێ باش بووە، بەڵام دیسا هەر رێگای ئەوەی نەدراوە لەگەڵ پیاواندا هاوکلاسی خوێندن بێت و، ئەوسا نەشکراوە فێری ئاناتۆمی لەشی مرۆڤ بێت( کە پیاوێک رووت بووەتەوە و شەرحی بۆ خوێندکارانی رەسم و پەیکەرتاشی لەسەر کراوە) .

پادشای ئیسپانیا " فیلیپ-ی دووەم " ویستوویە " ئالیزابێث"ی کچی پادشای فەرەنسا بۆ کوڕەکەی خۆی ( دۆن کارلۆس) بهێنێت، بەڵام ... بەهەرحاڵ لەدواییدا کچەکەی بۆ خۆی پێ باشتر بووە! ئیدی پادشای تەمەن ٣٢ ساڵ بووکی چاردەساڵەی بۆ خۆی گواستووەتەوە . کوڕی تەمەن چاردە ساڵیش لە پەنایان سەیریان دەکات و خەڵکیش قسە دەکەن! هەر خەڵک ؟ ئەو هەمووە پارچە مووسیقا و ئۆپێرا و شیعر و رۆمان و چیرۆک و زەنایە لە مێژووی چەند سەدەی لەوساوەی ئەورووپادا : "دۆن کارلۆس"ی شیلەر، ڤێردی، ئانتۆنیۆ بوزۆلا و ... ئیدی، هەموویان بە خەیاڵ باسی‌پێوەندیی" بوێرانە"ی دوو جەوانی چاردە ساڵ دەکەن . ئەوەش کە پادشا کوڕەکەی خستووە-تە زیندانەوە، ئەوەندەی دی ئاگری قسەی شۆفارانی خۆش کردووە، گوایا کوڕەکەی لەگەڵ

باوەژنیدا لە وەزعێكی ناشەرعیدا دیتوون .

ئـالیـزابێـث ( بە ئیسپانییەكەی : ئیـزابێل)-ی شـاژن، حـەزی لە هـونـەر و بـەتـایبەتی تـابلۆی ئـەو سـۆفـۆنیسبا خانمە كردووە . ئیدی هونەرمەند چووەتە خزمەتی و بووە بە بەشێک لە ماڵ و ژیانی و تا كـۆتایی ژیـانی شـاژن ( كە لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا مردووە) هەر لای بووە و دەرسی هونەری داوەتێ و دەڵێن یـەكتـریان زۆر خۆشویستووە و، بووە بە تـابلۆكێشی رەسـمیی دەربـاری پـادشای ئیسپانیا .

كاتێک شاژن مرد، سۆفۆنیسبا خانم(بە شێوەیەک كە فیلیپ بۆیرێكخست) مێردی بە نەجیبزادە-یەكی سیسیلی كرد . كە مێردەكەی مرد لە گەشتێكیدا لەسەر كەشتییەک عاشقی كاپیتانیكەشتییەكە بوو و مێردی پێكرد و، دوای ئـەوەش تا كـۆتایی ژیانی( ٩٣ساڵ) تـابلـۆی كێشاون . لە دوا ساڵی ژیانیدا، " ئانتۆنی فاندێیک"( یەكێک لە گەورەترین هونەرمەندانی بەلجیكیی تابلۆكێشان) سەری لێ داوە و، رەسمێكی كێشاوە و، گوتوویە كە حەواسی زۆر باش و لەسەرحاڵ بووە .

سـۆفـۆنیسبا خانم لە كرێمۆنای لۆمباردیی باكووری ئیتالیا لەدایک بووە . ساڵی ١٦٢٥ لە سیسیلی مردووە و نێژراوە .

# *Hêndêk Gutar u Şîir*

*Şêrko Hejar*

*2024*

